# DLANPAR


ده‌نگی كۆمیته‌ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی كوردستان

ژماره 4 خولی چواره‌م 1994.12.25








2

هەڵبژاردە لە بەرهەمی هونەرمەندی کورد فوئاد عەلی

پشکیری- تیپی زورناژەنان ، لە برونز دارێژراو .
وێنەی بەرکییەکەم : لەیلا زانا ، شۆڕەژن و وڵاتپارێزی زیندانیکراو لە تورکیا .
وێنەی بەرکیدووەم : لەیلا قاسم ، کچە شۆڕشگێڕی کورد ، لە ساڵی ١٩٧٤ بەدەستی ڕژێمی گەندەڵی بەعس هەڵواسرا ، هەڵکرتنەوەی هێلکێشی لە ڕووی فۆتۆگرافەوە .

DLANPAR

دلانپار

ده نگی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان



ناونیشان KAPNK. P.O.BOX 533.00101HELSINKI.FINLAND

بانکگیرۆ 800024 - 12855719 PSP - HELSINKI. FINLAND

فاکس

ته له فۆن - 30 80 45 HELSINK. FINLAND


## له م ژمـــــاره یه دا


0 - ژەقنی سەریسالّ ............................ شیعر / ه. ئەکرەم

1 ـ رایگشتی جیهانی و کوردی لە گشتی شوێنێ ........................ کۆمیتەی مافیمرۆڤ

3 - بێحیکمەتە ئەو میللەتە نەبوە بەهیچ ؟ ............................ سیروان

4 - لێکۆڵینەوەیەکی گشتی لە بنچینە هزریەکان ........................ باوکی‌کالێ

9 - سۆسیالیزم لەقەیرانەوە بۆ قەیران یا لە ئەگەری ........................ م. کاوانی

11 – لێکۆڵینەوەیەك لە مێژوی کوردو کوردستان ........................ م.رێبوار

14 - کوردستان نیشتمان و گەلێکی بێدەوڵەت ........................ جەواد مەلا / و / شێرکۆکۆیی

17 – هەیاسە لە ئەروستان چیاسە ؟ ........................ بەرسیقی هەیاسی‌خاس

18 - بیر ی دوای کاردسات لە هی پێش کارەسات بەهێزترە........................ نامە / بابەگورگور

20 – خوێندنەوەی ئەزمونی شکست لە شیعری ........................ عەتا قەرەداغی
( پەریزاد و گوڵەکەی دوژمنی ) شێرکۆ بێکەسدا

30 – بۆ مەرگی دایــــکم ........................ حاجی مەمۆ

31 – ئامیری بـاڵە بـان ........................ وریا ئەحمەد

34 - گۆرانی و هەڵپەرکێی فۆلکلۆری کوردی ........................ رالف.س.سولیکی / و / ر.جەلال

36 – چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هونەرمەند وریا ئەحمەد / زاهیرعەبدوڵا / ئامادەکردنی بۆ دلانپار / هەرێم کاوە بارام

40 - جواناسی ........................ بێنێدتۆ کرۆتشە / و / سەربەست خەسرو عارف

44 – هەژانی تەنیایی شەوانی کرێسمس ........................ شیعر / م. بەرزنجی

43 - رەخنەی هونەری ........................ گیرۆمی ستۆلێنتز / و / رەهبەر جەلال

48 – داشـقە ........................ ئەنوەری رەشی عەوڵا

* پەراوێزی دلانـــپار / چرپە ........................ کاکە باس


## ئـــــاگــــاداری

نامه کانتان له سه ر خواستی خۆتان بڵاوده کرێته وه. مه رجنییه ئه وه ی بڵاوده کرێته وه ده گه ڵ بیرو باوه ری ئێمه دا بگونجێ . ده قنامه ونوسینه کانتان نانێردرێنه وه. له رویه کی لاپه ره بنوسن ده قی فۆتۆکۆپیکمراومان بۆمه نێرن . به باشتان زانی ره چاوی رێنوسی گۆڤاره که بکه ن . ناو و ناونیشانه کان به رێکو پێکی بنوسنه وه . خوێنه ران له به رهه می به پێز بێبه ش مه که ن .


گۆڤاوه رزی کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستانه . به سه رپه رشی لیژنه ی بڵاوکردنه وه

ر.مامه ش . ر.محێدین . ئـ .مسته فا. ه.ئه کره م


### خوێنه رانی خۆشه ویست

له ساته وه ختی ماڵئاوایی ئه م ساڵ و پێشوازی ساڵی نوێی ١٩٩٥ ، هیواو ئاواتی زۆر وررووژم دێننه سه ر هۆشی مرۆڤ و ده یخه نه گێژه نی بیرکردنه وه و خه ون بینین ، ئێمه ی هاووڵاتیانی کوردستانیش که له به شێکی زۆری ئه وه ی که پێیده وترێ کامه رانی و به خته وه ری بێبه شین ، تا ئاستی مێشك گوشین ، تاوتینی بیرکردنه وه هۆشمان گه مارۆده دا . ئێمه ی بێبه ش له هه مو شتێك که شایسته ی مرۆڤه ، ئێمه ی بێبه ری له خۆشي و به خته وه ری ده بێ هیواو ئاواته کانیشمان به هێنده ی قه واره ی بێبه شیمان بێ ، خه ونه کانیشمان به هێنده ی فراوانی وڵاته ژێرده سته ، داگیرکراو ، دابه شـــکراو پێشێل کراوه که مان بێت ، به ڵام له وڵاتێکی بێسنوری وه ك کوردستان خه م و هیواو ئاوات و خه ونه کانیش ئه و قه واره و فراوانیه تێده په رێنن و جیهانێك ده گرنه خۆ که رۆژێك بێت بتوانی له گه ڵ خۆیی و ئامانجه کانیدا راستگۆبێ . که واته راستگۆیی سه ره تاو کۆتاییه ، یه ك له و راستیانه ی که پێویسته ئێمه دانی پێدا بێنین ئه مه یه : هه رچه نده خه ون و ئاواته کانمان گه وره و فراوان بن به بێ پلانه کردن و نه خشه دانان ئه سته مه بگه ینه هه ره ساکاره کانیان . که واته به هیواین ساڵی نوێ ساڵی به پراکتیك دابه زاندنی پلانی ئاواته هه میشه ییه کانمان بێ رزگارینیشتمانی و دیمۆکراسی !

ل . ب . دلانـــپار



هـ . ئه كرەم

# ژەقنی سەریساڵ

سەری هەر حیزبیٚ
لەحیزبەشۆڕشگێڕو ،دیمكرات و
خواپەرستوپێشكەوتووخوازەكانیكوردستان
هەر یەك لە ژوریٚ
لەگەڵ شەیتان
كەوتنەوتوێژ !

- شەیتانی مەزن !
واسەریساڵە
لە هەموو جیهان
بابانۆئیلی ریش سپی و درێژ
موژدە و دیاری دەدا بە هەموان
ئەی ئێمە چیبكەین ؟
چی بكەینە دیاری
بۆ هاوولاتیانمان ؟

- شەیتان ، بێزار بوو
تورە و نیگەران

- ئەز هەموو رۆژیٚ
پێم ناكریٚ ئەو رێگە دوورە ببرم
بگەمە لاتان ،
پرسیاری ئێوەش ، هەر یەك پرسیارەو
نایەتە گۆڕان !؟
چەند هەزار جارە من پێتان دەڵێم :
بەرنامەی حیزبی گەمژە و گێژو وێژ
لەگەڵ دوژمندا
لەگەڵ یەكدیدا
دوو مانگ برا كوژی
مانگیوتوێژ!!
-یەكە یەكە دەستی بەسەریان داهێنا
وتی:
لەوەتەی سەردەمی ئادەم و حەوا
زۆرزانی وەك ئێوە نەهاتۆتە دنیا
لە خودی خۆم زۆر شەیتان ترن !!

پێتاوی بە من بكەن پرس و ڕا
ماندووم مەكەن ، بەسیەتی توخوا !!

-هەر سەركردەو نەختی بۆیداما .....
بیریكردەوە ،شەیتان
راستدەكا ، هەر ئەو راستدەكا
ئێمە لەسایەی كاری نارەوا
رویشەیتانمان سپی كردۆتەوە
بۆچی بەناحەق كاتی لەكیسدەین
بۆ ماندوی بكەین لە هیچ و خۆڕا ؟
مانگیٚ زیاتر واتێپەڕیوە بەسەر وتوێژ
كەواتە ئیتر كاتی خۆیەتی پیاو فرمان بدا
(هەر كەس لە جێی خۆیەوە فیتەكی لێدا
بە چاوچوقانێك سەد بەچكە شەیتانی
لە دەورە ئالا
هەرسەركردە و ئحمێكی بۆ كرد
ئەو جا بۆی هەڵسا )**و**
فرمانیوادا :

-ئێمە پیاوین!
ئێمە سەركردەین!
بێكەمو كوڕی و ، بیٚ درۆ و دەلەسەین !
كەس نەڵیٚ رەنجی كوردتان بە بادا
ئەوەی دڵسۆزە لە گەڵمان هاواركا
بژی برا كوژی !
بژی وتوێژ !
بژی گوێدرێژ!
پیاو ئەو پیاوەیە
هەتاكو مردن ، ئەو رێگەی گرتی
قەت لێی لانەدا
موژدەی سەریساڵ بۆ كوردی هەژار
شەری براكوژی
وا بڕیارمان دا !

-ڕژانە كۆلان
زڕە بەچكە شەیتان
بە هاتو هاوار ، بە هەراو هۆریا
جاڕیان دا ،
-دیسا بەدەستی براخوێنی برا ڕژا !
ئەوجا سەركردە قارەمانەكان
پیاڵەی ژەقنی سەریساڵیان
لە شادی كوردو كوردستان
هەڵدا !!

هەواڵنامەی

### رای گشتی جیهانی و کوردی لــــه گشت شوێنێ

# لەباکوری خۆراوای کوردستان دیماهی بەجەنگی ژینۆسید بێنن !

لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا تـــــا رۆژی ئەمڕۆمان، رامیاریەکی شۆڤینی بەرنامەکراو ، نەخشەکێشراو بەئامانجی بنەبڕکردنی نــــەتــــەوەی کوردو کوێرکردنەوەی تــەواوی شوێنەواری ژیاری و مرۆڤایەتی ، بە هەمان ئەو رێبازەی کە سێ ملیۆن ئەرمەنی لە ساڵی 1915 پێلەناودرا لە کەرِدایە . لە کوشتارگەی دیاربەکرو ئـــارارات و دەرسیم و تاوانەکانی ئەم دواییەی جەنگی بەربەری لەوەتەی جارِدانی خەباتی چەکداری لـــە ساڵی 1984 لەلایەن پارتیا کارکەرێن کوردستان دژی داگیرکارە تورکەکان . بەدرێژایی چـــــەند مانگی دوایی هۆیەکانی بڵاوکردنەوە ، بیستراو دیتراو نوسراو، راپۆرت و وێـــنــە و وتـــاری وایان پەخشکرد تەوێل شەرمەزار دەکات لەبەرابەر شێوازی هۆڤییەتی لەشـکری تورکان لـــــە کوردســـــتانی داگیرکەدا .

لەپەنا بیانوی راونانی هێزەکانی پارتیا کارکەرێن کوردستان ، لەشکری تورك لە تەواوی ناوچەکانی کوردستانی داگیرکراودا بەبێجیاوازی رامیاری خاکیسوتێنراو و بەکۆمەڵکوشتن پەیرِەودەکات ، بـــە کوێرەی ئەو راپۆرتانەی کەیشتونەتە بنکەی بەڵگەنامەیی کۆمیتەی بـــــــەرگری لـــــە مافیمرۆڤی کوردستان ، دەستچنەیەك لەو تـــاوانانەی لەشکری کۆلۆنیالی و« رامیاری کۆڵـــەمستی هاسنی » لـــەو خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینە بەرچاو :

– ئیمرۆ لە کوردستان (باکور) پتر لە 400000 هەزار ژندرمەی تورك ، ســەرەرِای هەزاران کوندپـارێزو بەکرێکیراو 40 هەزار ژاندرمەی هێزی تایبەتی دژپارتیزان لە نـــــاوچە چیاییەکاندا بـــــــەرهەڵـــــــدراون.

– 1700 کوند و ئاوایی بە دەستی لەشکری تورك سوتێندراوە ، لەوانە چەند بەڵگەیەك :

* لە رۆژانی 3 و 4 ی تشرینییەکەمی ئەمساڵدا ، لە کاتی هێرشی درِندانەی لەشکری تورك بـــۆ سەر ناوچەی دەرسیم حەڤدە کوند سوتێنرا ، گوندەکانی تر لە ناوچەکەدا مۆڵەتی سێ رۆژیـــان پێدرا تا ماڵەکانیان چۆلکـەن پێش ئەوەی دوچاری هەمان چارەنوس ببنەوە .

* لەماوەی ئەم ساڵدا پتر لە 20000 هەزار ئاوارە لە باکوری خۆرئاوای کوردستانەوە رویان لە باشـــوری کوردستان کردووە ، دوای ئەوەی لەشکری هۆڤی تورکان گوندەکانیان لــەکـــــەڵ زەوی تەخت کردوون .

* لە کانونیووەمی ئیمساڵدا پەلیکی تۆپتێگری تورکی شاری لیجەی تۆپبارانکرد بە سەدان خانــوی کاول کردو بە دەیان هاووڵاتی شەهیدکەوتن .

* لە 22 ی تشرینییەکەمی 1993 دا لەشکری تورکان لە هەمان شاردا بە کیمیچەك 240 خانوی خاپورکرد لە تەك 240 دامــــــودەزکای ئابوری

* لەکانونیووەمی ئیمساڵیشدا ژنــدرمە تورکەکان هـەڵـیـانـکوتـایــە سەر شاری جەزیرەی .ناوچەی جودی و ماڵی دەیان هاووڵاتیان کاول کرد .

* لـــە مانگی تشرینیووەمی 1993 لەشـــــکری تورك لە ناوچەی موش گوندی سیامرکی سوتاندو خـەڵکی کوندەکە ئاوارەبوون ، بە هەمان شـێوە لە نـاوچەی فارقین دوای ئازاردانی 13 هـاووڵاتی یەك لەوان بەناوی مەلا حوسین شەهیدکەوت .

لە نـــاوچەی پۆلانیك ، گوندی مۆدیبلی بە هەمان شێوە خاپورکراو ، دانیشتوانی ئاوارەبوون .

* ئـــــەژماری ئاوارەو پەنابەرانی بـێـمــاڵـــوحاڵ بــەردەوام لـــــــە پتربوون دایە دوای ئـــــەوەی خانوەکانیـــان دەسوتێندرێت و دەربەدەردەبن ، هەر بۆ نمونە : ئەژماری دانیشتوانی شاری ئامەد ( دیاربەکر ) پێش چوارساڵ لـــــە 300 هەزاری تێپەر نەدەکرد ، ئیمرۆ هەر ئەو شارە ئەژماری دانیشتوانی لە ملیۆنێك پترە ، بـاڵاستی کتـوپرِی ئـەژماری دانیشتوان ئەنجامی رامیاری تـــیرۆرو تۆقاندنی دەوڵەتی تــورکییــە ، دژ بـــــە هاووڵاتیانی گوندنشینی کوردستان ، لە دوایشـدا قـەلاچۆکردنی تەواوەکی ، کۆکردنەوەیان لـــە نـاوچەی دورەدەستی پـارتـیا کـارکـــەرێن کوردستان لە پێنـــاو بێبـەشکردنی ئەو هێزە لە کۆمەك و یارمەتی فرە کـــــە وەدەستی دەکات .

* رامیاری کۆڵەمستی هاسنی لەشکری تـــورك لە کوردستان بە 90 ملیار شیلنگ ، کە دەکاتە 7 ملیارو 5 ملیۆن دۆلار لەسەر بودەجەی دەوڵەتی تورك دەوەستێ .

* دەرە قەرزی تورکان لە 60 ملیاردۆلار پترە، بەکوێرەی سەرچاوە بـــاوەرِپێکراوەکان جـەنگی

داگیرکارانەی تورکان لە کوردستان هەر ڕۆژە 15 ملیار لیرەی تورکی لرف دەدات، بالاستی بەرکۆی هەلاوسانی ئابوری تورکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە بەردەوامیبوونی ئەو جەنگەوە بەندە.

نمونەی پێشیلکردنی مافیمرۆڤ لەو خالانەدا ولە دڕندایەتی دامودەزگای سیخوڕ و پەلەکانی کوشتوبڕی سەر بەم دامودەزگایەدا دەدیترێت:

* پەرلەمانی تورکیا لەمانگی ئازاری ڕابردوودا هەنگاوێکی ترسناکی نا، کەبێبەشکردنی 8 ئەندامی کورد بوو لەمافی پارێزاروی پەرلەمانیان و دوایش بەتاوانی مەزنە ناپاکی زیندانی کران. (لەرۆژی 8 ی ئەم مانگەدا پێنجیان بەپانزدە ساڵ، یەکێکیان بە سێونیو تا حەوتونیو ساڵ زیندانی بەردادکران، دوانیان ئازاد کران – دلانپار).

* سیخوڕە تورکەکان پتر لە 9 ڕۆژنامەنوسو 16 کارگێری ڕۆژنامگەری کوردی ڕۆژنامەی ئۆزگورگوندیمان دەستکوژ کردووە سەرەرای دەیان نوسەرو ڕۆژنامەنوسی تری کورد.

* لە 4 ئەیلولی ئیمساڵدا نوێنەری کوردی پەرلەمانی سەربەناوچەی ماردین محمەدسەنجار دەستکوژکرا، نوێنەرێکی تری سەر بە ناوچەی باتمان نیزامەدین تۆکۆچ برینی پڕمەترسی تێکرا.

* لە 20 ی ئازاری ئیمساڵدا بەرپرسیاری لیژنەی مافیمرۆڤ لە شاری ئامەد (دیاربەکر) سەیدا عەبدولاکۆچ خرایە زیندانەوە.

ڕامیاری خاکیسوتێنراو وکۆمەڵکوژی و دەستکوژی کە دەوڵەتی تورکان پیادەی کردووە، تەواوی سەرەتا و بنەماکانی یاسای هاوچاخی نێو دەوڵەتان، سەرەرای دەروەستبوونی نێوان دەوڵەتی تورك لەبواری مافیمرۆڤدا پێشێلدەکات. بەتایبەتی بنکەی دووەمی خاڵی پەیمانامەی نێو دەوڵەتی ساڵی 1948 کە لەبارەی ئەنجامدانی تاوانی فرەکوشتن و بەرسزاکەوتنی تاوانباران، لەو تۆمارەدا هاتووە:

(لەو پەیماننامەدا فرەکوشتن بەئامانجی قەلاچۆکردن و بنبڕکردنی تەواوەکی یا بەشەکی هەر کۆمەڵێکی ئەتنی، رەگەزی، یا ئاینی، لەم شێوانەدا:

١– کوشتنی کەسانی ئەو کۆمەڵە.

٢– زیان گەیاندن بە لەش یاخود هەرچی دەبێتە هۆی شێواندنی کۆئەندامی هۆش.

٣– هێنانەکایەوەی بارێکی ئابوری گوزەرانی پلانەکراو بەئەمانجی لەناودانی گشتی یا بەشەکی ئەو کۆمەڵە.

٤– هەوڵدان بۆ نەزۆکاندن (زاوزێ نەکردن) لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگە.

٥– بەزۆرگواستنەوەی منالان لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر.

ئەو خاڵە کتومت لەگەڵ ئەو کردەوە هۆڤیانەی لەشکری تورکان دێتەوە، کە ئاراستەی سوتاندنی گوند و بنبڕکردنی دانیشتوان و برسی کردنی ئاوارەکان لە کوردستان بەئامانجی ئافراندنی بارێکی گوزەرانی وایە کەگەلی کورد تێیدا هێدی هێدی سەری تێدابچێ، لە سەرینایی ئەوەی ئەم کردارانە دژی مرۆڤایەتین بەرپرسیارانی تورك دەبێ بەر سزا بن. بەگوێرەی خاڵی چوارەمی پەیمانامەی ناوبراو کە لەسەرسزادانی تاوانباران پێدادەگرێ، بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئایا بەگوێرەی یاسا ئەوانە فەرمانڕەوان یاخود تەنێ فەرمانبەرن، یا کەسی ئاساین.

بێدەنگی ولاتانی خۆرئاوا لە سەرویانەوە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەمبەر تاوانەکانی دەوڵەتی تورکان دژی نەتەوەی کورد، پاساو نادرێت و دووڕووە، شێوازی مستێك بەدوومست تێیدا زاڵە. لەکاتێکدا کە فڕۆچەنگیەکانی عیراق لە فڕین بەودیوی هێلی ٣٦ قەدەغەدەکات، زۆنی پارێزراو بۆ هاوولاتیانی باشور دادەنێ، لەهەمان کاتدا ڕێگە والا دەکات بۆ فڕۆچەنگی و سەربازانی تورك سنورە دەستکردەکان ببڕن و ڕاونان و کورد کوژی لەهەردووبەشدا بکەن، بێگومان چونکێ تورکان ئەندامی NATO ن، بەرژەوەندی جیۆستراتیژی دەوڵەتە زلهێزەکان لە ناوچەکەدا بەر مافی بێدەنگ بوون نییە، لەهەمبەر ئەو تاوانە چەپەلانەی دەوڵەتی تورکان و ڕۆژانە پێشێلکردنی مافیمرۆڤ، ئەو ڕامیارییە بێڕەوشتییەو دژی ساکارترین سەرەتاکانی ژیاری و یاسا و ڕەواییەتی مافیمرۆڤ و دیموکراتییەتە.

ڕەواخەباتی هاوولاتیانی کوردستان لە پێناو رزگاری و ئازادی نەتەوایەتیدا، بەردەستەکردنی مافیمرۆڤانەی دانپیانراویان، هەرگیز تیرۆر نییە، بەلکو لەگەڵ ناوەڕۆك و کرۆکی جاڕی جیهانی مافیمرۆڤ ساڵی 1948 تەواو دێتەوە، کە ئاوا تۆمارکراوە:

(پێویستە یاسا پارێزکاری لە مافیمرۆڤ بکات، تاوەکو مرۆڤ ناچاری ئەوەنەبێ دژی بێدادی و چەوساندنەوە پەنا ببا تە بەر ڕووبەڕووبوونەوە).

بژی خەباتی رزگاریخوازی گەلی باکوری کوردستان، دژ بە داگیرکارانی تورك!

نەمری بۆ گیانی شەهیدانی ڕێگەی رزگاری کوردستان.!

هەر پایەداربێ مافیمرۆڤ لە کوردستان!

مردەنی و سەرشۆڕی بۆ تورکی داگیرکار.

خویایە! خۆری ئازادی هەر هەڵدێ!

کۆمیتەی

مافیمرۆڤ لە کوردستان

لقی / نەمسا

تشرینی دووەم 1994

سیروان

# بێ حیكمه ته ئه و میلله ته نه بووه به هیچ

3.

وه ك چۆن سیاسه ت مه دارانی ده یان ساڵه ی كورده واری له بواری سیاسه ت بازییه كه ی خۆیاندا كه م و زۆرخاوه ن هێلێكی راست و دروستی بێ پێچ و په نای راست و ره وانی كاروانی خه بات نه بوون و نین ، بگره هه تا ئێستاش هه ر رۆژه ی كۆمه ڵانی خه ڵك به جۆره به ندوبالۆره یه ك سه رخۆش ده كه ن ، سه رباری ئه وه ی كۆمه ڵانی خه ڵكی كوردستانی - خوارو - ده ستپێشكه ری راماڵینی داموده زگای ده وڵه تی عیراق بوون و له سایه ی ئه و راپه رینه سه رتاسه رییه دا سیسته می فیدراڵی و ئه نجومه نی نیشتمانی و حكومه تی كوردستان به نیوه ناچلی كه وتۆته سه رپێیان .

به كورتی سیاسه تی برۆبده به رێ و نه بوونی سه قامگیری له سه ر هیچ به رنامه یه ك كه ئه مرۆ زمانحاڵی جولانه وه ی حیزبایه تی سیاسه تچیه كانه ، وای له هێندی سه ركرده ی ئه و حیزبانه كردوه ، كه گه ره كیانه به رۆژی روناك په رده ی ره ش به سه رچاوی خه ڵكیش دابده ن .

حه زده كه م له و باره یه وه نمونه بهێنمه وه : كه ئه مرۆكه له سه رئاستی تێكرای كوردستاندا لێره و له وێ دوژمنه سه ر سه خته كانی مێژینه ی كورد له لایه ن سه ركرده ی حیزبه كانی كوردستان و به رگی دۆستی مێژوكردی كورد ، زه مانێكی دووروودرێژه ده نگو ره نگی سیاسه تمه دارانه له ناو جولانه وه ی رزگاریخوازی گه لی كوردو له سێبه ری ئه و جۆره حیزبایه تییه بێوێنه ی له هه موو دونیادا ، چ به رێكه وت و چ به سواربونی ره وتی شه پۆلی رووداوه كانه وه ، ئه و قوتابخانه سیاسیه مه ودایه كی درێژه جگه له نوشستی ، هه ره س ، جاشایه تی ، شه ری كوردكوژی ، گیرفان پڕكردن و به فیرۆدانی قوربانییه بێشوماره كانی گه لی كورد ، شتێكی دیكه ی ئه وتۆی سه رمایه نییه .

به ڵێ یه كێك له روكاره ئاشكرا و نه هێنی و پڕ شه رمه زارییه ی ئه و جۆره ده نگ و ره نگه كه تا ئیمرۆكه ش بنه گه ی سه ركردایه تی گه له كه مانیان بۆ خۆ تاپۆكردوه ، مه سه له ی پیاهه ڵدان بووه به شان و شه وكه تی درنده ترین حوكمرانه داگیركاره كانی كوردستان .

ئه لقه كانی ئه م سیاسه ته ره زیل و سه فیله هه ر له سه رده می ئیمراتۆریه تی عوسمانلی و سه فه وییه وه ده ستی پێكردوه و هه تا ئیمرۆكه له سه ر ده ستی حیزب و تاقمه چه كبه ده سته كان بره وی هه یه « كه ئیمرۆكه چه ك تاكه نیشانه ی باوك كوژی دیمكراتیه ته و له م بواره شه وه په رێزی كه س له كه س پاكژتر نیه » و رۆژله دوای رۆژ زێتر له ته شه نه كردن دایه ، هه تا كار گه یشتۆته ئه وه ی پیاوێكی وه ك حه مه ره زاشای گۆڕبه گۆڕ و گۆپاڵ به ده ستێكی وه ك خومه ینی و فاشیه كی وه ك سه دام به هاو ده نگ و هاوكارو پشگیركاری گه له كه مان له قه ڵه م بدرێ و له شاباشی خوێنی كوردان به ماچ و مووچ شاگه شكه بكرێن .

به ڵام تا راپه رینه مێژوییه به رفراوانه كه ی گه له كه مان ، قسه و خه به رێك له شان و باڵی حوكمرانه كانی توركیا نه بوو بۆ فریاكه وتنی گه له كه مان ، كه چی هه ر دوای ئه م سه ركه وتنه مه زنه ی نه ته وه كه مان له وردوخاش كردنی دام و ده زگای داگیركه ره كانی كوردستان له به شی خواروودا ، ده سته و دایه ره ی حیزبه كوردییه كان به قۆشمه له سێبه ری ئه زمونی مێژو كردیان له گه ڵ ئه وانیش كه وتنه مامه له كه ی خۆیان ، وه ك ئه وه ی حه ز له هه واری تازه و به رفراوان تر بكه ن .

جا وه نه بێ كار به مه وه ستابێ و ته نیا په یوه ندییه كی سوودبه خش بۆ جولانه وه كه مان دروست كرابێ ، به لكو گه یشتۆته راده ی ئه وه ی كابرایه كی پاشه ڵ بۆكه نی وه ك ( سلێمان دێمرێل ) به دۆستی گه وره ی كورد له قه ڵه م بدرێ و له هه ڵپه ركێی قسه و باسه كانیان دا ستایشی بكه ن .

خوێنه ری به رێز !

گۆی ئه م قسانه مان بۆ ئه وه یه كه ئه م به سه رهاته شتان بۆ بگێڕمه وه ، كه ئه و سلێمان دێمرێل - ه دۆستایه تییه كه ی چۆن چۆنیه !

هێشتا ( توركۆت ئۆزال ) كۆچی دوایی نه كردبوو ، له زه ماوه ندی شووكردنی

# بـــــاوکی کاڵی

## لێکۆڵینه‌ وه‌ یه‌ کی گشتی لـه‌

# بنچینه‌ هزریه‌ کان !
# سه‌ رهه‌ ڵدان !
# تێکـــشکان !
## چـــاره‌ ســـه‌ رێـــکی
## بـــابـــــه‌ تـیـانه‌ ی
# پارتێکی کۆمۆنـ

به‌ شی
2

## بنچینه‌ هزریه‌ کان

گومان له‌ وه‌ دانیه‌ بینه‌ و به‌ رده‌ ی بیری سه‌ ربه‌ خۆی کۆمۆنیسته‌ کانی کوردستان مێژویه‌ کی دێرین و ئاڵوزی هه‌ یه‌ ، وه‌ لێ ئه‌ وه‌ ی مایه‌ ی په‌ رۆشه‌ ، هه‌ ردوولایه‌ نی دژ و ناكۆكی کێشه‌ هزریه‌ که‌ به‌ پێی پێویست سیمینارو لێکۆڵینه‌ وه‌ و لێدوانی بابه‌ تی و پێویستی وه‌ ك که‌ ره‌ سته‌ یه‌ کی ماکی ئه‌ و لێتۆژینه‌ وه‌ یان به‌ ئه‌ نجام نه‌ گه‌ یاندوه‌ ، دیـــاره‌ له‌ زۆرسه‌ رده‌ م و قۆناغیشدا سۆزو هه‌ ڵچونی ده‌ روونـــی و کۆمه‌ ڵێك هۆکاری نابابه‌ تیانه‌ وه‌ ك ره‌ نگدانه‌ وه‌ یه‌ کی هه‌ ڵه‌ وتی دواکه‌ وتوی ناوکۆمه‌ ڵ

کچێکی ئه‌ ودا ، هه‌ موو به‌ رپرسه‌ گه‌ وره‌ کانی تورکیا ئاماده‌ بوونه‌ که‌ ( سلێمان ) ی دۆستی کوردیشی له‌ گه‌ ڵ دابووه‌ !

وه‌ ك ده‌ گێڕنه‌ وه‌ ، له‌ و ئاهه‌ نگه‌ دا ( بـــرایم تاتڵی ساز ) ی گۆرانیبێژی تورکیا له‌ ده‌ می گۆرانی گوتندا له‌ نــــاو خه‌ ڵکه‌ که‌ داوای لێکراوه‌ گۆرانیه‌ کی کوردی بڵێ ، دیـــاره‌ له‌ لایه‌ ن ده‌ سه‌ ڵاتدارانه‌ وه‌ فه‌ رمانی پێدراوه‌ و گۆرانی کوردی ده‌ ستی پێکردوه‌ ، مـــــام سلێمانی دۆستی کورد زۆری پێقه‌ ڵس بووه‌ و خۆی بۆنه‌ گیراوه‌ و له‌ رقـــان ئاهه‌ نگه‌ که‌ ی به‌ جێهێشتوه‌ !

جا که‌ لۆی کورده‌ واری ، وه‌ ره‌ سه‌ رت له‌ م عاجباتیه‌ ســورنه‌ مێنێ ! دۆستێکی کورد ! دۆستایه‌ تیه‌ که‌ ی ئه‌ وه‌ نده‌ که‌ رم و کوربێت به‌ قه‌ وڵی سه‌ رکرده‌ یه‌ کی کورد ! که‌ ده‌ ڵێی لێی بڕیوه‌ ، له‌ ئاست رق و قینه‌ ئه‌ ســتوره‌ چه‌ په‌ ڵه‌ ژه‌ هراوییه‌ که‌ ی هه‌ تا بۆ گوێگرتن له‌ گۆرانی کوردی تواناى خۆ راگرتنی نه‌ بووه‌ ، ده‌ بێ به‌ رمه‌ یدانی دۆستایه‌ تی کردنی بۆ داخوازییه‌ ره‌ واکانی گه‌ له‌ که‌ مان چۆنبێت ؟ ئێمه‌ به‌ دڵنیاییه‌ وه‌ ده‌ ڵێین ؛ ئه‌ و جۆره‌ ده‌ نگه‌ ناسازانه‌ ی کورد ، دیاره‌ به‌ مجۆره‌ دۆستایه‌ تیه‌ ی بکوژ و دوژمنانی سه‌ رسه‌ ختی کورد فرچکیان کرتووه‌ و له‌ چه‌ و په‌ نای به‌ رژه‌ وه‌ ندییه‌ خودییه‌ کانی خۆیانه‌ وه‌ دۆست و دوژمن بۆ گه‌ له‌ که‌ مان هه‌ ڵده‌ بژێرن ، ئیتر گه‌ لی کوردی لێقه‌ وماوی ئه‌ م جیهانه‌ ، دۆســتی گیانی به‌ گیانی وه‌ ك سه‌ رکرده‌ ( سلێمان دێمرێل ) ی بێ ! چ پێویستی به‌ دوژمنان نیه‌ !
له‌ ئه‌ نجامی ئه‌ و قسه‌ وباسه‌ ماندا ، نامانه‌ وێ رێچکه‌ ی هه‌ ڵسو که‌ وت بۆ هیچ سه‌ رکرده‌ و حیزبێك دیاری بکه‌ ین ، چونکه‌ ته‌ نیا به‌ رژه‌ وه‌ ندییه‌ کانی گه‌ له‌ که‌ مان لـــه‌ چۆنییه‌ تی و چه‌ ندایه‌ تی پراکتیك داسه‌ ریشکه‌ . گومان له‌

وه‌ شدا نییه‌ بـــوونی کوردستان به‌ و شێوه‌ رووده‌ کییه‌ ی – ئه‌ مری واقیعه‌ ی – ئێستاکه‌ ، خواستی ئه‌ وه‌ هه‌ ڵناگرێ که‌ هـــه‌ موجۆره‌ په‌ یوه‌ ندی و هه‌ ڵسوکه‌ وتێك به‌ ده‌ وڵه‌ تـــه‌ داگیرکاره‌ کانی کوردستان ره‌ ت بکرێته‌ وه‌ ، به‌ ڵام نه‌ ك به‌ وماناية‌ ی که‌ ئه‌ م جۆره‌ سه‌ ر کرده‌ بۆ ( سلێمان دێمرێل ) لێکیداوه‌ ته‌ وه‌ ، بـه‌ لکو پـه‌ یوه‌ ندییه‌ کانمان هه‌ میشه‌ ده‌ بێ له‌ و ئاسته‌ دابن که‌ « نه‌ شیش بسوتی و نه‌ که‌ باب » وه‌ ك کورد گوته‌ نی .

چونکه‌ دیاره‌ ئه‌ و ده‌ وڵه‌ ته‌ داگیرکارانه‌ ئه‌ گه‌ ر خێریکیان بۆ گه‌ لی کورد هه‌ بوایه‌ ، جارێ لــه‌ پێشه‌ وه‌ له‌ و پارچه‌ ی بنده‌ ستی خۆیـــان به‌ چاوتێری و شـــێوه‌ چاره‌ سه‌ رییه‌ کی ره‌ وایانه‌ ده‌ یانڕوانیه‌ خه‌ بات و ژیانی گه‌ لی کورد .

هه‌ روه‌ ك ده‌ بینین ئه‌ و ده‌ وڵه‌ تانه‌ بـه‌ رۆژی روناك و به‌ ئاشکرا له‌ بۆ دوژمنایه‌ تی و سه‌ ر کوتکردنی گه‌ له‌ که‌ مان هیچ جۆره‌ ناکۆکیه‌ کی نێوانیان رۆڵ نابینێ ، هه‌ روه‌ ها بـــۆ نمونه‌ ده‌ بینین تورکیا ، ئێران و سوریا به‌ شێوه‌ یه‌ کی ده‌ وری کۆده‌ بنه‌ وه‌ و له‌ نماینده‌ ی ده‌ و ڵه‌ تی عیراقیش دا ، چاوپێهه‌ ڵنه‌ هاتنی خۆیـــان به‌ حکومه‌ تـی فیدراڵی کوردستان ده‌ رده‌ برن و هه‌ زارویه‌ ك ده‌ سیسه‌ و پلان بـۆ له‌ ناوبردنی سازده‌ که‌ ن ، که‌ سیش له‌ سه‌ رکرده‌ ی ئـه‌ و ده‌ وڵه‌ تانه‌ چ به‌ ئاشکراو چ به‌ نهێنی به‌ سه‌ رو باڵی سه‌ رکرده‌ ی براده‌ رانی خـــۆمان دا هه‌ ڵناده‌ ن ...

ئه‌ وجا لێره‌ دا گه‌ ره‌ کمه‌ له‌ بازنه‌ ی داوتـــر راشکاو تر بچمه‌ ناو چۆنییه‌ تی ده‌ روونـــی سیاسه‌ تمه‌ داران و تێکرای هه‌ ڵسو که‌ وتـــه‌ کانمان و روونکردنه‌ وه‌ ی ئـــه‌ و خه‌ وشه‌ جه‌ رگ برانه‌ ی برینه‌ کانمانیان کوشنده‌ تـــر کردوه‌ .

به سه ربنچینه زانستیه کانی ئه و موخێش موخێشه دا زاڵبوه .

ئه نجام زیانێکی زۆر به هه ردوولایه نی کێشه که که وتوه ، وێرای ئه وه ش ، پرسی کۆمۆنیسته کوردستانیه سه ربه خۆیه که به هه ڵواسراوی و بێچاره کردن ماوه ته وه ، لێکۆڵینه وه یه کی گشتی له سه رئه و ره گه زه سه ره کی و بنچینه یانه ی که رۆڵی کاریگه رو بونێکی ماکیان هه یه له سه ر کێشه و ململانێ که ، به پێویستیه کی بابه تی ده زاندرێ بڵاو بکرێته وه ، له وانه : ئایا باشوری کوردستان به کرێکارانی عیراقی و رامیاری ده وڵه تی کۆڵۆنیالی به رابه ر به کورد به گشتی و کرێکاران و پێگه کرێکاریه کان به تایبه تی چیمان فێر ده کات ؟

وه ك راستیه کی به ڵگه نه ویست ، رێکخراوه ی هه رێمی « حیزبی شیوعی عیراقی » له وه ڵام دانه وه یه کی پێویست و بابه تیانه ی ئه و کۆمه ڵه کێشه بیریانه ، نه هه رخۆی دوره په رێز گرتووه ، به لکو به لاشیانه وه دا نه چوه ! ره نگه هۆیه سه رکیه که ش هه ر ئه وه بێت که « ح . ش. ع » وه ك هه ر پارتێکی تری ناو بزاڤی کوردستان له و دوو باره ی سه رشێتی و بیره ئاڵۆزه ی خۆیه وه سه رچاوه ی گرتووه .

**باشوری کوردستان کۆلۆنیه کی عیراقیه :**

له ئه نجامی شکانی ئیمپراتۆریه تی عوسمانی له یه که م جه نگی جیهانیدا ، له به رابه ر به ریتانیا ، فره نسا و هاوپه یمانه کانیان ، له نێوان دروستبوونی ئه و بۆشاییه ی نێوان هه ردوو به ره ی جه نگ ، مه مله که تی کوردستان به سه رکردایه تی شێخ مه حمودی نه مر هاته کایه وه ، وه ك هه ر ده وڵه تێکی

# ...یستی سه ربه خۆی کوردستانیدا !

نیشتمانێکی کۆڵۆنیه ؟ کۆڵۆنیش به پێوپێوه رو یاسایه کی ئابوری و رامیاری ؟ ئه گه ر کوردستان ، نیشتمانێکی عیراقیه و !! کورد یش عیراقیه !! ئه ی شوێنی کوردستان وه ك نیشتمانی کورد و ، کوردیش وه ك نه ته وه له کوێ و له چ خانه یه کدا ده بێ ؟؟ ئه ی رێ کوردیش مافی خۆی نیه کوردستانی هه بێ ؟!

دووه م : ئایا دروستبوونی رێکخراوه مارکسی و کۆمۆنیسته کانی کوردستان په یوه ندیه کی دیالکتیکیان به دروستبوون و سه رهه ڵدانی قۆناغی بیری سۆسیالیزمی و دادپه روه ری کۆمه ڵایه تی پێش خۆیانه وه هه یه ؟ یاخود له رێگای : مامانگه ری قه یسه ریه وه « عملیه قیصریه » له سه رده ستی کۆمۆنیسته عه ره به کانی عیراقه وه وه به ر هێنراوه ؟

سێیه م : چینی کرێکارو جوتیاران و ته واوی زه حمه تکێشان ، رۆڵیان له دروستکردنی مێژوی چینایه تی و خه باتی رزگاریخوازی نیشتمانی چی بووه ؟ هه ڵسه نگاندنی ئه و چینه شۆرشگێره به هه ڵه وتی کۆمه ڵایه تی و ئابوری و رامیاری خۆی و به راوردکردنی کۆمۆنیزمی جیهانی له تیۆپراکتیکدا پارتێکی لاساکاری ئه و رامیاریه چه واشه کراوه ی پێره وی بیری ستالینینزمی بوه . هه ر بۆیه ش له ماوه ی نیوسه ده ی خه باتی رابردوی ئه و رێکخراوه ی هه رێم ، نه یتوانیوه ببێته پارتێکی جه ماوه ری له جه رگه ی خه ڵکاندا ته شه نه بکات و تێزه هزریه کانی کێوماڵ بکات و بیرو رامیاری و رێکخستن له سه ر ئاستی زه مینه ی هه ڵه وتی کوردستاندا دابرێژیت . ئه گه رهه ر رێکخراوه یه کی نێو بزاڤی کۆمۆنیستی جارێك یاخود له سه رێکه وه پێبه ندی بیری چه واشه و پاشکۆیه تی بوبێ ، ئه وا زیاده رۆیی نیه گه ر بڵێین رێکخراوی هه رێم « ح . ش . ع » له دووسه ره وه ده سته پاچه و چه وساوه ی ئه و باره ئاڵوزه بووه ، یه که م پێبه نده ی بیری ستالینینزمی سۆڤیه ت ، دووه م ، که سایه تی شکاو داته پیو به بیروهۆشی ناسیۆنالیزمی ره گه زپه رستی .

دیدوبۆچونی ئه و پارته « حیزبه » بۆ کێشه ی ره وای گه لی کوردستان ، یابۆ بونی خۆی وه ك رێکخراو یا پارتێکی رامیاری نێو رووده ی سه ره تایی و بێهێزی ئه و سه رده م ، به لام له گه ڵ ئه وه شدا مه مله که تی کوردستان توانی داموده زگای ده وڵه تی خۆی پێکبێنێ و ئالای کوردستان له پایته ختی مه مله که ت ( سوله یمانی ) هه ڵبکات . له ساڵی ۱۹۲۲ هه ردوو ده سه ڵاتی به ریتانی و عیراقی دانیان به سه ربه خۆیی مه مله که تی کوردستان نا ، به لام له به ر چه ندین هۆی دژو ناکۆك به به رژه وه ندی کۆلۆنیالیزمی به ریتانی له ۱۹ / گه لاوێژی ۱۹۲٤ دوای رێزه جه نگێکی خوێناوی مه مله که تی کوردستان به هێزی سوپایی داگیرکاری به ریتانیا روخێندرا ، دوای تێپه ڕینی ساڵێك به سه رئه و تراژیدیایه ، ده وڵه تی به ریتانیا فشارێکی زۆری بۆ سه رگه لی کوردستان هێنا به و نیازه ی باشوری کوردستان به عیراقه وه بلکێنێ !!؟ بۆ ئه و مه به سته ش په یوه ندی به ده ره به گ و کۆنه په رستانی کورده وه کرد ، له پێناو ده سته به رکردنی به رهه ڵست کردنی شۆرشی رزگاریخوازی کورد،له لایه ك و ، ره وادان به پرۆسه ی کۆلۆنیالیزمی له

لایه کی تره وه ، ئه نجام لــــــــه بواری هه ڵبژاردنێکی زۆرملیه وه له ســاڵی ١٩٢٥ توانیان کوردستان بخه نه ســـــه ر عیراق و پرۆسه ی پلانه کۆڵۆنیالیزمیه که یان به ســه ر گه لی سته مدیده ی کوردستاندا بسه پێن .

دوای ده رچونی هێزه کانی به ریتانیا لـــــه عیراق و کوردستان ، رژێمه یه ك له دوایه که کانی عیراق میراتگری به ریتانیا به داهێنانه وه په ره یان به پرۆسه ی کۆلۆنیالیزه کرنـــــی کوردستان دا ، ئه و باره تاوه کو ئیمرۆکه ش له هێندێ نـــــاوچه ی کوردســتاندا هــه ر به رده وامه . دیـــارده ی کۆلۆنیالزه کرنی عیراقی له و خالانه دا به رجه سته ده بن :

– لکاندنی باشوری کوردستان بـــه ده وڵه تی عیراق ، به بیگوێدان به ویستوخواستی گه لی کوردستان ، عیراقیش خۆی وه ك ده وله تێکی عه ره بی و به شێك له نیشتمانی عاره ب خۆی له خۆیدا نکوڵی کردنه له بونی جوگرافـــیاو نه خشه و تایبه تمه ندییه کانی کورد لـــــه و به شه ی کوردستاندا ، له گه ڵ ئه و هه لکه وته شدا له عیراق کورد وه ك هاووڵاتیه کی پله دوو و که متریشی بۆ داندرا ، ئه وانه ی خاوه ن ماف و ئازادین و یاخود خاوه ن ناســنامه ی هاووڵاتی عیراقین ، ئه وانه بوینه که بیرو هۆش و ئـــــاره زوی که ســایه تی مرۆڤی عه ره بی عیراقیان هه بوه ، بگره لـــه وانیش پتر بۆ یه کێتی عیراق دڵیان سوتاوه ، ئه وانه تـابوری پێنجه م بوین ، ئه و که مه ی مافه ی کوردیش له و به شه ی کوردستاندا دڵوپێکه له ده ریای قوربانیه زۆره کانی کورد خۆی به بـــــه راورد کردنی ده گه ڵ به شه کانی تری کوردستان ،

– کۆنتـــرۆلکردن و پشکنینی هه میشه یی کوردستان له لایه ن سه رباز و سیخوره کانی ده وله تی کۆلۆنیالیزمی عیراق و راکواســتنی خه ڵکی شاروشارۆچکه و دیهاته کان و بۆ نێو ئۆردگازۆره ملیه کان و گه مارۆدانیان بــــــه ته لزی و پیگه ی سه ربازی ، پێرۆکردنـــــی رامیاری زه ویسوتێندراو ، به کۆمه ڵ کوشتن و زیندانی کردن ، ئه نفال و زینده به چاڵکردن ، فرۆتنی منداڵ و کچه کورد و ســــوکایه تی پێکردنیان ، ئاواره کردنی کوردان بۆ شوێنه جیاجیاکانی عیراق ونیشته جێکردنی عه ره ب له گونده کانیان ، گۆرینی ناوی شــار و دێ و شه قام و فێرگه کانی کوردســـــتان و بـــه عه ره بکردنیان . . . . . . .

– به تالان بردنی سامان و ئابوری کوردستان ، له پێناو خزمه تگوزاری رامیاری رژێـــمی کۆلۆنیالیزمیعیراقی دژبه گه لی کوردله لایه ك ، به رژه وه ندی نه ته وه ی بـــــالاده ستی عه ره ب له لایه کی دی .

– سه پاندنی زمان ، مێژو ، وێژه ، فه رهه نگ ، کلتوری نه ته وه یی عه ره بی کۆلۆنیالیزمی عیراقی به سه ر گه لی کوردستان ، بــه پێچه وانه ی ئه وه ش : قه ده غه کردنی زمـــان و وێژه و گشت نه ریتێك که بـــوونی نه ته وه ی کورد ده سه لمێنێ ، ئه و جا چه واشه کردن و دارشتنه وه ی مێژوی ئێمه ی کورد بـه پێی بۆچون و ئاوه زی شۆڤینیزمی عه ره ب . . .

– داگیرکردنی سه ربازی کوردستان به شا رو شارۆچکه و دێهاتییه وه ، بگره ته واوی رێگه و بان و شاخه به رزه کان و شوێنه هه ستیاره کانی کوردستان ، به سوپا و سیخوره کانـــی ده وڵه تی کۆلۆنیالیزمیعیراقی ، ئه و دیــار ده سه ربازییه ، وای کردبو هه ر که سێکی پیاده ، یا ساده ئاسایی ده رك به وه بکات کـــــه نیشتمانی کوردستان داگیرگه یه که و لـــــه ژێـــر پێی پۆستـالی له شکری ولاتێکی تردایـــه .

له و ئاسۆیه وه ، به پشتبه ستن به وهه ڵکه وته مێژوییه ، ده کرێ بگوترێ ، کارێکی ژێربینانه نییه رســته و ده قی کلاسیکی و تیگه ی به رله چه ندان ساڵی له مه ر یاسا بنچینه ییه کانـی ئابوری رامیاری کۆلۆنیالیزم بـــۆ هه موو سه رده مێك و رۆژگارێك بـکرێته پێـــوه رو پـێـودانگ .

**کوردستان له روی چینایه تییه وه :**

مێژوی سه رهه ڵدانی بزاڤــی کرێکاران و جوتکارانی کوردستان ، وه ك کێشه یه کـــی چینایه تی سه ربه خۆ . به زۆر قۆنـــــــاغی هه ڵچون و داچونی جیاجیادا هه نگاوی ناوه . ئه و راستیه ش ده گه رێته وه بۆ ئه وه ی : که داگیرکارانی کوردستان ئامانجیان لــــه کۆلۆنیالیزه کردنی ئه و ولاته ، به پله ی یه که م دزین و تالانکردنی سامان و که ره سته خـاوه کانیه تی ، ئه مه ش خه سڵه تێکی گشتی هه ر کۆلۆنیالیزمێکه ، تیری ئه و ئامانجه کۆلۆنیالیزمییه ش راسته خۆ سنگی کرێکارو کــــارگه ده پێکی ، به شێوه ییه کی تایبه تیش ، دواتر هه وڵدان له پێناو دواخستنی گه ل ومانه وه ی له قۆناغی په یوه ندییه مه بیوێندراوه کانــــــی ده ربه گایه تی و پاشماوه خێڵه کییه کـــان ، بــه گشتی مانــه وه ی به نــه خوێنده واری و دواکه وتویی .

به لێ ئــه م راستیانه ش له مه که م ناکه نه وه که کورد خاوه ن کانی وه ك نه وت ، خه ڵوز ، ئاسن ، مس و ده یان جۆر کانزای تره ، بــه شێکی زۆری ئه و سامانه وه ك که ره سته ی خاو ده گواسترێته وه ده ره وه ی کوردستان دیاره له هه ر مه ڵبه ندو کارگه یه کی بــه رهه مهێنانی ئه و ولاته به هه زاران کرێـــکاری کورد کاری کردووه ، هه ر به ده ستی ره نگین و بیری کارامه یان جۆره ها که لو پــــه لی پێویست به ژیان ، له وانه هه تـــــا چه ك و

هەواڵنامەی کتێب

ته قه مه نی به رهه مهێن و بینێرنه ده ره وه ی ناوچه میرنشینه کانی کوردستان ، ره نگه تۆپه کانی سه رده می پاشا کوێره ، که ده ستکردی کارگه ری کارامه ی کورد وه ستا ره جه ب – ن یه ك له و به ڵگه هه ره زیندوو هه میشه یانه ی ئه و سه رده م بن ، وێڕای چه ندین مه ڵبه ند و بنکه ی تر .

له و سه ده ی دوایشدا، کێشه وبزاڤی کرێکار و جوتیارانی کوردستان له روی چه ندایه تی و چلۆنایه تییه وه ، له پرسی کرێکارانی عیراقی که مترنه بووه ، هه ر بۆ نمونه : ئه ژماری ئه و کرێکاره کوردانه ی له کۆمپانیا هندییه کانی هێلی شه مه ندوفه ر ، کۆمپانیاو مه ڵبه نده کرێکاریه کانی تری ئنگلیز که له عیراق کاریان ده کرد ، به به راوردی رێژه یی دانیشتوان و سه رژمێری خه ڵکی عیراق که مترنه بووه ، له رووی چلۆنایه تیشه وه هه ر ده م کرێکارانی کوردستان به لێهاتوی و کارامه یی ناوبانگیان ده رکردووه ، دیاره به رده وامی یاخود زیندویی مێژوی تێکۆشانی چینایه تی کرێکارانی کوردستانیش بۆ مێژوی سه رهه ڵدانه دێرینه کانی ئه وچینه ده گه ڕێته وه، گرکانی توره یی و رقی پیرۆزی چینایه تی کارگه ر و جوتیاران و ته واوی زه حمه تکێشانی کوردستان به وێنه ی گری گڵپه سه نو له ده یان و سه دان پێگه و مه ڵبه ندی چینایه تی ، وه ك راپه رینه که ی کاوڕباغی ١٩٦٤ ، راپه ڕینی جوتیاره کانی دزه یی ١٩٥٣ ، خه باتی ژێرزه مینی و خۆڕاگرتن و داکۆکی کردن له مافی کرێکاران و جوتیاران و که لی سته مدیده له زیندانه کانی رژێمی نه ژاپه رستی ده وڵه تی کۆڵۆنیالیزمیعیراقی ، قوربانیه زۆره کانی سه نگه ری نه به ردی و قاره مانییه تی تێکۆشانی چه کداری ، راپه ڕینی شاروشارۆچکه کان و سه رجه م بواره جیاکانی تری خه بات ، به رجه سته ی ژیان و مێژوی رۆڵه هه ره نه به رده کانی ئه م که له کیانبازه ن ، دوژمنانی زه حمه تکێشان له بورژوا و ده ره به گ و کۆسموپۆله تیك به تایبه تی و که لی کوردستان به گشتی، په یوه ندی کۆمه ڵایه تی ده ره به گایه تی و پاشماوه ی ژیانی کۆچه ری و نیمچه کۆچه ری نێو کۆمه ڵی کورده واری له لایه ك و ، لاوازی بنه ما ئابوری و کارگه و مه ڵبه نده کرێکارییه کان له لایه کی تر ، وه ك فاکته رێکی دژ و گومان خستنه سه ربونی چینی کرێکارو جوتیار به کاردێن ، له کاتێکدا ئه و دیارده یه ته نها رویه کی هه ڵکه وتی کۆمه ڵایه تی کوردستانه ، که رئه وه تاکه پێوه رو پێوانه ی کۆمه ڵگه ی چینایه تی کوردستان بێت ، ئه وا ده شێ هه مان دیارده بۆ کۆمه ڵگه ی عه ره ب و فارس و تورکیش به کاربێت ، چونکێ هه ر سێك کۆمه ڵگه له هه مان ئه و په یوه ندیانه ( فیوداڵ و پاشماوه ی خێله کی ) رزگاریان نه بووه ، وێڕای ئه و هه ڵکه وته کۆمه ڵایه تییه ئابوریه دواکه وتوه ی کوردستان و رامیاری رژێمی عیراقی به رامبه ر به گه لی کوردستان ، کوردستان خاوه نی ده یان پێگه ی کرێکاری وه ك کۆمپانیای نه وت ، چیمه نتۆ ، چنین ، جگه ره و کاشییه . . . . . هاوکات ده گه ڵ ئه و ژماره زۆره ی کرێکارانی کشتوکاڵ و ورده فرۆش « کاسبکاران » ، پێویسته ئه و دیارده تایبه تمه ندییه ی خه باتی چینایه تی له کوردستان په نانه درێت ، ئه ویشیان ئه مه یه : ئه گه ر تاکه جیاوازییه ك له نێوان کرێکارانی کوردستان وعیراقداهه بێ ، ئه وه کێشه ی نیشتمانیه له لایه ن کرێکاران و جوتیارانی کوردستان ، که کێشه یه کی سه ره کییه به رابه ر به دوژمنانی داگیرکاری کۆڵۆنیالیزم ، کێشه ی کرێکاران و جوتیارانی کوردستان له گه ڵ ورده بورژوا و ده ره به گی که له که ی ، کێشه یه کی لاوه کی بووه ، هۆیه که شی ده گه ڕێته وه بۆ چۆنیه تی شێوه ی سه ره کی خه باتی قۆناغی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان .

## هزری فه لسه فی و سۆسیالیزمی له روی مێژوییه وه

گومان له وه دانییه ، که نه ته وه ی کورد یه کێکه له نه ته وه هه ره کۆنه کانی ئه م ناوچه یه ، وه کهه ر نه ته وه یه کی فره چینی جیهان . خاوه ن کێشه و ململانی ئایدیۆلۆژی و چینایه تی بوه ، له چوارچێوه ی روده کی کۆمه ڵایه تی و ئابوری و قۆناغی پێشکه وتنی خۆیدا، مێژوی هه ڵچون و داچونی پێشکه وتن و گۆڕانی نه ته وایه تی ئه وراستیه ده سه لمێنێ : که له سه رده مه مێژوییه دێرینه کانیشدا گه لی کوردستان رۆڵی به رچاو و کاریگه ری له دروستبونی مێژوی فه لسه فه و شارستانیه تی ناوچه که دا هه بووه ، دیاره قه واره ی ئه و پێشکه وتنه ش به پێیراده ی پێشکه وتنی کۆمه ڵایه تی و گه شه کردنی بیرو ئایدۆلۆژیای رێبازه فه لسه فیه خۆجێیه جیاجیاکانی ناوجه رگه ی کوردستان بوه ، تێکرا رێبازه ئایدۆلۆژیاکانی کوردستان و ناوچه که رۆڵی کاریگه ریان له سه ر ژیاری و فه لسه فه ی یه کدی هه بوه ، بێچه ندوچون ده شێ نه ته وه ی کورد کاکڵه ی شارستانییه تی فارسه کان ، به ژیاری بابیره گه وره ی خۆی بزانێ ، واته شارستانیه تی میدیه کان ئه مه ش ئه و راستییه ده سه لمێنێ که کورد ته نیا نه ته وه یه کی شاخی و مه ڕو ماڵات به خێوکارو یاساغ نه بووه ، به لکو

خاوه ن مێژو شارستانیه ت و فه لسه فـه ی جیاجیاش بووه ، بێهه ر دوودڵیه ك ڕۆژگارێك دێت ، لێكۆڵینه وه ی زانستی ئـــاركیۆلۆژی ئه و ڕاستیانه ده ربخات .

هه روه ك چــــــۆن ده یان و سه دان له سه ركرده و زانایانی كورد ڕۆڵی دیاریـان له ڕاژه كردنی ئاینی ئیسلام یا لقه زانستیه كانی تری وه ك وێژه و هونه ر و مێژوی نه ته وه یی عه ره ب ، فارس و تورك گێڕاوه ، بــه هه مان شێوه چه ندین زانـا و كه سانی پێگه یشتوی كورد ڕۆڵی مه زنیان له بواری فــه لسـه فه و ئایدیۆلۆژی ڕامیاری و شێوازو ڕێــــبازی جیاجیای خه باتی چینایه تی نـه ته وه كه یان گێڕاوه ، به ڵام هیچ گومانی له سه رنییه كه ئه و سامانه گه وره و فه رهه نگه شارستانیه ده ستیبه سه ر داگیراوه و كراوه بــــــه شارستانیه تی فارس و عه ره ب و تـورك ، داگیرو پێشێلكراوه ، یاخۆ بێسه روشــــون سه ره نگون كراوه ، لـه ئه نجامی ڕامیاری ڕه گه زپه رستی هه ر یه ك له و نــــه ته وه باڵاده ستانه .

دیاره ، تێكڕا فه لسه فه وئایدیۆلۆژیای خه باتی جیاجیا ڕه نگدانه وه یه كی بــــابه تــی و هه ڵقولاوی جه رگه ی ئازارو كێشه نه ته وایه تیه كه ی گه لی كوردستان بوه ، هه ربـۆیه ش نه یتوانیوه له و ڕوده تاڵه ی كۆلۆنـــیالیزمی ئیمپراتۆریه تی ئیـسلامـــــی عوسمانلی و سه فه وی ببێته سه روه ر.

فه لسه فه و ئایدیالۆژیای خه باتی چینایه تی به هه ردوو شه قڵی ناكۆكی ماكی و فیزیكی ، بۆ تێكه یشتن له هه ڵكه وته ی كۆمه ڵایه تی و شیكردنه وه ی قۆناغه جیاجیاكانی خه بات ، تێكه یشتن و په ره سه ندنی یاساكــــانی په یوه ندی كۆمه ڵایه تی و بـه رهه مهێنان ، دیاركردنی شێوه ی خه بات و پیرۆزكردنـــی به نیازی بیری ڕزگاریخوازی نیشتمانی ، لـه ده ست داگیركاران ، یا خـۆ به مه به ستی بنبڕكردن ریشه كێشكردنی چه وساندنه وه ی چینایه تی بووه ، نه ك فه لسه فه بــــه مانـا روت وقوته كه ی .

به ر له سه دان ساڵ له كوردستاندا بـیری سۆسیالیزمی ، له چه ندان شێوه و ڕێباز و قوتابخانه ی هزری « مه زهه بی » فه لسه فی جیاوازداسه ریهه ڵداوه مێژوی سه رهه ڵدانی ئه و بیره سۆسیالیزمیه ش ده گه ڕێته وه بـۆ سه ره تای خه باتی سه ركرده و شۆڕشگێری كورد بابه كی خوره می ،له تێكۆشانیداله پێناو دادوه ری كۆمه ڵایه تی و نه هێشتنی هـه ژاری و ژیانێكی یه كسان . ئه مه وێـڕای چه ندان قوتابخانه ی هزری تری وه ك یـــه زیـدی ، كاكه یی ، حه قه و هاواری * . .له سه ره تای ئه و سه ده یه شدا، سه ده ی بیسته وه سه ر هه ڵدان و به ڕیابونی شۆڕشی « ئـۆكتۆبه ر» بیری سۆسیالیزمی به شێوه یه كی فراوانـتر بلاوبوه وه ، كوردیش وه كهه ر نه ته وه یه كی ڕزگاریخواز و چـــــاولـه دوو پێشكه وتن ، پێشوازی له و سه ركه وتنه مه زنه ی كه لانی سۆڤیه ت كرد ، شێخ مه حمودی نـــه مر و مه مله كه ته كه ی پێشوازی و ئاماده بوونــی كه رمی خۆیان له دۆستایه تی كردنی شۆڕشی ئه كتۆبه ر پیشانداوه ، كۆمـــــاری دیمكراتی كوردستان ۱۹٤٦ به هه مان جۆر دۆستایه تی و هاریكاری كه رمی له كه ڵیاندا هه بووه .

له سه راستی بیر و په سـندی تـیـــۆری سۆسیالیزم ، كه سانێكی زۆری كه لـه كه مان سۆسیالیزمیان وه ك تـیۆڕاكتیك په سه ند كردوه ، خه باتیان له پێناوداكردوه ، له ڕێگه ی یه كسانی دادپه روه ری كۆمه ڵایه تی قوربانی زۆریان داوه ، له سه ر راستی ڕێكخراوه یش ، وه ك به رده وامبوون و ڕه نگدانه وه یه كـی بابه تیانه ی ئه و هزره سـۆســـــیالیزمیه ، رێكخراوی كۆمۆنیسته كانی كوردستان ح. ش .ع ـ داش عیراق ، كۆمه ڵه ی ره نجده رانی كوردستان ، ئاڵای شۆڕش ، زه حمه تكێشان و چه ندان گروپی تری ماركسی ، تـێـكڕا ئه وه ده سه لمێنن كه كورد خاوه ن مێژویه كی سۆسیالیزمی و فه لسه فه ی تایبه تی خۆیه تی ، ئه گه رچی ئــه و لقه زانستییه ی مێژوی گه له كه مان وه ك پێویست نه دراوه ته بــه ر باس و تۆماركردن و لێكۆڵینه وه ، به ڵام بونی ڕاستییه كه و نكۆڵی لێناكرێت ، دوژمنانـــــی كۆلۆنیالیزمی داگیركار به ڕپرسیاریه تیه كه ی هه ڵده گرن ، ئه و ڕوده یه ش ئه وه ناگه یه نی كه ڕۆشنبیرو مێژو نوسانی كورد خۆ لـــه و به ڕپرسیاریه تییه ده رهاوێن .

□

په راوێز

* زه رده شتی ، یه زیدی ، حه قه ، كاكه یی ، هاواری و چه ندانی تر مێژوی فه لسه فه و سه رهه ڵدانی خه باتی دادپـــــــه روه ری كۆمه ڵایه تی قۆناغه دێرینه كانی كورد پێكدێن ، وێرایی ڕۆڵی كورد له په ره سه ندن و مێژوی فه لسه فه ی ئیسلامی ، یـا ڕێبازه جیاكانـی تری نێو فارس و تورك و عه ره ب و یا مێژوی فه لسه فه ی ماركسیزم له كوردستان یاخود له نێو ڕێكخراوه و پارته كانی ناوچه كه دا .

دلانـــــــــپار

بخوێنه وه

بڵاوبكه وه

به به باتی نایاب بیرازێنه وه

## مه هدی کاوانـــی

# ســـــۆســـــیالـــــیزم

# له قه یرانه وه بــۆ قه یران
# یا له ئه گه ری سه رهه لدانه وه !

هه لوه شاندنه وه ی بلۆکی به ناو سۆسیالیستی له یه کێتی سۆڤیه ت و ئه وروپای خۆرهه لات هه لومه رجێکی نوێی جیهانی هێنایه پێشه وه ، ده توانین بلێین ، وه رچه رخانێکی مێژویی که موێنه ی ژیانی مرۆڤایه تییه ، هه روه ها پرۆسێسێکی هه مه لایه نیشه ، به یه کدا تێپه رین و چونه ناویه کدی تێدا ده دیترێت و تابلێیت به رفراوانه ، ده یان لقوپۆی لێکه وتوته وه و به رده وامیش لێده که وێته وه ، هه ردوولایه نی ئه ری و نه ری پرۆسه یه که وه ستانی نیه و زۆرخێرا ده پرژێته شوێنه جۆراوجۆره کانی جیهان ، ته وژمی ئه وها سه خته زۆربێژه بیانه هه موو ئه وهێزانه له گه ل خۆیدا راده مالێ که له گه ل ره وتی به ره وپێشه وه چونــی مێژو کۆك نینه .

پرۆسه یه کی سه رسورهێنه ره چونکه زۆر له و هێزانه ی که روبه روی ده بنه وه به ته واوه تی له دۆستایه تی و دوژمنایه تی ناگه ن ، که به دۆستی ده زانن زۆربه خێرا به پیریه وه ده چن ، داکۆکی لێده که ن ، له ناکاو له ده ره وه ی ویستی خۆیان دیارده کان به سه ریاندا پێچه وانه ده بنه وه ، واته له خانه ی دۆستایه تیکردن ده به زن و ده که ونه خانه ی دوژمنایه تی ، با ئێمه دوربینانه له م وه رچه رخانه مێژویه وردبینه وه ، هه ربه ته نها ته ماشای روداوه کان نه که ین ، به لکو به پێویست ده زاندرێت تیشکێکیش بخه ینه سه ر کۆ ئـــــه نجامه کان و تروسکایی دواڕۆژیان ،

جێیخۆیه تی ئه م نه زمونه نوێیه ی جیهان شتێکی له بیرکراو نه بێت ، ئه و شتانه ی هه ر له ئێستاوه لێیکه وتونه ته وه خۆیله خۆیدا ئه زمونی ده وله مه ندن ، ئه گه ر هێندێ دیـارده ی شاراوه یش پێشتر هه بوین له ژێرسێبه ری دووجه مسه ری ، نـه مان توانیبێت سه ره ده ری لێبکه ین ، یاخود دورله راستییه بابه تییه کان به شێوه یه کی تر پۆشته کراوبووین ! ئه وا له و سه رده مه ماندا خه ریکه رووه راسته قینه کان خۆیان زێتر قیتده که نه وه و گومان و دوودلی راده مالن .

به لێ ئـه وه ی به ناوی سۆسیالیستی بنیاتنرابوو ناکامل بوو . دوژمنانی سوسیالیزمیش ئه گه ر له کۆشه نیگای هه ره سی بلۆکی خۆرهه لات مژده ی سه رکه وتنی خۆیــــان و گۆڕکردنی سۆسیالیزم به کۆمه لی مرۆڤایه تی راده گه یه نن ، بێئاگانه له وه ی که له سه ر هه مان کوره پان و مه ودای به ریه رینتریش سۆسیالیستیی ناته واو به ســــۆسیالیستی ته واو ده گۆردرێت . ئه وه تا له و شـوێنانه ی که ئیمپریالیزم بانگێشه ی ســــه ره مه رگی سۆسیالیزمی بۆ کردوون ، که رای بنیاتنانه وه ده ستپێکردۆته وه ،لێره وله وێ سۆسیالیسته کان و کۆمۆنیسته کان به ته وژمێکی بـه هێزتر و پته وترلــه جاران ده گــــه رێنه وه بـــــۆ ده سه لاتداریه تی و وه رگرتنی متمانـــــه ی زۆرترینی کۆمه لانی خه لك ، کــــــاروانیش به رێوه یه ، رۆژبه رۆژ ئه م چوارچێوه یه به ر فراونترده بێت ، واخه ریکه خۆ ده خزێنێته جیهانی سه رمایه داریش .

لــه مێژوی حه فتا ساله ی دوجه مسه ری و جه نگیسارد ، کۆمۆنیسته کان نه یـان توانیوه ئه ومتمانه ی خه لك له ئۆردوی سه رمایه داری وه ده ستبێنن ، وه ك ئه وه ی لـه هه لبژاردنی سالی رابردووی ئیتالیا به زۆرینه ی ده نــگ وه ده ستیانهێنا ، له ئه لمانیا راپرسی ده کرێ ، سۆسیالیسته کان و کۆمۆنیسته کـــان به زۆرینه ی ده نگ له پێشه وه ن و بێئومێدی و متامانه به خۆنه بون ده خه نه رووی نـه یاره کانیان .

ته وژمی چه پ نه ك هه ر له ئـــــه وروپای خۆرهه لات به رفراوانه به لکو په رپوه ته وه بۆ ئه وروپای خۆراواو ئه مریکالاتین وکوردستانی خۆمان و زۆرشوێنی تری جیهان . ئه نجامی هه لبژاردنه کان و راپرسییه کان که ئاشکرا ده کرێن چـــــه په کان له ریزی پێشه وه ن ، ئه وانه ی که پێشتر دۆستی یه کدی بـــوون ئامێزیان بۆ یه کدی کردبوه وه له ژێر پـه رده ی خۆپارستنیان له مه ترسی و بــــالاده ستی و ژێررکێفکردنی سۆڤیه تی ، ئێستا که وتونه ته گیانی یه کتر، هه ر هێز و ده وله ته ده یه وێت له سه ر ره نجی ئه وه ی تر زوتـــر جیهان کۆنترول بکات سه ری په ته که به ده سته وه بگرێت ، ولاته یه کگرتوه کانی ئه مریــــکا

بە ئاشکراو وەك تاکزلهێزی دەستروێشتوو بەو گیانەوە کاردەکات، دەیەوێت تەواوی جیهان بەویست و ئارەزوی ئەو بە ڕێوە بروات، زۆرترین بەرژەوەندی بۆخۆی مەیسەربکات .

هەر لە ئێستاوە گیانی ترس و دوودڵی خستۆتە پێش هاوپەیمانەکانی پێشوی، جیهانی ئەم سەردەمەمان بە نوێکاری و دیمکراسی و سەربەستی نەتەوایەتی ناسراوە کەچی دەبینین هەر هێزە لە دەرفەتێکدا پشتیوانی لێدەکات و پاشان هەرخۆیشی دەکەوێتە دژەجەمسەر .

ئەو رژێمانەی میراتی بلۆکی خۆرهەڵاتیان بۆیە جیماوە بە هەمان چەك هاتنە پێشەوە، وائێستە ش دژی هەمان چەك دەوەستن، نوێنی بوو ( یەلتسن ) ی نوێکارو دیمکرات خواز، مژدەی رزگاربوونی وڵاتەکەی لە دکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی بە خەڵك دەدا، کەچی هێندەی پێنەچو بە فڕۆکەو موشەکی قورس باڵەخانەی ئەو پەرلەمانەی بۆردمانکرد کەخۆی گەراکەی بۆدانابوو. لە بەرچاوی ئەو جیهانە سەرمایەدارییەی کەجاری نادیمکراتیەتی سیستەمی پێشویان دەدا، کەچی لە بەرابەر گوێشاوگوێش سەربڕینی دیمکراسیدا خۆیان ماتداو بە ئاشکراو بەنەهێنی کەوتنە پەلاماردانی ئەو هێزانەی داکۆکیان لەدیمکراتیەت دەکرد، پشتگیری یەلتسنیان کرد .

ئیمرۆکە چەوساندنەو زۆرداری نەتەوایەتی زۆر روبەری لە نەخشەی رامیاری جیهاندا گرتۆتەوە، کەچی سەرمایەداری ئەم جاڕدانەی لە بلۆکی خۆرهەڵات ئاشکراکرد، وادەهاتنە پێشەوە کە هەر ئەوانن خەمخۆر و رزگارکەری نەتەوە زۆرلێکراوەکان، بەڵام لەم گۆشەی جیهان بێدەنگن و لە شوێنی تر قسەی پێوە ناکەن !

بانەتەوەکانی ئەم بلۆکە لەپێناو بێنی نەتەوایەتی و رزگاربوون لەمەبەستی هەڵسوڕێنەران بە ئاگا نەهاتبوین، بەڵام ئێستە دەزانن ئەو پەرۆشییەی ئەوان بۆ ئەوە نەبوو کەجاڕیانداوە و جاری بۆدەدەن بەلکو بۆ لێکترازاندن و لەت لەتکردنیان بوو، ئێستاکە تەوژمەکە خەریکە خۆی پێچەوانە دەکاتەوە و لەخۆی هەڵدەگەڕێتەوە، ئەو هێزانەی ئەم چەکەیان لەدژدا ئاراستە دەکرا خەریکە هەرخۆیان ببنە میراتگرو جێبەجێکردنی خواستی نەتەوەکان نمونەی یۆگۆسلاڤیای پێشو، وڵاتانی بەلقان، وڵاتانی ئاسیای کۆنە سۆڤیەت بەرچاوترینیانن .

بە کورتی ئەو هێزانەی کە نوێکاری و دیمکراتی لەدژیان ئاراستەدەکرا خەریکە هەرخۆیان ببن بەخاوەنی پاراستنی راستەقینەیان، لەمەش زێتر سنور ببەزێنن بۆ جیهانیسەرمایەداری و شوێنانی تری جیهان. راستەگەر بڵێم جیهان ئاڵۆزەو دیاردەکان سەرسورهێنەرن، داواکاری لەهەندێ شوێن رەوایەو بۆ شوێنی تر گوناهە، گرفتی نەتەوایەتی و شادبوونی گەلان بەمافی رەوای خۆیان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی کە ئەم سەردەمەی پێوە پێناسە دەکرێت، دەبینین لە هێندێ شوێن بەرز دەکرێتەوە و لەشوێنی تر خەفە دەکرێت یاخود دادەپۆلۆسری .

کوا پاڵپشتی رژێمیسەرمایەداری بۆکێشەی کورد ؟ ئەوەی بەرواڵەتیش دانیان پێنابوو خەریکە پاشەکشەی لێدەکەن، چ سەردەمێك شۆڕشی کوردستان و بزوتنەوە چەکدارییەکەی و شێوەکانی تری خەبات و راپەڕین لەگشت پارچەکانی کوردستان سنوری وافراوانی بە خۆوە دیوە کە چی دەیانەوێت بە تومەتی تیرۆریست و بەناو بالۆرەی جوداخوازی و لەتکردنی خاك لێرە ولەوێ لاتەریکمان بکەن و ئەو دەرفەتە مێژوییەی رەخساوە لەبەینی بەرن .

ئەگینا بۆ رەوایە یۆگۆسلاڤیا بکرێتە سێ دەوڵەت، چیکۆسلۆڤاکیا هەڵوەشێندرێتەوە ؟؟ لە شوێنی کۆنە سۆڤیەت چەندەها دەوڵەتی سەربەخۆ بێتەکایەوە !! بەڵام بۆ ئێمەی هاووڵاتیانی کوردستان لەتکردن و جوداخوازی بێت !؟ لەکاتێکدا نەلەباری جوگرافیی و نەلەباری ئەژمار، زۆربەی ئەو نەتەوانە ناگەنە نیوەی روبەرو ئەژماری هاووڵاتیانی کوردستان .

وڵاتێك ماوە لەگوێزەوی ئەمریکا بەهانەی بۆ نەدۆزێتەوە، لەخۆراوا و خۆرهەڵات، لە ئەمەریکای لاتین و ئەفریقیا ( چین، کۆریا، ئەفغانستان، پاکستان، ئێران، کوردستان، کوبا . . . هتد ) بەمەبەستی لاوازکردن و دەستبەسەرداگرتنی سەروەری نیشتمانیان ئەم دیاردانەی ئیمپریالیزم ئەگەرچی لەوەوپێش لە پەردەی دووجەمسەری و کەموکورتیەکانی رژێمی هەربەناو سۆسیالیزم شاردرابێتەوە، ئەوا لەوسەردەمەماندا رون و ئاشکرا خۆیان دەردەخەن، رۆژبەرۆژ رق و کینەی جەماوەری بەرفراوانی کرێکاران و رەنجدەران و دیمکرات خوازانی جیهان لەدژیان پێچەوانە دەبێتەوە، دەبێتە گەورەترین پاڵپشت بۆ دووبارە تێهەڵچونەوەو خەبات لەپێناو سۆسیالیزم .

KNPSC
P.O.Box 533
00101 HELSINKI
FINLAND

م . ڕێبـــوار

## لێکۆڵینه وه یه ك له مێژوی

# کوردوکوردســـتان

## له ڕوانگه ی ماتیریالیزمی مێژوییه وه

به شی شه شه م

له لاپه ره کانی مێژوه که ی میدیا ، نوسه ری هێژا دیاکانۆف ، ده ڵێ : نه بوونی پـرۆژه ی ئاوی گه وره له کۆتایدا کارێـکی گـه وره ی کرده سه رمان و نه مانی ماد .

لێره شدا بۆمان هه یه بپرسین ، ئـــایـــا دروستبوونی ماد وه ك ده ســـه ڵاتێـــکی ده وڵه تــی کۆیله په رست له ســـه ربنچی سه ره کی پرۆژه ی ئاو بووه ؟ تاوه کو بون یانه بوونی له سه رچاره نوسی ماد کاریگه ر بوبێ ؟

نه خێر به بۆچونی من،نه !

دیسا بۆمان هه یه بپرسین : ئــایـا ئـه و ده سه ڵاتانه ی له سه ربنچینه ی پـــرۆژه ی ئاودانی گه وره دروستبوون ئه وانه یش لــه کۆتایدا هه ر نه روخاون ؟

بێگومان دیاره ئه م پرۆژانه له و مه ڵبه ند و شوێنانه سه رپده گرت و ده بوه هۆسه ره کی راگرتنی ده سه ڵات که باری ئابوریان له باری خاوری عیراقی ئێسته یاخود میسری ئه و سه رده م ده چوو ، له کاتێکدا نـــاوچه کانی کوردستان بریتین له چه ند ده شتێکی به پیتو هه رمێن و ده وره ته نراو به زنجیره چیاکان که ئاوی سروشتیان زۆره ،له که ژی زستانیش ئـــه م ئاوه پرباران و به فره ، زۆربـه ی دانه وێڵه ش په یوه ندی به جۆره که شـێکی بارانا وییه .

پرۆژه کانی ئاودێری ده گه ڵ به ره و پێشه وه چونی ئامیره کانی به رهه مهێنان کـــاری جوتیاری کشتوکاڵی وه پێشده به ن ، رۆڵــی ئابوریان گرنگترده بێ .

هه روه ك له پێشه وه ش وتمان له سه ره تای سه رهه ڵدانی کشتوکاڵدا ، ئه و زه ویانه داده چێندران که نزیك به سه رچاوه ی ئـــاوه سروشتیه کان بون ، کانـــیاوه گه وره کان ، قه راغی روبار و زێ و ده ریاچه کان ، لـه م شوێنانه دا که ئاودێری به هاسانی ئه نجامده ده رێت ، ئامیری ساکاری بــــه رهه مهێنان به سه بۆ ئه وه ی کاری ئاودێری به رێوه به رێ.

ده گه ڵ فراوانکردنی ناوچه کشتوکاڵیه کان ، به ره و پێشه وه چونی ئامیره کانی به رهه م- -هێنان و پێداویستی پترکردنی بـــه رهه م ، گۆرینی رێژگه ی ئاوه کان دێته کایه وه ، که له کوردستاندا له رێگه ی جۆگه لێدانه وه ئه نجام- -دراوه ، به گوێره ی که موزۆری ئاوه سروشتیه کان سودیان لێوه رگیراوه .

ئه و جۆگـــانه ی له کانییه ســـــروشتیه کان وه رده گیرێن ، که بایی پارچه زه ویه کانـــی دامێنی کانـــی و ئــاوه کانن ، ئـه مه یه که م ، دووه م : ئه و جۆگا نه ی له سه رچاوه و کانییه گه وره کان یاخود له سه رچاوه ی ئاوی زۆری وه ك روبار یا زێ هه ڵده به سترێن که بـــایی زه ویه کانی دامێنی خۆیانن ، زۆرجار به قولایی دۆڵ و شێوی وادا رێچه که ده که ن له بـه ر نزمی ئاستیان له زه ویه کانی دامێن گربو چـــیاکان سودیان لـــێوه رنـه ده گیرا که رئاستی نزمیان نه گۆردرابا ،

زۆرجاریش چه ند سه رچاوه یه کی نـــزیك به یه ك له جۆگه یه کدا کۆده کرایه وه و لـــه کاری ئاودێری به کارده هێندرا ، لــه هه ردوو باردا ئه وه ره چاو ده کرا پـــارێزگاری به فیرۆنه دانی ئاو بکرێت ، به وه ی که لــه سه روی روباره کان جۆگه هه ڵده به سترا دوای ئه وه ی له ئاودان و به رده سته کردنی پێداویستیه کانی ژیان له ئاواییه ك یا چه ند ئاواییه ك به کارده برا ، ئه وجا دووباره لــه خواره وه ئاوه که ده خرایه وه سه ر روبار، له بایی پێویست زێتری لێکه م نه ده بوه وه ، نمونه یه کی ئه م جۆگانه ئه مه یانه :

سه رچاوه ی ئاو ← جۆگا ← زه ویه کانی دامێنی ← ئاشه کان ← کاروباری نێو ئاوایی ← زه ویه کشتوکاڵیه کان ← زه ویه کانی خوارئاوایی ← ئاشه کان ← زه و یه کان ، دووباره ئاشه کانی ئـــاوایی دووه م ← زه ویه کان . . . . به مجۆره دوباره بۆته وه و له دوایشدا خراوه تــــه وه سه ر رووبار گه ر له روباره وه هه ڵبه سترابێ ، زۆربه ی ئاواییه گه وره کان و شاره کانیش سودیان له مجۆره جۆگه یه وه رگرتووه .

جۆری یه که م ده گه ڵ قۆناغی سه ره تاییدا ده گونجێ ، هی دوومه یش ده گه ڵ قۆناغی دوای ئه و ، واته کۆیله تی ، کاتێ ئامیره کانی بـــــه رهه مهێنان پێشکه وتو تربوون و پێداویستی پترکردنی به رهه مهێنان بـــۆته ئامانج ، ده ستیکارکه ریش زۆرتر بووه .

بێگومان زۆربه ی ئه م جۆگانه رۆخـه کانیان تاشه به ردی رێکیان تێگیراوه و زۆرجاریش سه ریان گیراوه ، یا به تاشه به ردی رێکوپێك

به درێژایی چه ندین کیلۆمه تر داپۆشـراون ، ئه مه ش جگه له ده ستیکار، ئامیری وه های پێویست بوو له به ردو چه قه ن برِیکه ن ، لـــه پله ی دووه مدا پێداویستی داچاندنــی زه وی پترو به رهه می زۆرترو پێویستی کۆمه ڵایه تی و به ره و پێشـه وه چونـی زانیاری له مه ر ئاودێری و شاره زابوون لــــه جۆری خاك و شێوه ی هه ڵکه وتنی و ساڵانه هه ڵدانـه وه ی شونی ئاوه کان ( ئاوه زێ ) ، بۆ داچاندنـــــی ئه و زه ویانه ی دووربوون وئاویان نه گه یوه تێ کاری ( کارێز ) لێدانیان هێناوه ته ئارا ، کــه ئه ویشیان دووجۆری هه یه یا له قه د چیاو به رزاییه کان که شوێنی ئاوه که به رزبووه و زه ویه کانی دامێنی به راوکردووه ، وه یـاخود له ده شتاییه کان به هۆی چه ند بیرێکه وه به بنپیڤ ( نفق )له ژێرِا به یه کدی ده گه یه ندران تا ده گه یێندرانه ئاواییه کان یاجێگه ی پێویست ئه مه به گشتی پرۆژه ی ئاودێری بووه لـــه کوردستاندا ، له ته ك بیرو ئه ستێره کـــان و هه ڵبه ته سود وه رگرتن له ئاوی بارانیش ، که سه رتاپا ئه مانه زۆرجیاوازن له پرۆژه ی ئاوی گه وره چه شنی وڵاتی قوبتیه کان ( میسری ئێسته ) که ده ستیکارکه ری کۆیله کان رۆڵی هه ره گرنکیان بـــــووه له دروستکردن و ئه نجامدانیان ، بنجی سه ره کی بوون لـــه چه سپاندنی ده سه ڵات له و ناوچه یه دا .

به ڵام له کوردستان هه رچه نده لێدانی جۆگه یه کجار کۆنه و له پاشماوه کانی چه رمو شدا شـوێنه واری دۆزراوه ته وه ، وه لێ ئه م رۆڵه گرنگه ی نه بووه ، له گه ڵ ئه وه ی بـنجیکی سه ره کی بووه له به رهه مهێنان ، به ڵام نه ك هه ر ئاودێری بگره پاسه وانی رێـــگه وبانیش هه ر ئه رکی ده وڵه ته ، گه ر ده ســــه ڵاتی ده وڵه ت ئه م کاره شی ئه نجامدابێ ئـــه وا مه رجنیه بنجی سه ره کی دروستبوونی ئه م ده سه ڵاته بوبێ . رژێمی کۆیله تی به درێژایی بوونی ، چه ندین قۆناغی بووه ، یـــه که میان کۆیله تی گشتی بووه ، سه ره تاله نێوکۆمه ڵگه سه ره تاییه کاندا سـه ریهه ڵداوه لــه کاتیکدا هێشتا شێوه ی خاوه نداریه تی کۆمه ڵایه تـی تێدازاڵبوه ، له م قۆناغه دا ژماره ی کۆیله کان که م بوون ، رۆڵی گرنگی پترکردنی به رهه مـ ـهێنانیان لاوازبووه ، ده توانین بڵێین زۆرجار شێوه ی « دانپیانان » ی وه رگرتووه ، لـــه ئه نجامی ئه و یارمه تیه ی ده وڵـه مه ندانی ئاوایی یاخود کێخواکان له زۆربه یـــکاتدا به رابه ر به چه ند دیلێك یا ئه ندامیکی ئاوایی که توشی کاره ساتی بێئامیری یا سروشتی هاتووه ، لـــه به رابه ر دابینکردنی ژیانی به رهه مه که ی به خاوه ن ئامیردراوه ، ئه م باره ده گه ڵ جیگیربوونیدا « واته جیگیربوونی خاوه نداریه تی تایبه تی » بـــۆته مــــــافی ده ستگیرکردنی به رهه می ئابوری کۆیله کان دوایی خۆشیان ، به مجۆره کۆیله کان یـان کۆیله تی ده بووه راستییه کی کۆمه ڵـــگه و به گوێره ی نه ریت و یاسا، چینی چه وسێنه ر ده بوون به خاوه ن کۆیله به هۆی ئـه وه وه ئه وان « مافی » خاوه نداریه تی تایبه تـیان هه بووه ، که بریتی بوون لـــــه پادشایان ، کێخواکان و ده وڵه مه ندانی نێو کۆمه ڵگه ، له نێوان کۆیله وخاوه نه کانیاندا، ساچینه کان هه بـوون که ئه وانیش بریتی بوون لـــــه پاشماوه ی کۆمه ڵگه ی پێشوو، له کۆتیایشدا به شه کانی تری کۆمه ڵگه ی داهاتوو .

ده گه ڵ به هێزبوونی دژکاری چینایه تـــــی دووچینه سه ره کییه که ی کۆمه ڵگه ، واتـــه کۆیله وخـاوه نه کانیان ، ده سه ڵاتی ده وڵه ت دروستبوو ، به هۆیه وه به هێز کۆیـــــله کان ژێرده ســـته کراون ، به بێی ئه وه خاوه نه کانیان هه رگیز نه یانده توانی به سه ریاندا زاڵبن ، هه رگیز زیده بّه رهه م نـــــه ده هاته کایه وه .

یه ك له فه رمانه هه ره سه ره کییه کانی ئـه و ده ســه ڵاتانه هه روه ك دیتمان ، سـه رکوت کردنی چه وســاوه کان بوو ، به هۆی ژێـــر ده سته کردنی له خۆبێهزتره کان و نــــاچـــار کردنیان به سه ردانه واندن و باجدان ، جــگه له پارێزگاری کردنی سنورو سـه رکردایه تی کردنی هێرش وله شکرکه شی و په لاماردان .
سیسته م وشێوه ی پیکهاتنی ئـه م ده سـه ڵاته ئامیریکی گونجیندراوبوو ده گه ڵ تاییه تیه تی کۆمه ڵگه ی نوێی « کۆیله تی » له هه مانکاتدا دژ به هێندێ نه ریت و یاسای خێله کـی بوو ، که کۆسپ و ته گه ره بوون له ســـه رریگه ی پترکردنی به رهه م ، ئه مه ش واده گه یێنێ که ئه مشێوه ده سه ڵاته لــــه به رژه وه نــــدی سه رۆك و کێخواکاندا بوو ، بۆیه ش ئـــــه م شێوه ده سه ڵاته هێزی تایبه تی خۆی بۆخوی پیکهێناوه ، تا وه کو بتوانی بــــه زۆرلێکردن به رگری له به رژه وه ندییه کانی خۆی بکات ، جگه له دامه زراندنی ده زگای تایبه تـــــی و دادگه ری که به قازانجی به رژه وه ندی خۆیان گه راوه ، له کۆتایدا هه وڵی ئه وه یـــان داوه هه ردوو ده سه ڵاتی رامیاری و ئاینی بــــه یه که وه کۆکه نه وه .

ئه م ئیمپراتۆریه ته کۆیله په رستانه بریتی بوون (مه به ست ئه وانه ی کوردستانه ) لـه یه کێتی هۆزه کان ، که گه وره ترین هۆز ده بوو بـــه ناوك ، ئه وانه ی دی له ده وره ی خۆیدا کـۆ ده کرده وه ، له نێوان خۆیاندا سـه رکردایه تی گشتی واته سه رکردایه تی ئابوری وسـه ربازی یان هه ڵده بژارد، ئه م ده سه ڵاته ش ده بـوو به میرات ، له و هۆزه شدا بنه ماڵه ی هــه ره به ده سه ڵات و ده وڵه مه ند زاڵده بوو ، بۆ یـه سه رکردایه تی له نێوان ئه واندا په یدا ده بوو،

دە کە وتە دە ستە خۆیان ، دە درابە لایە نگران و دە ستە و دایە رە ی سە ربە خۆیان .

هە روە ك زۆرجار دیمان ناكوزە رانی ئابوری لە كۆتایدا تە نگە ی بە جوتیارو خە ڵكە ئازادە كانیش هە ڵدە چنی ، وە ك لە چە ند شـوێنی پێشودا رویدا ، لە ئاكامدا راپـە ڕینی گشتی دژی دە سە ڵات بە رپا دە بوو .

بە هۆی ئە وە وە لە ناوچە كشتـوكاڵیە كان و مە ڵبە ندە كانی كار كۆیلە كان لە ئە نجامی چە وساندنە وە و بێزاری دە كە وتنە پشتگوێ خستن و بە تە نگە وە نە هاتنی چاكی و زۆری بە رهە م ، ناچار دە سە ڵات ئە وسا رێـگە ی دە دا بە مانە وە ی هە نـدێ كۆمە ڵـگە ی سە رە تایی ، بە ڵام دیارە ئـە م پاشماوانە هە رگیز لە ئاستی كۆمە ڵگە سە رە تاییە كانی پێشخۆیان نە دە چون ، ئە گە ر لـــە لایە ن كێخواكانە وە ش نە بووبی ئە وا لـــە لایە ن دە سە ڵات بە ردە وام دە چە وسێندرانە وە ، بە شێكی زۆری بە رهە میان داوە بە پیاوانی ئاینی و دە سە ڵاتدارانی دە وڵە ت كە زۆربە ی لە كاروباری سە ربازی بە كاربردراوە ، بۆ ئە م مە بە ستە ش دە وڵە ت دامودە زگای ئە وتۆی دروستكردووە كە پیشە یان سە ندنی بـاج و بە كانە و دە یانە بووە ، لە رێگە ی ژێردە ستە كردنی پاشماوە ی كۆمە ڵگە سە رە تاییە كان دە سە ڵات رێگە ی هە ڵتە كاندنی ئە وانیشی خۆشكردووە ، بە و هۆیە وە ش بونە تە خاوە ن زە ویوزاری فراوان ، پادشاكان و دە سە ڵاتـداران ئە و زە ویوزارە نوێیانە یان بە سـە ر كە سانی نزیك لە خۆیاندا دابە شدە كرد، وە ك سە ركردە و پیاوانی ئاینی ، لە پێناوی بـــە هێزكردنی جێپێیان لە نێو كۆمە ڵدا .

گە ر سە رنجبدە ین دە بینین خاوە نداریە تی زە وی فراوان دە بێتە قوتدە ری تــە واوی زە ویوزاری جوتیارە ئازادە كانیش ، لێرە وە سە رە تای سیستە می قۆنـــاغی سییە م « فیودال » دە پشكوێ . لـــە هە مانكاتدا نیشانە ی هە ڵتە كانی قۆناغی كۆیلە یە تیشە ، جگە لە وە ی لە باری دوارۆژانی فە رمانڕە وایی ماد ، دە بێ ئە وە مان لە یاد نە چێ ، كە ئە و كاتە ماد لە پلە ی بوژانە وە ی شارو مە ڵبە ندە بازرگانییە كاندا بوو ، ئێمە دە زانین كە ماد ئە وساكە بایە خی زۆری بە قـە ڵاو شارە كان دە دا ، بە تایبە تی ئە وانە ی كـە كە وتبونە سە رە رێی بازرگانی نێوان ماد - نیواندووزێ- مە دیتریانە « دە ریـای سپی ناوە ڕاست » لە پێناو ژێـر ركێفكردنی رێگاو بانە كانی هاتووچو ، ئە مە ش مادی بـۆ دوو ئە نجام دە خلیسكان ، یا دە بو ماد دابە ش بێ بۆ چە ند دە وڵە تی بچوك - شارە دە وڵە تییە كان - یاخود رۆڵی قە ڵاچۆكردنی پیاوە گە ورە كانی ناوچە دە سە ڵاتدارە كان بگرنە بە ر، بە ڵام بە هۆی ئە وە وە ئە مە ی دواییان پێنە نجامنە درا، لە كۆتاییدا بوە هۆهە رە سـهێنانی ماد بە دە ستی پارسە كان .

بە ئارابوونی خاوە ن زە ویە فراوانـە كان ، وای داوابوو كە زۆربە ی خە ڵكی پە نابە رنە بە رخاوە ن زە ویە كان ، ئە مە ش نــە بوایە ئە م كۆمە ڵگە یە فراژیبوونی بە رە و قۆنـاغی داهاتوو بە دە ستنە دە هێنا ، لە م بارە شدا نە ك تە نیا جوتیارە كان بونە دە ســـتی كاركە ری سە ر زە ویە فراوانە كان ، بـە لكو ئە م بارە كشایە سە رپیشە دە ستییە كانیش ، ئە مە ش خۆیلە خۆیدا بوە هۆی هـــە ژار كردنی ئاواییە گە ورە كان و گە نینی شێوازی بە رهە مهێنانی كۆیلە تی ، وە ك لە پێشە وە باسمانكرد بـــە ئاژاوە ی « ئاستیاگ » دە ستپێكرد ، ئاستیاگی خستە بارێكی وا كە نە یدە توانی چیتر دە مگۆی كۆمە ڵ بـێ بە گشتی ، هە تا زۆربە ی ســە ركردە كانی دە وروپشتـی بــایــــانــدایە وە سـە ری بـــە و هۆیە وە ش خە ڵكە كە بە ئاواتـــی گۆڕانكاری بوون و رژێم ببوە تە كە رە و هۆی بێدە رامە تی خە ڵكان ، بە رە و هە ڵدێری لـە ناوچون گلۆربوە وە .

بە ڵام وە نە بێ ئە و گۆڕانە كۆمە ڵگە ی لــە چە وساندنە وە رزگاركردبێ ، هە ر چە نـدە لە قۆناغی خۆیدا هە نگاوێكی پێشكە وتـوبووە ، چونكێ دوای ئە وە دووبارە هـــە ژارە كان ژێر ركێفی دە سە ڵاتی خاوە ن زە ویــە كان دە بن ، ئە وانیش لە و چە وساندنە وە یـــان درێخی ناكە ن ، گۆڕانی ئاستیاگ بە كۆڕش لە وە ناگۆڕێ كـــــە باری ژێردە ستە ی و چە وساندنە وە لە پە رە سە ندن بخات .

هە ربۆیە دە بینین چە ندین راپە ڕینی بـە دوا یە كدی سە رهە ڵدە دە ن كـە رۆڵی كاریگە ریان لە كۆتایهێنان بە رژێمی كۆیلە تی گێڕاوە ، راپە ڕینە كانی هێزداتە ، فرائورت و ئە وانە ی دی نمونە ی هـــــە وڵدانی خە ڵكانە بـۆ دە ربازبوون لە ژێر باری چە وساندنە وە ، بە گشتی ئە م بارە لە كۆتاییدا ببوە هۆی تێكە ڵ بوون و چونە ناویە كی هۆزە كان « لە م رێگە یە شە وە ، هە رلە وساوە مرۆڤایە تی بـە رە و پێكهێنانی نە تە وە هە نگاو دە نێ » ئـە نگلز وتە نی .

دلانـــــپار

بۆ هە موو بابە تێكی بە پێز لاپــە ڕە كانی ئاوە ڵایە !

جه واد مه لا

# كوردستان
## نيشتمان وگه لێكى بێ ده وڵه ت

چاپگه و بڵاوگه ى كوردۆلۆژيا

له نده ن ۱۹۸۵

به شى 5

گۆرینى له عه ره بییه وه بۆكوردى زاریسورانى

شێركۆكۆیى

به پێى ئه م دابه شكردنه ، پارێزگه ى ئامه د ( ولایه تى دیاربه كر) كرا به نۆزده ناوچه (سنجق – بنكه ى به رێوه به رایه تى عوسمانلى ) شانزده له وانه وه ك بنكه ى به رێوه بردن راسته وخۆ ژێر ركێفى توركان بوون ، هه شته كه ى تریان سه ربه خۆبوون و میرانى كورد فه رمانره وایيان تێدا ده كێرا ، كه ئه وانه ن : سه مغان ، قولپ ، مه هرانییه ، ته رجیل ، ئاتاق ، پرتك ، چیاچكور ، چلمێرك ، فه رمانره وایى له و به شانه دا میراتگرى بوو له باوكه وه بۆ كور ، جگه له مانه هه رله و پارێزگایه پێنج ده سه ڵات ( حكومه ت ) هه بوون كه راسته وخۆ سه ربه سوڵتان بوون ، ئه وانه یش ئه مانه ن : ئاكیل ، پالۆ ، جه زیره ، حازو ، گنج ، به گوێره ى كتابى ( جهاننما ) له دوایدا دوو حكومه تى تریشیان هاتوته پاڵ ، ئه وانه یش حكومه تى خاپورو ئاڵشكورد ، سه رۆكانى ئه م حكومه تانه پله ى میریمیرانیان بوه و له كشت كاروبارێكى نێوه خۆدا ته واو سه ربه خۆبوون ( بنواره « شه ره فنامه » « ئه ولیا چه له بى » « موزین زاده « هامه ر » ) . ئه م سیسته مه ى به رێوه بردن وه نه بێ تایبه ت به ئامه د بووبى ، به لكو ناوچه كانى ترى كوردستانیشى گرتبوه وه ، هه روه ك ده بینین له پارێزگه ى ڤان سیوحه وت ناوچه ى به رێوه به رایه تى ( سنجق ) و چوار حكومه تى كوردى هه بووه كه راسته وخۆ ژێر ركێفى سوڵتان بوون :

١ – حكومه تى هه كارى : هێزى سه ربازى هه رده م ئاماده ،بریتى بوو له ده هه زار جه نگاوه ر، له كاتى جه نگدا ئه ژماریان ده گه یشته په نجا هه زار .

٢– حكومه تى به دلیس : هێزى سه ربازى هه روه ك هى حكومه تى هه كارى بوو .

٣– حكومه تى مه حمودى : له خۆرهه ڵاتى ڤان كه سه رتاپا نزیكه ى سه دوویبیست خێڵى كورد له وێ ده ژیان ، هێزى هه رده م ئاماده ى ده گه یشته شه شهه زار جه نگاوه ر .

٤– حكومه تى پنیانش : دراوسێى حكومه تى مه حمودى بوو،هێزى سه ربازیشى هێندى ئه و بوو.

هه روه ها ( ئه ولیاچه له بى ، به رگى ٤ ، لاپه ڕى ١٧٨ ) دا ده ڵێ : سه ره راى ئه وه پێنج حكومه تى تریش له وناوه دا هه بوون كه سه ر به ئێران بوون ، ئه وانه یش ئه مانه بوون : قوتور ، پیره دووزێ ، جولانى ، ده مده مى ، ده نبه كى ) بوون .

له دواى تێشكانى ئیرانییه سه فه ویه كان ( راستره بوترێ – فارسه سه فه ویه كان – و ) له جه نگى چاڵدیرانى ١٥١٤ ، دواى مۆركردنى په یماننامه ى ئه رزه رۆم له ساڵى ١٦٣٩ى زاینى ، كه به گوێره ى ئه و له سه ر دیاركردنى سنور رێكه وتبوون ، كوردستانیان له نێوان خویاندا دابه شى دووبه ش كرد ، كوردستانى خۆرهه ڵات كه ژێرده سته ى ئێران كرا ، به شى هه ره زۆریشى بوه داگیرگه یه كى توركیا . ئه مه ش یه كه م دابه شكردنى كوردستان بوو . . له گه ڵ ئه وه ش ئه م دابه ش كردنه نه بووه هۆى وه ستاندنى جه نگى نێوان ئه م دوو ده وڵه ته ، هه تا دواى یه كه م جه نگى جیهانى ، چونكێ هه ریه ك له وانه ده یویست ته واوى كوردستان ژێرچه پۆكى خۆى بخات .

تا سنوره كان چه سپێندران كوردستان گۆره پانى جه نگه ى زۆر پێكدادان و به یه كداپژانى له شكرى سه فه ویه كان و عوسمانییه كان بوو ، له هه مانكاتدا هاووڵاتیانى كوردستان هه رده م له بارى راپه رین و شۆرشدا بوون دژى دابه شكردن و داگیركردنى نیشتمانه كه یان ، چه ندین داستانى پڕله دلێرى و نه به ردى و قوربانى له پێناو سه ربه خۆیى نیشتماندا رووياندا :

**ا – جه نگى قه ڵاى دمدم ( پێنجى كانونییه كه مى ساڵى ١٦٠٨) :**

قه ڵاى دمدم له خۆرهه ڵاتى كوردستان و نزیك شارى ورمێ هه ڵكه وتووه ، قاره مانى

ئه و داستانه ش « ئه میرخانی یه كده ست » یه ك له میره به ناوبانگه كانی هۆزی ( بـرا دۆست ) ی به ناو ده نگی كوردستان بووه ، كه به رگریـكارانی قه لا بوون ، ئه و جه نـگه پر له نه به ردییه دژ به له شكری فارسه كان كه بیستوسیٚ هێنده ی له شكری كورد بوون ماوه ی چه ند مانگێك درێژه ی كێشاوه ، له كۆتایدا له به رفشاری له شكری فارسـه كان قه لا گیراوه ، دوای ئه وه ی دلێرانـی كورد به جه رگه وه له بورج به بورج و بست بـه بستی قه لا به رگریان كرد ،له كه ل ئـه وه ی چه ند جار فارسه كان پێشنیای خۆبه ده سته وه دان و به لێنی بێوه ییونیان به به رگریكا رانی قه لا دا، وه لیٚ تین و كوری نیشتمانپه روه ری به رایی چاویانی نه دا ببینن دوژمن پێده نێته سه رخاكی نیشتمان و مردنیان له وه پێباشتر بوو . . . . تـــا دوا قاره مانیان شه هید كه وت به رگریان كرد ، فارسه كانیش زۆر بێبه زه یانه و بێده ست پاراستن لـــــه جه نگاوه رو نـــــه جه نگاوه ر كوشتارێكی گه وره یان كرد . . . نێره جێی ئـــه وه نییه به درێژی باسی ئـــه م رووداوه پـر له خۆ به ختكردنه و نیشتمانـپه روه رییه نـــه مره بكه ین ، ئه م باسه خۆی له خۆیدا پیٚویستی به نوسینی سه ربه خۆیه بۆ ئه وه ی نه وه كانی كورد به درێـژایی ژیان لێی به رخوداربن .

### ٢ - كوشتاری خێله كانی موكری :

كاتیٚ میری خێله كانی موكری ( قوبـادخان ) سه رپێچیكرد له كه ل فارسه كاندا له كه مارو دانی قه لای دمدمدا به شداری بكات ، شـا عه باسی سه فه وی برپاریدا تـه واوی خێله كانی موكری كه فرمانی نه ویان دابووه دواوه قه لاچویان كات به خۆو له شكرێكه وه به ره و شاری مه راغه ی خۆرهه لاتی كوردســتان به رێكه وت . ( ١٦١٠ زاینی ) ، له هه مانكاتدا بـه رابه ر به قوبادخان سۆزێكی شایانه ی زۆری نواند ، ئه ویش به وه هه لخه له تاو به خۆو سـه نو په نجا سواره ی كورد به ره و پیریه‌وه‌چوو . . . . هه ر كه گه یشتنه دیوانی شا بـه ته له ی زۆلی شاوه بوون و نامه ردانه هه موویانی له ناوبرد ، دوای ئه وه شاكوردكوژ رووی كرده قه لای ( كادول ) له ویٚ ده ستیكرده كوشت و برین و به هه زاران كوردی موكری بێتاوانی كوشت ، هـــه زاران ژن و منالی به ده ستبه سه ری به شێوه یه كی داگیركاری توره هات و توخمپه رست و هۆڤی به دیل برد .

### ٣- شۆرشی گیانپولا :

بنه ماله ی گیانپولا هه ر له دێـــرزه مانه وه فه رمانره وای شاری ( كلس ) یان بـه میرات بۆمابوه وه ، میر حه سه ن كه سه ركرده یان بوو له هه مانكاتیشدا والی شاری حـه له ب بوو، له وكاته ی سه درولٔه عزه می عوسمانلی ده چوو ئێران داگیربكات ، میر حه سه نیش داوای ئه وی بۆ به شداریكردن له و جه نـگه دابوه دواوه ، ئه ویش پیلانێكی بۆ نایه وه و كوشتی ، برا كه ی ئه و میر عه لی له تۆله ی ئه وه دا دژ به عوسمانیه كان راپـــه ری و شۆرشێكی به رفراوانی نایه وه تاوه كو سـالی ١٦٠٧ زاینی به له شكرێكی ئه ژمار چــل هه زار سه ربازی كورد دژی عوسـمانیه كان جه نگا ، ده ستیبه سه ر حه له ب و دیمه شق و ته رابلسی شام داگرت ، به سه ربه خـۆیی فه رمانره وای ولاتی ده كرد ، دراوی لێداو ده گه ل ده وله تانی ئه ورویا كه وته په یمان به ستن ، دوای زۆرجه نگی دژوار عوسـمانیه كان ته نگه یان پێهه لچنی و ناچار خۆیــدا به ده سته وه ، سولتانیش به خشی ، دوایش په له ی والی ولایه تی ( ته مشور ) یه ك لـه ناوچه كانی نه مسای پێدا ، به نــه هێنیش كه سێكی به دواوه خست ، تا له شـــــاری بولگراد ، كه به ره و باره گای فه رمانره وای نوێی به رێوه بوو ده ستكوژكرا .*

### ٤- كوشتاری خێلی ئالالشی :

وه ختیٚ سه درولٔه عزه می عوسمانلی موراد پاشا مرد ( ١٦١١ زاینی ) نسوح پاشــــا فه ره مانره وای ئـــامه د ( دیاربه كر ) بوو ، ئه وكاتی ده ستیه سه ر قه لایه كی ئه و خێله داگرت ، چوارهه زار ژن و زارۆكی له ناوچه یه كی پر له كون كاژێرك په ستاو بــــه دوكه ل قانگیدان تا هه موویانی خنكاند . . . . . لــــه پاداشتی ئه و تـــاوانه گه وره یه ســـولتان به خشیشێكی زۆری ئـــه و خوێنمژه ی كرده په له ی سه ردارو سه درولٔه عزه می پێدا، دوای ته نیا سیٚ سال یه زدان تۆله ی له وخوێنرێژه كرده وه و هه ر به فرمانی سولتان و لــه به ر هۆی سولتانی خنكێندرا ( ١٦١٤ ) **

---

* به لیٚ زۆریـان له وانه كرد و كوشتنیان ، هه روه ك پێش ئه ویش براكه ی میرحه سه ن یان كوشت ، ئه مه ش ئه نجامێكی سروشتی هه ر یه كێكه به داگیركاروبه لێنی درۆزنانه یان بروابكات ، به لام ئه وه ی جێداخ و كه سه ره تاوه كو ئێسته ش كوردی وامان هـه ن بـه چاوی ســۆزو دلشـادییه وه چاوه رێــی وشه یه كی ده می ئه و گورگه داگیركارانه ی كوردستانن ، هه روه ك منالێكی هه تیو كـه شیرینی ده ستی باوككوژان و تالانكارانــی مالی باوكی ده خوات و لیكاوی به زاریـــدا دێته خواریٚ .

** یه زدان تۆله ی له وانه ش كرده وه كـه به یمانی شه شی ئاداری ١٩٧٥ زاینیان لــه دژی كورد له جه زائیر مۆركرد ، شـای گۆرپه گۆربه ده ربه ده ری و سه رشۆری و ئـــه تك كراوی تۆپی دوای ئـــه و هه موو سه رداری و ده سه لاته ی كه هه یبوو ، بۆمیدینیش بـه

هه روه ها ( دائیره ی مه عاریفی ئیسلامی وای تۆمارکردووه ، که به شی زۆری له شکری عوسمانلی له سالّی ۱٦۲۱ به غدایان گرته وه کوردبوون ،زۆربه ی په له کانی له شکری شا عه باسی سه فه ویش له خیّله کانی موکری بوون . به هۆی ئه وه وه بوو زۆرجار به سه ر عوسمانییه کاندا زالبوو . *

له و سه رده مه دا زاناو نیشتمانپه روه ری مه زن میرشه رفخانی به دلیسی ( هه رده م مۆم له سه ر گۆڕی هه لّبیّ ) چالاکانه تیّده کۆشا گیانی هاوکاری و یه کێتی له نیّوان ریزه کانی که لی کورد تۆده دا ، داوای دامه زراندنی یه کێتی رامیاری و به ره یه کی هاوبه شی نیوان حکومه ت و ئیماره ته نیشتمانپه روه ره کانی ده کرد له شێوه ی حکومه تێکی یه کگرتوودا ( فیدراسیۆن ) که پایته خته که ی شاری بۆتان بیّ ، به لاّم پلانه گلاّوه کانی سه فه ویه کان و عوسمانیه کان و ته گبیری به رێوه بردن و رامیاری که هه رده م ئامانجی چاندنی تۆی دوبه ره کی و لێکترازان بوو ، رامیاری میکاڤیلی ئه وان ( لێکیان بکه ! زالّده بی) بوه چه په ری نێوان ئه م و ئه وئاواته ی که تاوه کو ئیمرۆش ئازادیخوازانی کوردستان له پێناویدا خه باتده که ن ، هه روه کچۆن داگیرکاران له پێرۆکردنی رامیاری میکاڤیلی خۆیان به رده وامن ، وا زه ن ده که ن له و ریگه وه ده توانن به داگیرکردنی کوردستان دریژه بده ن .

دائیره ی مه عاریفی ئیسلامی — ده رباره ی رامیاری عوسمانیه کان له به رابه ر گرفتی کوردستان ، دیسا وا تۆمارده کات :

( ئه نجامی په یمانی ۱٦۳۹ ی زاینی نیوان عوسمانلی و سه فه ویه کان ، ئه وه بوو : زۆربه ی کورده کان ژێرچه پۆکی تورکان بوون ، کاتێ ده سه لاّتی عوسمانی ترسشکێن بوو و ئێران له وه ده رچوو ئیتر بایه خ وگرنگی پێبدرێت ، ئه وجا که وته پیاده کردنی رامیاری بنکه یی له کوردستان و به و په ری توندی و سوربوون ، یه ك له کۆلّه گه کانی ئه م رامیارییه ی تورکان وکه سێکی له کشتیان پتر بۆی که رموکوڕ بوو ( مه لیك ئه حمه د پاشا ) بوو زاوای سولّتان موورادی چواره م ، که دوای گرتنه وه ی به غدا کرابووه والی ئاماد ( دیاربه کر ) ، ئه و به هیچ جۆرێ هه لی پیاده کردنی ئه ورامیارییه ی تورکی له ده ستنه ده دا ، بۆ شکاندنی شانوشکۆی به رێوه به رایه تیه نیشتمانیه کان وئیماره ته کانی کوردستان به راستیش مه لیك ئه حمه د

---

← ئه خوشییه که وه چوو دکتۆرانی خۆرهه لاّت و خۆراوا نه یان توانی ده ستنیشانی جۆرو هۆیه کانی بکه ن . . . .سێیه میان سه دام حوسه ینه که هه ر رۆژه ی سه دجار گیانده دا ، نازانێ چۆن له ته لّه ی داوه موی ریش پانه کان ده ربازبێ که پێنج ساڵه له ستۆی ئالاوه ( مه به ستی نوسه ر جه نگی عیراق – ئێرانه – و ) وه ك مۆته که ی سواری سنگی بووه و چاوی بۆ لێکناندرێت ، ئه وه یه چاره نوسی ئه و تاوانبارانه ی په یمانی جه زائیریان مۆرکردو مافی رزگاریخوازانه ی که لی کوردی چه وساوه یان پێشێلکرد ، هاواری منالاّن و ئازاری دایکانی کوردستانیان نایه ژێرپێیانه وه ، به زدان لێیان فه رامۆش نه بوو له تۆلّه ی ئه م هه موو خوێنه پاکه ی شه هیدان ، به که مترین بر له و سزایه ی پێیان ره وایه سزایدان ، وه ك له وه وپێش سزای نسوح پاشای دا ، زۆردار رۆژی دێ داگیرکارو توخمپه رست وه ك سه گی هار ته مه نیان چل رۆژه .(۱)

* له یادمه له هاوینی ۱۹۸۳ کاتێ له کوردستانی داگیرکراوی ئیران بووم ، فرۆجه نگیه کانی عیراق شاری مه هابادیان بوردمان کرد ، به رامبه ر به وه فرۆجه نگه یه کانی ئێرانیش شاری ئامیدی کوردستانی ژێر ده سته ی عیراقیان دایه به ربۆمبا ، هه ردوو شاریش کوردن و قوربانیه کانیش له هه ردوو لا هه رکوردن . . . . جه نگه که شیان ناو ناوه جه نگی عیراق و ئێران !!!

هه روه ك چۆن تا ئیمرۆ زۆربه ی به ش و په له له شکری عیراق ، ئێران ، سوریاو تورکیا له رۆله کانی که لی کورد پێکدین ، زۆربه ی قوربانیه کانی جه نگی ئه وانه یش هه ر کوردن ، هه روه کچۆن جۆرێکی تری قوربانی هه ن که ناویان ده نێم قوربانی خۆویست ، ئه وانه یش ئه وانه ن که خۆیان له پێناو رازی کردنی عوسمانیه کان له دژی سه فه ویه کان ده جه نگان یا به پێچه وانه وه !! ئه مجۆره په یوه ندیه پرله سه رشۆرییه به داخه وه دووباره ده بێته وه بۆ ملدان بۆ جه نگ له دژی ئێران و بۆ رازیکردنی عیراق یاخۆ دژی عیراق بۆ رازیکردنی ئێران ، پتر له وه ش هێندێکیان له وه ش زیاتر ده بنه هۆی سوك کردنی ئه و باره له سه رشانی داگیرکارانی کوردستان و هاوولاّتیانی خۆیان که هاوبه شی هه مان ئامانج و گرفت و چاره نوسن ده کوژن و ده برن ، رووبه روو به بێشه رم به ته واوی هۆشیاری و به ویستی خۆیان ئه و کاره ناره وایه ئه نجامده ده ن ، دروشمی جه نگی کوردکوردیان به رزکردۆته وه قوربانی به که لی کورد ده ده ن که لایه ن داگیرکاران و ئه وانه وه له هه مان کات بۆته نیشانه ی پێکان ، ئه وه ی داخه وکه سه ر ده نێته دلّه وه و خوێن له جگه ر ده تکێنێ ئه وه یه که به ناوی خه باتی رزگاریخوازی کوردستانه وه ئه مه ده که ن !!!

کوردســـــتانی تا پله یه کی زۆربچوك کرده وه بێنمودی کرد و گه مارۆیدا ، به جۆرێك تـــه نیٚ ناوچه ی ڤان – ی لێهێشتبوه وه ) . هه روه ها مێژوی ئێران ، سه یدا ( ماڵکۆلم ) ده بـاره ی رامیاری ئێران له هه مبه ر کوردستاندا ئه وه ی خواره وه ی تۆمارکردووه : ( له ساڵی ١٧٢٧ ی . ز ، کاتیٚ نادرشا ده یه ویست کورده کانـی هه ر دوو خێلی ( چه شکزك و قه ره چۆلو ) له خوراسان دژبه تورکومانه کان راســتکاته وه ئاژاوه بخاته نێوانیانه وه ، دیتی ئه وان گوێی پێناده ن ، زۆرنیگه ران بوو له تۆڵه ی ئـــه م هه ڵوێسته یان هه موویانی گواسته وه ناوچه ی مه شهد . له ساڵی ١٧٥٣ حکومه تی زه نـدی کوردی دامه زراو چلویه ك ساڵ ده سه ڵاتـی گێرا ، دوای نه مانی حکومه تی زه نـــدی ، دامه زرێنه ری حکومه تی قاجاری ( ئـاغـا موحه مه د خانی قاجاری ) کورده کـانـــی کوردستانی بڵاوه پیکردو به هــــه رچوارلای ئێراندا بڵاویکردنه وه و له جیگه ی ئــه واندا تورکمانی نیشته جیکرد.

په راوێزی : ١– به م بۆنه یه وه بــــــرایانی کوردســــــــتانی بنده ستی ئێران گوته نی ( نه قلێکم ) هاته وه یاد ، بۆتانی بگێرمه وه : پێنج نه فه رله ماشین ده بن به درێژایی ریگه ی نێوان سلێمانی و کۆیه ، ده مه ته قێیان له سه ر نه خۆشییه که ی هه وارییۆمدێن و قونێره که ی پاشکۆی ده بیٚ ،که ئه و وه خته سه رتۆپــــی هه واڵه کان بوو ، ئیدی باسی شا و سه دام دێته گۆریٚ و له ویشه وه بۆ بۆمیدێن ، یـــه ك ده ڵیٚ شیرپه نجه یه و ئه وه ی تر ده ڵیٚ نـه ته ره بیرۆیه ، ئه وی دیان ده ڵـــیٚ قونێره و ئه وه ی تر ده ڵیٚ مایسیرییه . . . . له و به زمه به رده وام ده بن ، کابرای شوفێریش دیـــاره قۆشمه چی ده بیٚ ، ده ڵیٚ : باوکم به خـــودای هه تا به غداش بازۆم هه رناکه نه ئه نجام وازیان لێبێنن هه رخوا بۆ خۆی به قو . . . فیره !!

# هه یاسی خاس

# هه یاسه له ئه ورستان چباسه ؟

ئه زم نـــاوم هه یاسه
ده زانم لـــه دنیا چ باسه
گه ر تۆ مرۆڤێکی خاسی
به سته ! وشه کی هه یاسی !
هه یـــــــــاس

ته سبیحه که ی خراندوو ، وتی :

– ئه ز تێناگه م ئه وانه ی راپۆرته کانی دامو ده زگای مافیمرۆڤ ، وه رده گێرنه سه ر ئه و پێنج زمانه ی له نه ته وه یه ککرتووه کان زمانی خوێندنه وه وتاردان و نوسین له کوردیه که وه بۆمان وه رده گێرن یا له به ر دڵی ناسکی کاك گالی گالی نیواو نیوو له سه ر ئاوازی فیته ی فیفتی فیفتی و ئه و گه له وشه عه ره بیانه ی له ئه نجامی رامیاری به عه ره بکردن و ئه و شاڵاوه بێسه روبه ره ی فلیمه میسریه کان له سه ر شاشه ی ته له فزیۆنه نیشتمانیه کان به رپـــابووه هه ر ده قاوده ق ئه و کاره ئه نجامده ده ن !

براده رێك پرسی هه یاس ئه تۆ له وه تێناگه ی ئه ما ئه ز خه می ئه وه مه لـــــه وه تێناگه م باسی چی ده که ی ؟

– راسته لۆمه ت ناکه م ، هێشتا زۆر شت هه یه ره نگبی بیرت لێنه کردبێته وه !

براده رێکی تر هاته قسه و ، وتی :

– ئه ریٚ براده رینه ئێوه که ستان له و قسه ی هه یاس ده گه ن !

کۆرِی براده ران وه ڵامیان دایه وه :

– نه خێر ! ئه و جا گه ر هه مومان وه ك خاره هه یاس بیرمان به شتان شکابا ئێسته دنیا شتێکی دی بوو !!

هه یاس ،ووتی :

– باشه زۆرسوپاستان ده که م ، ئه وه ی ده یڵێن ستایشه ، ئه ما بابێنه سه ر کرۆکـی باسه که . ئه ن زۆر ده ترسێم ( مافی ) که له زاری میسری نزیکه ، برا عه ره به کانی دی ( ماکو ) ده ڵێن ، به گوێره ی ئه و زمانه کوردیه تێکه ڵه ی وه ك ووتم به داخه وه له سه ر ئاوازی فیفتی فیفتی و سیاسه تی به عه ره بکردن و شه پۆلی فلیمی میسری که و تۆ تـه سه رزاری خه ڵکی بێچاره ، هه روا نیواو نیویش بۆ کاك گالی گالی ته رجمه بکه ن ، بۆ نمونه بنوسن ( له خۆراوای ئێران ، خۆرهه ڵاتی تورکیا ، باکوری عیراق ، خۆرهه ڵاتی سوریا – مافي « ماکو » مرۆڤ ) ده نا تو بڵێی ئه و کابرایه وا به جاریٚ ئێمه ی له بیر چوبێته وه ، جاریٚ له کۆریٚ له وتاریٚ له لێدوانی ده ستێك له بنی کوله که ته ره نه گێرِی و بۆمان بگه ریٚ ؟

برادەران وتیان :

– خودی جا چ بلێین !

هەیاس گەروی بۆ پاك كردەو بەردەوام بوو :

– دەوەرن سەیركەن ، لەو بێدەنگیە وردبنەوە كە نەتەوەیەككگرتووەكان لە بەرابەر كورد گەرا قوپی لێكردووە ، هەر لەوە ناكات كە دڵنیابن لەو ناوچانەی باسمان كردن مرۆڤ هەر بە تەواوی نەبێ و ئاسەواری برابێتەوە !

برادەرێك ووتی :

– ئەوە لەو لایەنەوە تەماشا بكەین خودێ رێی تێدە چێ ! ئەمەیان راستەو جێی رەخنەگرتن نیە .

– دەوجا وەرن لە هەر حەوت لاوە لێی وردبنەوە ، لێم مەگرن ئێمە سێ لامان لە خەڵكی زیاترە ، چونكێ جگە لەوەی چوار پارچە كراوین لە خاك و ئاسمان و ئەوەی لە نیوانیان دایە ( رێسمان ) یش بێبە شكراوین ، ئەو رۆش باوباوی ( مافي ) مرۆڤە ، جاری ئەوانەی گوایە بۆ بەرگریكردن لە مافیمرۆڤ هاتوچۆی كوردستان دەكەن و هەر چوارپارچەكەی دەگەرێن ، بە كوێرایی چاویان كورد دەبینن و بە ملی شكاویان كوردستان ئەمسەرو ئەوسەردەكەن ، كە دەگەرێنەوە ، هەرچیان لێدەپرسن وەڵامیان هەر ئەوەیە : لە خوارووی خۆرهەڵاتی توركیا ! لە باكوری عیراق ! لە خۆرئاوای ئێران ! لە خۆرهەڵاتی سوریا ! ( مافي ) مرۆڤ . . . . . ! پێشێل كراوە، بە لێ پێشێل دەكرێ ! پێشێلی دەكەن ! پێشێل كرا ! باشە ئەوانە كە بە سەر زاریان دانایە هەرگیز جارێك ناوی كوردستان بێنن نەوەكا دڵی خاتو چیلەر و یاوەرانی لە بەغداو دیمەشق و تەهران برەنجی ، ناوی وڵاتێك و نەتەوەیەك لە هەموو ئەو بگرەو بەردەیە دەخەنەخانەی ( مافي ) ئیدی دەبێ هیوای چیمان پێیان بێ ! بۆچی دەبێ كاك گالی گالی هەروای تێنەگا گرفتە كە گرفتیكی ناوەخۆیەو گرنگیەكی هێندەی وەرنەگوتووە ببێتە جێیباسكردن ، لەوە گرنگترو لە پێش تر زۆرن !

وتیان :

– ئەمە لە چوار لا گەیشتین ئەی سێ لایەكەی تر ؟؟

خارە هەیاس وتی :

– نەفتەكە بە ئازادكردنی خاكە وەبەستراوە ! ئەوشیان زەفت كردوەو هێدی هێدی دەیكێشنەوە ، ئاسمانەكەشمان بۆ فرۆكەی هەموو لایەك ئاوەڵایە ! رێسمانیش یانی ئەوەی لە نێوان ئاسمان و زەویدایە ، ئاڵا هەڵكردنی تێدا قەدەغەیە ! باشە ئەمە وا ناگەیەنی كە لەو ناوەدا دەبێ ( مافي ) مرۆڤ بێ !؟ ئەوەش سێ لایەكەی تری ! خۆ ئێستە تێگەشتن !

برادەران تێكرا وتیان :

– زۆر چاكیش !

برادەرێك فەرموی :

– باشە چارە !

– چارە ! ئەوەیە هەتا ئەو دام و دەزگایەی لە ئارادایە زمانحاڵی ئەو خەڵكە بێ ، مانای وایە بێچارە دەمێنێنەوە ، هەردە بێچاومان لەوانە بێ ، ئەوانەیش تازە تەمەنیان بەسەرچووە ، لەوە باشتر فێری زمان نابن ! كەواتە دەبێ هەوڵدەین بەدوای زمان زانێكی بلیمەت دا بگەرێن ، بە كوردی و كورتی جیاوازی نێوان ( مافیمرۆڤ ) ی خۆمان ( مافي – مرۆڤ ) ی ئەوانی دی بكات .

تەسبیحەكەی خركردەوەو ، بۆی هەڵسا ،

برادەران وتیان :

– خارە هەیاس زووە بۆ كوێ ؟

– هەڵسن با برۆین و چۆلی كەین تا زمانحاڵانی میللەت ، موتەرجیمە حەیاتەكانمان پەیدا نەبون !!

---

دلانپار

ئازادی وشە

ئازادی بیر

ئازادی بۆچون

---

# بیری دوای كارەسات لەهی پێش كارەسات بەهێزترە !

............ ٢٧ – ٢٨ / ١٠ /١٩٩٤

............

وێرایی سڵاو ، ریزێكی زۆرم ....................

كاكی بەرێزم ............

خوشكی بەرێزم ............

ژیان خۆی لە خۆیدا شانۆگەریەكی پڕ لە سەیرو سەمەرەیە لە سەر شانۆی ئەم دنیایە بەدی دەكرێ ، ماوەی تەمەن دەبێتە پەرتوكێك و رۆژەكانی دەبنە لاپەرەی پەرتوكەكەو كارەساتەكانی رۆژانەی دەبن بە وشەی سەردێڕی بابەتەكانی .

یەكجار سەیرە . . . . ژیان جۆرەها شێوەی هەیە . . . . . بەرای ئێمە ، ئێستە ئێوەی ئازیز كەوتونەتە فێرگەی ژیان و دەزانن چێژی ژیان چییە .......... چونكێ مافیمرۆڤ هەیە ، وڵاتانی دەرەوە بەسەدان ساڵ بگرە بە هەزاران ساڵ لە پێش ئێمەوەن ، لەم وڵاتەی خۆمان ژیان مانایەكی پووچەو هەوڵ و كۆشش بۆ ژیان بێمانایی دەبەخشێ ، چونكێ بچوكترین ماف لەم وڵاتەی ئێمە ئەوەیە كە خاوەن ژیانی جەنگەڵستانی ! ئەم سەردەمەی وڵاتە جەنگەڵ ئاسایی كوردستانی .

مللیەت دوو چینە ٩٠ ٪ ی خەڵكانی هەنگاویان بەرەو مەرگەو لە ١٠٪ خێزانی پادشاكانن ! كەواتە چینی مام ناوەندی نەماوە ! ! !

ئێسته له م وڵاته بێسنورو بێده سه ڵاتی یاسا و بێمێژوو - بێسه رپه رشتی و به ره ڵایی یـه دا دزی نه کردن شوربیه کی ( عارێکی ) گه وره یه. ئه م ناوانه ش ( نووسه ر - رۆشنبیر - پیاو چاك - راستگۆ - شاعیر - ئه نفال - کیمیا رێژ - دێی روخاو - شه هید - پێشمه رگه ی کۆن - زیندانیان - لـه سێداره دراو - کورد په روه ر - دڵسۆزانی خاك و گه ل ......... هتد ، زۆر بێنرخ بوونه ، ئه م ناوانه کۆمه ڵیکی سه یرو سه مه ره ن ، جێگه ی گاڵته پێکردنی گه وره کانن .

مرۆڤی لای ئێمه په نایان بردۆته به ر تـه نیا کارێك ئه ویش چۆن له ده ست ماڵ و منداڵ هه ڵبێن ، یاخود چۆن و به چ شـێوه یه ك ده مرن - ئای ئه مرۆ ئه و رۆژگاره یه که لـه م وڵاته ته نیا شتی بێنرخ مرۆڤه ( تـاوانباران گه وره مانن - پیرۆزیانبێت خاوه ن پـاره و گۆشت و نانن ) .

کاکی برا .........

چ باسێکت بۆ بگێرمه وه ته نها مه گه ر بـاسی ئه وه ت بۆ بکه م مرۆڤ ده عبایه کی بێنرخه و داشی دامه ی گه وره کانه .

پاش کاره ساتی کورد کوژی به ده ستی کورد ......... دوای چه ندین سـاڵ خه باتی خوێناوی - داستانه که ی هێرۆشـیـمای کوردســتان و هه ڵه بجه ی ناکازاکی - گه رمیانی هـه زاران جار گـــڕ تێبه ردراو - میلله تی ژێرده سته ی زوڵم و زۆرداری - چه وساندنه وه ی ناره وا - پێشێل کردنی هه موو مافێکی مرۆڤایـه تی - خوێنی سوری شه هیدان - ئازارو ئه شکنجه ی زیندانیان - سێداره ی مه رگه ســات - ژه هر رێژی - کۆمه ڵکوژی - داستانه له یاد نه کراوی نێو ویژدانی مرۆڤایه تی ( ئه نفالکردن ) ......... کۆرپه راپه ڕینێك له دایك بوو + کۆچـــی ملیوه نه ها کوردی ئاواره : هه ر هه موویان ( چرایه کی کزیان له م پارچه ی کوردستان دا داگیرساند - ئاواتی دووروونزیکی نه ك گـه لی کورد - بگره نه ته وه ی کورد بوو له هه ر چوارلادا - که چوارده وره ی بـــه دوژمن ته نراوه - دوێنێ - ئه مرۆ سبه ی هـه ر خه ریکن پیلانی بۆ د ه هۆننه وه ) .

گه له که مان به برسیتی و نه داری - شه و نخونیان لـــه ده وری چــراکه ده کێشــا ، ئه و ه تا ئه مرۆکه هه ر یه که له رۆڵه کانی ئه م گه له له جێی خۆیه وه « فووی » نـاره وا له چراکزه ده که ین و مێژوی خه بات لـــه گۆڕ ده نێین ...... هه مووشمان چـــاوه ڕوانـی مه رگه ساتێکی به کۆمه ڵین که بـــه ده ستی خۆمان ......... به سه ر خۆمانی دێنین !!

ئای سه مه ره یه ئه م ژیانه ......... ئه گه ر ئێمه ی کورد یه ك دڵ و یه ك زمان و یـه ك ژیان و مردن بیر بکه ینه وه که ئیمرۆ خۆمان خاوه نی خۆمانین ، به راستی مه چـه کـــی لێهه ڵماڵین ، شان به شانی یه کدی شۆڕشێکی رۆشنبیری به رپابکه ین ، ئه و کـــاتـه کورد ده بێته کورد ، خۆ گه ر ملیۆنێك قوربانیش بده ین جێی شانازییه ، ده بینه خـــاوه ن کیانێك وه ك گه لانی جیهان خاوه نی ده وڵه ت ده بین و ، گه له که شمان رزگارده که ین .

کوردستان ده وڵه مه نده ......... جێی داخـه ئیمرۆ میلله ته که مان فێری ته مبه ڵی بـــوه و ده سته و ئه ژنۆ لێیدا نیشتووه ..................

پێچه وانه که ی ئه وه یه ببینه میلله تیکی به رهه م هێنه ر ، ئه و کاته سیاسه تی برسێتی لـــه گۆڕ ده نێین و لـــه گیرو گرفته کۆمه ڵایه تییه کا نمان رزگارده بین ، به ره و چـــاره سه ری کێشه رامیارییه کانمان هه نـــگاو ده نێین ، چونکه چه ك مامه له ی پێناکرێ ، رامیاری ئیمرۆ پێویستی به زانینه .

« کورد ! بیری دوای کاره ســاتی گـــه لێك به هێزتره له هی پێش کاره ســـــاته که ی »

رێزی زۆرم بۆ هاووڵاتیانی کوردی ئاواره ، هیوادارم بێچه کی زانین نه گه ڕینه وه .

له کۆتاییدا ..................................

..........................

تێبینی : ئه م چه ند دێڕه هونراوه یه ت بـۆ ده نێرم ، هیوادرام له کونجێکدا بڵاوبێته وه .

# بۆ شـــاره که م !

سپی حه سار
قه ڵای شارم
رۆڵه ی تۆم و ئاواره بووم
بێناونیشان ، بێشوێنه وار
هاوارده که م !
بۆ رۆژانێ ، لاوه کانت
گیان له سه ر ده ست
به روی « بارق » دا دێنـه وه !
هه ر رۆڵه ی تۆن
سه رکوت نه بوون !
گیان فیدان و له بـــه هاری
راپـه ڕیــنـــدا
به رووی « به عسا » ته قینه وه .
هه لهه له ی دایکی شه هیدان ،
له گه ل نرکه ی ئه و کوڕانه
هاواری بوو :
به عسی قڕانه ....... به عسی قڕانه .
- به م کارانه شه هیدانمان دڵخۆش بکه ین .
ئاواته کان وا هاتنه دی
!
گوندو شارمان ئاوا بکه ین
کورد خاوه نی « خاك » خۆیه تی !
بۆ ئه م نه ورۆزه !!
زه ماوه ندی « کاوه ) ســاز که ین !
سه ری شێوه نمان داداوه !!
ئه وه ی مابوو شارو لادێ
به ده ستی خۆمان
رووخـــــــــاوه !!

دڵسۆزتان
کوردستان / بابه گوڕگوڕ

خوێنه رانی به رێز ......!
نـامه کانــتـــان له ســـه ر خواســـتـی خۆتــــان بڵاوده کرێتــه وه .

## عه تا قه ره داغی

به شـی

1

## خوێندنه وه ی مێژوی ئه زمونی

## شکست له شیعری { په ریزادوگوڵه که ی دوژمنی }

# شـــیرکۆبێکه س دا

## په ریـــزادو گوڵه کـه ی دوژمـــنی*

ئه مه « بۆره تار» ێکی شوومه و سه ره تـــای
شه وێکی ئاوس به قات و قرپی [1]
بۆره تارێکی ژان گرتوو به : به چکه شه یتان و
به چکه سیاسی و به چکه بازرگانه وه
ئه مه شه وێکی چه لاکی ره قه ڵه ی به دبینه و
بێ به زه یی [2]
چاوه کانی کۆرپچه ی ئه ستێرانن و په نـاگه ی
جادووگه ران .
ئه م شه وه ؛ قه ڵای مێردان نی یه ، قـه ڵای
دزانه ، قه ڵای کاسه سه رم و
قه ڵای جه سته ی رووخاوم و قه ڵای خـــۆڵه
مێشی ئاره زوکانمه و
هه وێزی تاوان ! [3]

له م شه وه دا ، په ریزاده که م ! کاتی ئـه وه
هاتووه ، نۆره مه
منیش چیرۆکی به نه عله ت کراوی خۆمت بـۆ
بگێڕمه وه :
حیکایه تی مردن و کۆرِه و شـــــاردانـــــی
هه زارجاره م
« تۆ بڕوانه هه ڵی رۆحم »
تۆ بڕوانه حیکایه تی ژیانه که ڕو کوێره که م
تۆبڕوانه پڕشنگی زینده به چاڵ کراوم
حیکایه تی مێژووه که وجه خۆشه ویسته که م
« تۆ بڕوانه شازاده شه رواڵ که سیفه کانم »
ئه م چیرۆکه سه رابه و سه رابیش نی یه
ئه م حیکایه ته په نده و نه خشی سه ر
به ردیش نی یه
په ریزاده که م ئه ی په ریزادی بـێ دایك وباوك
ئه ی په ریزادی له کونه دیوار بووی ، بـــێ
کوشك و بێ که نیزه ك !
ئه ی په ریزادی له خێڵی په رییان یاخیی و
به خێڵی رافزان ئاشنا .
نۆره مه منیش بتخه مه ناو که شتیی گومان و
دوو دڵیی خۆمه وه
که شتیی رارِایی و به د مه ستیی و گونـاهی
خۆمه وه به جۆگه ی شه راب و
رووبـــــاری ژه هـــرو یـــــه کاوی تاواندا
بتسوڕێنمه وه [4]

به شاری چوار مێخه کێشراوی ویـــــژدانی
خۆمدا بتگه ڕێنم
بـه شـاری چۆل و هـۆلی زراو تــۆقـــیـوی
هاواره کانی کۆن و نوێیمدا
بتبه م وسه ره براوه کانی خۆمت نیشانبده م
« تۆ بڕوانه چه نده جوانم به م خوێنه وه »
ده روازه ی مـوزه خـانـه ی لـه شــــه مۆمیا
کراوه کانی خۆمت بۆ بخه مه سـه ر گازی
پشت
« تۆبڕوانه شوێنه واری خه ونه کانم »
په ریزاده که م ! ئێستا ئیترکاتی ئه وه هاتووه
بتخه مه سه ر ئه م باڵه کۆته رانه ی خۆم و
به ره و سووتانی ئه به دیت به رم و تـالای
« مانگ » ی
به توومه تی سۆزانیی له ئاسمان به ده رکراو
. . . . به رزت بکه مه وه .
نۆره مه په ریزاده که م ! نـۆره مه منیش پێت
بڵێم :
« هێند له ته نکاودا ژیام ، بووم به ماسیه کی
که مژه ی ئاوی دنیا
ئه وه تا نه زه ریاکان پێناسه م ئـه ده نی و
نه ئۆقیانوسه کان بڕوام پێ ئه که ن .
هێنده له گوێ ئاگردانی ورِێنـــه کردنـــی
باپیراندا دانیشتم و
ئه ژنۆم دایه به رچه ناگه م و گوێم له شڵپ و

* له به ر ئه وه ی زۆربه ی خوێنه رانی هه نده ران شیعرکه یان نه خوێندۆته وه . به پێویستمان زانی ده قی شیعره که له گه ڵ ره خنه که بلاو بێته وه. دلانـــــپار



هەواڵنامەی کتێب

هۆڕی دزۆیان گرت
ئێستا وه ك سێبه رێکی کرچ خه واڵووی مێش
لیٚ نیشتووم لێهاتووه
ئۆه ! من چ عیبره تێکم بۆ مه رگی هــه رزان
ئۆه ! من چ عیبره تیکم بۆ ئـــاخرزه مان ! »
گوێم لیٚ بگره ! په ریزاده که م ! گوێم لیٚ بگره
جارێکی دی ئه چمه وه ناو ده نگی « ئاناباز» و
ئه سپه که ی جله و ئه که مه وه
سه ر ئه که مه وه به مێژووه خوڵاویه که ی دا و
توێژ به توێژی
زه مان هه ڵ ئه ده مه وه ، دیسانه وه جارێکی
دی ئه بمه وه به کاڵانی ئه وسا :
« له ده مامکێکی ژه نگاویدا ، له کازیوه یه کی
حه په ساودا [5]
« گه زنه فون » ی خواوه ندی زریٚ پـۆشانی
گریك ، سه رکرده ی هزروبازووی
جیهانی خوێن و دووکه ڵ ، کوڕی په رسـتگا
رووناکه کانی « ئه ثینا » و ئه سپی
ئاوی و شێری چنگ به مه شخه ڵانی باکۆدانی
زه مین له دوای زه مین
« گه زنه فونی » ی وه چه ی « ئاخیل » بـــه
خۆی و ده هه زارسواری
تــۆز لیٚ نیشتووی بیابانێکی دووره وه ، ره و
ره و ، ده سته ، ده سته
له دوای شه رێکی دیکه ی سوور هه ڵگه راو ،
روویان کرده ئه م وڵاتی
دێو و درنجه ، رێگای گه ڕانه وه یان بۆ یونان ،
به کێوی هاواری ئێمه و
پێده شتی جه سته ی جنراوی ئێمه دا تێپه ڕی
، گه یشتنه ده ربه ندی
« کۆمه سپیان » په یکانی هه زاران رم له به ر
بارانێکی نارنجیدا
ئه دره وشانه وه ، تۆ نه و کاته رووت و قووت
له سه ر ره وه زێکی
دره وه ته ماشات نه کردین . ئێمه ش لــه به ر
باهۆزێکی ره شدا به ره و ژوور
هه ڵ ئه هاتین بانگی خواوه نده بــه ردینه
کانمان ئه کرد ، په نامان ئه برده
به رمانگه شه وی تۆقیو، په نامان ئه برده به ر
بروسکه و چه خماخه ی
نیشتمانی هه وره کۆیله کان ، داوێنی
جادووگه ره ترساوه ریش درێژه کانی
خۆمانمان ئه گرت . عه قڵی ئێمه و عـه قڵی
به رانه کێویه کان له یه کتر
جودا نه ئه کرانه وه . چاوی ئێمه و چـــاوی
گاشه به رده کان هه ر یه ك
چاو بوون ، ده روونی ئێمه و ده روونــــــی
ئه شکه وته نسرمه کان هه ریه ك
شت بوو . له پڕێکا « گه زنه فون » رێـــگه ی
وێڵ کرد ، ئێمه ترسی
خوامان کرد به به رد و بـــه سه ر ئـــۆردوی
ماندوودا . . . . . خڵمان کردنه وه .
لـه بۆسـه ی « بـــا » پێچپێکدا دوو بـــرایان
ده ستگیرکردم ،
« گه زنه فون » برا بچکۆله که مانی له بـه ر
ده م ناوه نجیکه دا له هه ڵه موتێکه وه
هه ڵداشته خواریٚ . ئیتر نـــاوه جیه که مان
که وته پێش رمه کان ،
که وته پێش مه رگی زریٚ پۆش ، که وته پێش
تۆفان و بووله ره .
ئیـتر لـه و رۆژه وه ئـــه و بـــرایه م ، برای
نه وجه وانی نه عله تیم ،
بوو به دیرۆکی چاره نووسی بـــه رده وامی
تا ئه مرۆم » [6]
ئه مه ده ورکردنه وه ی خامۆشییه لـه دۆڵێکدا
« با » نه یگرێته وه
ئـه مـه چه قینـه ، چـــه قین ، چـــه قـــینی
ئه سپه کانمان
له زستانێکدا که کۆتایی ئه وان و رمه کانمان
، ترس و بیممان .
نادیارن « نادیار »
ئۆه ! چ زستانێکی نه زۆکه و چ ترســـێکی
دورودرێژ
ئۆه ! چ ئه وینێکی به سامه و چ مردنێـــکی
شه رمنۆك
ئۆه ! په ریزاده که م ، په ریزاده ی بـــاداوه و
گه رداو [7]
ئوه ! په ریزاده که م ! شاژنی کڵوڵی و گراوی
سووتاو ! [8]
په ریزادم !
له م شه وه دا هه موو برینێکم مـــۆمێکه و
هه موو مومێکم برینێکه
« ئه و بکوژێته وه ئه م هه ڵه بیٚ ئه و هـــه ڵبیٚ
ئه م ئه کوژێته وه »
به م جۆره : له ئازاره جوانه کان ، لـه ئازاره
نازداره کان ،
له دۆژنه شوخوشه نگه کان ،جودانابینه وه و [9]
دابڕین له نێوانی من و تۆ و مه رگدا مه حاڵه !
له م شه وه دا ، هه موو په یڤێکم پـزیـزکیـێکی
ترافیه ی نێو غوربه ته و [10]
هه موو غوربه تێکم په یڤێکی ســه رگه ردانی
سه ر شه قامه کانی دنیایه
به م جۆره : له هیوا نائومێده کان ، لـه مژده
ره شپۆشه کان ،
له به هاره زه ردو بنسانه کان جودا نابینه وه و
دابڕین له نیوان من و تۆ و وڵاتی گریـــاندا
مه حاڵه ! [11]
په ریزادم !
من گیانم زه نه کی عه شقه و به ر په سارێکی
نسێی ساڵانته [12 - 13]
هه میشه و هه میشه و هه میشه . . . ته ڕو
پاراوه مه راقم .
هه میشه و هه میشه و هه میشه . . . وشك و
برنگه ئارامم و
هه میشه وهه میشه وهه میشه . . تێنووه ئـاوم

هه میشه و هه میشه و هه میشه یش :
ئاگرم ساردو ، سه رمایه تی و هه ڵ ئه له رزێ
هه تاوم !
په ریزادم ! ئه ز بۆ ئه وه زاوم قه برم له گوێ
سه رم بله رزێ !
« چ سه ریکی ئه فره تییه سه ری من »
ئه ز بۆ ئه وه زاوم هه ر راکه م و هه ر راکه م و
، ئه یشگه مێ
« تراویلکه ی کام قاقرو خۆڵستانه ئاواتم ؟ »
په ریزادم !
من له سه ر گێڕانه وه ی رووباره – چیرۆکه
درێژه که م و
جۆگه – چیرۆکه کورته که م چیرۆکه – کانیه
زۆر زۆر کورته که م به رده وامم :
«له دوای کۆچی ئه سپه که ی «ئاناباز» یشه وه
هه ر جڵه وی تره ئه یگرم و هه ر سوارم و
هه ر غاریکی وه ستاوم !
چه ندین سه ده له دوای « گه زنه فۆن »
یشه وه
ئه و گاشه به رده م بێ وچان له تل بوونه وه
دام .
جوانترین مێژووی وه رینم .
خێراترین تیشکی ته مبه ڵییم .
قۆزترین سواری چه قێنم !
هه زاران ساڵم خسته سه ر رانم ، یه کێکیان
نه بوون به دۆستم .
هه زاران ساڵم خسته سه ر شانم و هه موو
یشانم به ردانه وه . . .
به م جۆره – په ریزاده که م ! . . به م جۆره .
من پرۆژه ی عیبره تیکی هه میشه نوێم
عیبره تیکی مامۆستا ئاسا
بۆ سروشت – بۆ دنیا ، بۆ گه ردون
به لام هه ر بۆ تۆ ، ناو هه ر بۆ خۆم نا ! »
په ریزادم ! په ریزادی تاق و ته نیا ، جاریکی
دیش له کۆچدا بوو

له وی له « ڤینتسیا » له ڤینتسیای عاشقی
مانگه شه وو ئاودا
له شاری سیحردا ، له شه ویکی زیویندا ، له
نێو « بار » ی به له میکی
په مه ییدا ، چرپچاوی خۆم نا ، شیعره کانم
کچیکیان کرد به هاورێم .
ئه م کچه فریشته ی ئاوی بوو ، له دوورگه ی
خه ون و خه یاڵه وه هاتبوو ،
نیوه ی له شی ماسی و نیوه که ی تری
ئاده می بوو ، ئه بریسکایه وه ،
ئاوازیکی ئارووشه ی داگیرساوبوو ،
ئه و ره سیکی مێینه بوو . ناوی [14]
« ئه لیزابێث » بوو . که لیم پرسی تۆ خه ڵکی
کوێی ؟ پرشنگی دایه وه و
وتی : « من خه ڵکی نیشتمانی هونه رم و
باوکم ناوی شیعره و
دایکم ناوی مۆسیقایه و هه ر ئه وه نده
له ره چه ڵه کی خۆم ئه زانم ! »
ئه و شه وه تا دره نگان له گه ڵ ئاودا
مه وجمان دایه وه .
ئه و شه وه تا دره نگان له گه ڵ سته و به ره
کاندا سه مامان کرد .
له گه ڵ باده دا ماچی مانگه شه وو رووه تی
هه ورمان کرد .
له گه ڵ گیتا ژه نه کانی ناو کۆلانی ئاودا
خۆشه ویستیمان خوارده وه .
له ته ك ماسیگره کاندا له قوڵایی زه ریا
وردبووینه وه .
له ته ك گه ریده کاندا گۆرانیمان وتو عه شق
نامه مان خوێنده وه .
له سه ر په لکه ره نگینه دیلانێمان کردوو
خۆمان له ئه ستێرکی خه رمانه هه ڵکێشا .
دوو کڵاوی پووشی ده ستکردمان کڕیو له
دوایشدا دامان به ده م جۆگه یه که وه .
لای ژنه فاڵگره وه یه کی قه موری ده موچاو
کوترلو
دوو فاڵمان گرته وه و له دوایدا قاقاپیکه نین .
له به رجامخانه ی کتێبخانه یه کی خه واڵوودا
وه ستاین و له یه ك کاتدا
ته ماشای کتێبه کانی « ملو » و « قه زافی » و
« جان جاك رۆسۆ » مان ئه کرد .
« ئۆه ! په ریزاده که م ئه و ساتانه ش
به ختیاریم هه ر شپرزه بوو
ئه وساتانه یش هه ر گوێم له ترپه ی مه رگ
بوو
ئه و ساتانه یش هه ر له به له میکی سه ره و
نخون ئه چووم .
له ناکاودا « ئالیزابێث » کێشیکردم و بردمیه
ناو کابینه یه کی نیوه رووناکه وه
له هه ر گۆشه یه کدا مۆمیك ئه سووتا ،
هه ڵۆیه کی مومیاکراو باڵه کانی کردبۆوه .
له سه رمێزیکی ئه به نووسی خڕ گوڵدانیکی پڕ
له گه ڵا زه یتوون دانرابوو ،
چه ند که سیکیش ده وریان دابوو ، که
به رچاوم رۆشن بۆوه ،
ناسیمنه وه : دانتیو که پووه که وانییه که ی ،
بیتهۆڤن و قژه
بژه که ی ، ڤلنکۆخ و گوێچکه براوه که ی ،
دۆستۆیڤسکی و
رووه ته تێك قوپاوه کانی ، لۆرکاو په له خوێنه
که ی سه رسنگی .
وه ك مه لیکی ترساو له سه ر کورسییه ك
هه ڵکوڕمام
په ریزاده که م ! من هه ر گوێگر بووم گوێگر ،
گوڵدانه که چه ند دوا منیش هه رئه وه نده !
له و شه وه وه زانیم من هێشتا فێره
ئاخاوتن نه بووم .
شیعرم ئازارداوه ، ته نکاوم خوێندوته وه ،
روانینم هه ر ئه وه نده ی
چۆله که یه کی ته ڕفرپوه . ئۆه ! په ریزاده که م

ئــه م كاره ساتی عه قڵه چه ند گه وره یه !

ئه و شه ویش زانیم له به رچی «ئه لیزابێث » ی

كچی شیعرو مۆسیقا

په لكێشی كردم بۆ ئه و كابینه نیوه رونــــاكه

په ریزادم ! لـــــه كه ناری ئــــه م ئه شكنجه

به خوڕانه ی منــدا

له كه ناری ئه م نیگاوێل و په راگه ندانه ی

مــنــدا

وه ك ده یان پـــۆله پـــه ره سێلكه ی دوای

تۆفانێكی تووش

چیرۆك له دوای چیرۆكم ئه مرن و شیعر لـه

دوای شیعرم ره ق ئه بنه وه

من كوڕی كاره ساتم و كاره ساتیش كوڕی

ئه م هزره زرۆ نـــه زۆكه مه !

په ریزادم ! . . . من ئه مشه و هاتوو مه لات و

مـه ستی نـــه زانینی خـــۆمم ، پـه پوو

سلێمانكه یه كم سه رخۆش ،

فڕینم لاسه نگ و نزم و ده نگم قرتاو و خه ونم

قرچۆك .

من په یامبه ری ئازاره برۆنزیه كانی تـۆم و

پۆسته ی برووسكه ی

هه رگیز نه گه یشتوت ، من پـــه یـــامبه ری

ئازاری ژێركه وتوی تۆم و

قه ڵغانی مێژووی له ده ست په رپوه و

شمشێری نوشتاوه ت !

من بكوژی هه موو ئه و روبارانه م

كه له سه رچاوه ی خوێنی تۆوه هه ڵقوڵین .

بكوژی هه تاوی روخسارت .

بكوژی گوڵه گه نمی په نجه كانت .

بكوژی به خت و بكوژی له شت !.

په ریزاده كه م ! ده نیتر بۆ دوو دڵی و بـــۆ

داماوی ؟

له م شه وه شوومه دا ، له م شه وه یه دبینه دا

، وه ختێتی رابه و

عاشقه بكوژه كه ت ، دڵداره چــه قۆ كه ت ، بارانه ژه هراویه كه ت ،

گوڵه دوژمنه كه ت ، كه منم من . . . .

به سزایی ئه به دی خۆشه ویستی بگه یه نه و

عاشقی نـوێ مێژووی نـوێ و گوڵی نـوێ

بــخـــوڵقێــنــه !

* * * * *

په راوێزه كان :

1 بۆره تار : تاریكایی ســه ره تای ئێواران و به یانیان . 2 چه لاك : داری باریك و درێــژ 3 هه وێز : مۆڵگه . 4 یه كاو : شه ت ، چه می گه وره كه له چه ند ئاو پێكهاتبن . 5 ده ماده م : به ره به یان . 6 دیرۆك : مێژوو . 7 باداوه : كرێوه ، تۆف 8 گراوی : ماشــقه ( عاشقه و ماشقه ) 9 دۆژه ن : خه فه تی گــه وره . 10 ترافیه : ئاواره و ده ربه ده ر. 11 بنسـان : كزبوون و ره نگ په ڕینی مرۆڤ . 12 زه نـه ك : شوێنی هه میشه ته ڕ. 13 به رپه سار : لاپاڵ 14 ئارووشه : بزۆز و جووله و جوول كه ر.

## عه تا قه ره داغی

( په ریزادو گوڵه كه ی دوژمنی ) قه سیده یه كی دیاری كاك شێركۆ بێكه سه ، لـه ژماره دووی گۆڤاری كاروان دا بڵاوبوته وه ، ئه و قه سیده یه له گه ڵ قه سیده ی ( ئافات ) دا سه ره تای ئه زمونێكی نوێن كه بـــه ره و بنیادنانی گوتاریكی ئه ده بی ده چن ، لێره دا شێركۆ سنوری گوتاری مانه وه بـــه جێده هێلێت و روو له به رهه مهێنانی گوتـــاری شكست ده كات ، لێره به دواوه ده گه ڕێـمه وه ، بۆ شیكردنه وه ی قه سیده كه و بنیادی قه سیده كه و دواجاریش بۆ قسه كردن لـــه سه ر ئه و باسه .

به ڵام سه ره تا ده بێ بڵێم شـــێركۆ دوای ( ده ربه ندی په پووله ) ته نها ئــــه م دوو شیعره ی گووتووه و زۆربه ی ئه وانه ی لـه گۆڤارو رۆژنامه كانی كوردستاندا له م ماوه یه دا بڵاویكردونه ته وه له ئاستێكی نزمدان و زۆربه یان نه بونه شیعر .

**- 1 -**

له ده ستپێكدا قسه كه ر كه خودی بكه ره لـه شیعره كه دا ، سه ره تای ســاتێكی مێژویی كه ساته وه ختی ئێستایه پێشكه شده كات ، راسته وخۆ مێژویه كی پڕكاره سات ئاشكرا ده كات ، مێژویه ك كه هه مووشتێك تێیدا دزیوه ، زه مه نێكه شته ناشیرینه كانی تیا له دایـك ده بن ، زه مه نێكه بۆ كاركردنی جادوگه ران ، به چكه شه یتان و به چكه بازرگان ، ئه وانه ی بێیاكانه مامه له و پڕاكتیكی تایبه تی خۆیان ده كه ن ، پڕاكتیكێك كه زۆربه یكات دژ بـــه ئاراسته ی پۆزه تیڤانــه یــه په یوه ست به ئاراسته ی ئه و پرۆژه ی كه خودی بكه ر له كۆتایی شیعره كه دا داوا لـــه « په ریزاده » ده كات به ئه نجامی بگه یه نێت ، كه پرۆژه ی زیندوكردنه وه و خوڵقاندنی مێژویه كی نوێیه .

راسته وخۆش دوای پێشكه شكردنی روویه كی دزێوی ئه و مێژوه بكه ری شیعره كه دێتــه ناوه وه و خۆی ده بێته ئه و پنتكه رووداوه كان له ده وری كۆده بنه وه ، گه رچی خودی بكه ر له پانتایی جوگرافیای شیعره كه دا خودێكی تاكه و له شێوه ی راناوی كه سی یــه كه می تاكدا – من ، م – ده رده كه وێت . بــه ڵام هێشتا ماهیه تێكی كۆمه ڵایه تی هـــه یـــه و په یوه ست بـــه پانتایی سۆسیۆلۆژی و مێژو ده بێته نــه تــه وه ، هه ركرده وه و پڕاكتیكێك – من – ی بـــكه ر لـــه شـیعره كـــه دا پێیهه ڵده ستێت ، یان بێتوانایی و نائاماده یی

خۆیی بەرامبەر ئاشکرادەکات، دەگەڕێتەوە بۆ نا ئامادەیی و ناکردەیی – ئێمە – وەك نەتەوە، لێرەوە زەمەنی دەرك پێکردن و زەمەنی دانپیانان لای خودی بکەر کە خودی شاعیرە ئاشکرا دەبێت، زەمەن شەوە، شەویش پێزانەی مێژو یان زەمەنێکی تاریکە، زەمەنێك لە لایەك تروسکەی تێدانیە و بۆ ناسینەوەی شتەکان، لە لایەکی ترەوە نەبوونی ئەو تروسکە پێزانەی (دەلالەت) بێئومێد بوون لە بەردەم رابوونەوەدا بەرهەمدێنێت.

من – بکەری شیعرەکە ئەو مانا باوەی (مەئلوف) شەو رەت دەکاتەوە کە لە کلتوری کورد وە بە باڵای شەودا کراوە: واتە {شەو قەڵای مێردانە]. شەو زەمەنی پراکتیك کردنە، بەلکو پێیوایە شەو زەمنێکە پێزانەی شاردنەوەی کەسێتی ئێمەی تیا بە ئاکام گەیشتووە، بە ئەندازەیەك رووی دەرك کردنی لە رووداوەکان لێشێواندووە. شەو زەمەنی هەرەسی خودی بکەرە، بە هەموو پێکهاتە فیزیکی و مینوکییەکانەوە (مەعنەوی)، بەلکو شەو بۆ خۆی لە سوتاندنی [ئارەزووەکانی] واتە ویستە گیانی و مینوکییەکانی ئەم پێکهاتووە. لێرەدا پێزانەکی تری (شەو) بەرجەستە دەبێت، ئەویش بە رێژەیی وەرگرتنی پێزانەی زەمەنە و لەوەدا کۆدەبێتەوە کە (من) کاتی نائامادەیە و خاوەنی کردەیەك نییە بونی خۆی بسەلمێنێت، بەواتا زەمەن بەگوێرەی ئەو (شەوە).

لە نێو ئەو زەمەنەدا کاتێ (من) هەست بە تێشکاندن دەکات و لە مانەوەی خودی خۆی بە گومانە رووی راستەوخۆی لە (مێژو، زەمەن) وەردەگێڕێ، کەسێ دووەم دەهێنێتە نێو جوگرافیای دەقەکەو کارە ساتەکان بۆ ئەو دەگێڕێتەوە، کەسی دووە میش (پەریزادە) کە دوو رووی لێکدانەوەی هەیە، لە باری یەکەمدا: کەسێکی ئاساییە و (من) دەیەوێت باری شانی خۆی سووکبکات و جۆرێك لە پرۆسەی پاکژبوونەوە ئەنجامبدات، بۆ خود رزگارکردن لە کاریگەرییەکانی (تێکشکاندن)، بۆ ئەم مەبەستەش رووداوەکان بۆ (پەریزادە) دەگێڕێتەوە، لێرەدا (پەریزادە) دەوری رزگارکار دەبینێت، لە باری دووەمدا دەشێ (پەریزادە) وەکو سیمبول – جەفەنگ – هیما – گیانی رابوونەوە بێت بەلام لە هەردووبارەکەدا (من)ی بکەر بێهیچ سانسۆرێك و بە دروستی دەربارەی کەسیەتی خۆی کە لە بارێکی تردا کەسیەتی نەتەوەیە هاوشان لەگەڵ مێژوی تێکشکاندن و نا ئامادە بوونیدا دەدوێت.

(من) هەر لە سەرەتاوە نا پیرۆزێتی و کەم نمودی خوی ئاشکرا دەکات، تا ئەو سنورەی دەگاتە پەردە لادان لە سەر مێژوی خۆی، کە مێژوییەکی گەوجە، بەلام لە تێڕوانینی خۆیەوە خۆشەویستە.

(من) لە دواندنی (پەریزاد) دا ناسنامەکەی تا سنورێ ئاشکرا دەکات ((پەریزادی بێ دایك و باوك)) کە پێزانەی بێنەمایی و بێرەگ و ریشەیی بەرهەم دێنێت.

لێرەوە پەریزاد وەکو هەر هیمایەکیش بەکارهاتبێ لەگەڵ خودی نەتەوەدا هاوشان دەبێتەوە، پەریزاد لە شتە پیرۆزەکان ((خێڵی پەریان)) یاخیبووە و لەگەڵ شتە دزێوەکان تەماهی کردووە ((خێڵی رافزی))، ئەمەش سەرەتای یاخیبوونە، یاخیبوونێك کە دەشیا پێزانەی هاوشانی لە پانتایی مێژوی ئێمەدا هەبوایە و پشتکردن لە شتە پیرۆزەکان بەو تێڕوانینەی کە دۆخی دوانەیی ((خێڵی پەریان، خێڵی رافزی)) خوڵقاندووە، مەبەستم دووەم پەیوەست بەو نەریت و بۆچونەی لای ئێمە جێگیربووە و سپووتی ((رافزی)) بە خشیوە بەو لایەنەی کە پەریزادی رەوانی زیندوبوونەوەی نەتەوە لە تەکیدا تەماهی کردووە، ئەوا ((رافزی بوون)) پێزانەیەکی قوڵتری هەیە و گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری خۆمان، یادەوەری کوردانە کە لەگەڵ وەهەری ئایین و نەریتی کۆنی ئێمەدا ئامادەبوونی هەیە.

لێرەوە دوودڵی و گومان لای خودی بکەری شیعرەکە بە دیاردەکەوێت، دوودڵی و گومان بەرامبەر بە (ئەوساو ئێستە «خێڵی پەریان و، خێڵی رافزی») هەر دەرکەوتنی ئەم گومان و دوودڵییە کە سەرەتای ئەم ئەزموونە نۆییە دەخوڵقێنێ و پێچەوانەی ئەزموونی پێشتری شێرکۆ پێشکەشدەکات.

(من) دەیەوێت رەوانی (روحی) زیندووبونەوە (پەریزاد) بە هەموو لایەن و گۆشەیەکی پانتایی مێژوی نەتەوە شارەزا بکات، تا ناسنامەی تێکشکاوی ئەو مێژوە بناسێت و لەوێوە بۆ بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەی بنیادنانەوە ئاراستەی بکات، یان لە بارێکی تردا داوای ئەنجامدانی لێبکات.

(من) پەریزاد بە مێژودا دەگێڕێت، سەرجەم، شکست و هەرەسەکانی پێشاندەدات، کە تراژیدیاکانی هەرەسی (خود) یان تیا بە ئاکام گەیشتووە، تا دەیگەیەنێتە ((شاری چوارمێخە کێشراو))ەی ویژدانی خۆی، لێرەشدا ویژدان پێزانەی ماهیەتی نەتەوەیی هەڵدەگرێ و، شاری چوارمێخە کێشراو جوگرافیای دابەشکراوی ئێمەیە، (من) بە مەبەستی

شاره زاکردنی ( په ریزاد ) هه روه ك گوتمان ره وانی زیندوبوونه وه یه و ده شێ نه وه ی نوێ بگه یه نێت، ده یه وێت سه رتاپای رووداوه کان تێبگات ، تاله سه ربنه مای ئه وتێگه یشتنه کاربکات .

( من ) راسته وخۆ دوای پێشکه شکردنی زنجیره یه ك له ئه نجامه کانی شکستی خۆی له مێژودا ، ئه و شکستانه ی که کردوویه تییه خودێکی نائاماده ، خودێك که له نێومۆزه خانه کاندا مۆمیاکراوه ، به واتایه کی دی خودێکی نائاماده و بێپراکتیك ، وا ده بینێ سه راپا جه سته ی خه ڵتانی خوێنه و خه ونه کانی ته نها شوێنه واریان ماوه ته وه . به واتایه کی دیو له پانتاییه فراوانه که ی مێژودا ئه و پێزانه ده بێته هاوشانی سپوته کانی ( من ) که سه رجه م به رجه سته ی تێکشکاندنی که سێتی نه ته وه ده کات و ( خه ونه کان ) ی نه ته وه ته نها شوێنه واریان ماوه ته وه ، شوێنه وارێك که تاراده یه ك توانیویه تی سپوته کانی ( سیفه ت ) بوون یا ئاماده بوونی نه ته وه به و مانایه ی له ناو نه چێت له خۆیدا هه ڵگرێت .

( من ) له سه ربنه مای کارکردنی له پانتایی ئه و مێژوه داو دروستبوونی ( گومان و دوودڵی ) به کاریگه ری نائاماده بوونی له ئاستی ده ره وه دا ( ئه وانی تر ) تێده گات که ئه م له په راوێزی رووداوه کاندایه ، هه موو که وتنه په راوێزێکیش نائاماده بوون به رهه مدێنێت . [ هێنده له ته نکاودا ژیام ، بووم به ماسیه کی گه مژه ی ئاوی دونیا ] ئه وه تا [نه زه ریاکان پێناسه م ئه ده نێ و نه ئۆقیانوسه کان بروام پێ ئه که ن ] خودی بکه ر ئێستا سنووره کانی ده رك کردنی به جێهێشتووه ، به پیرۆزو مه زن له خۆی نارِوانێت ، مێژوی خۆی و کارکردنی له و مێژوه دا به ساکاری ده بینێ و ژیانی بێپراکتیکیش له و مێژوه دا ناسنامه ی گه مژه یی به م به خشیوه ، ئه و گه مژه یه تییه ی که فرێیداوه ته په راوێزه وه و ره نگه هه ر ئه وه ش رێگای بۆتێکشکاندنی خۆشکردبێت و ئێستا ئه گه ر ( من ) ماسییه ك بێت، ئه وا ( زه ریاکان ) ناسنامه ی چوونه ناوه وه ی ناده نێ و بروای پێناکه ن ، که ماسییه کی شایانی مه له کردنی نێو قوڵایی زه ریایه ، پێزانه ی ئاشکرای ئه و وێنه یه په یوه ست به خودی نه ته وه یی ئێمه سه د ده رسه ده ، ژیانی په راوێزی و په رتوبڵاوی خێڵایه تی ئێمه ی له مێژو فرێدایه ده ره وه و هیچ بوارێکی ئاماده بوون و خۆسه لماندنی بۆ نه هێشتینه وه ! ئێستاش به و ماهیه ته وه مێژو ده روازه کانی خۆیمان بۆ ناکاته وه هه تا بێینه ناوه وه و ئاماده بوونی خۆمان بسه لمێنین .

( من ) تاکو ئێسته نه یتوانیوه ، له سنوری مێژوی په راوێزی خۆی به ولاوه بروانێت و ده ره وه ی خۆی ببینێت ، به واتایه کی تر سوود له هۆشی ده ره وه ی خۆی وه ربگرێت ، هه موو بوارێکی پراکتیکی ئه و سنووری داخراوی خۆی بووه ، به واتا ( من ) ته نها خۆی بۆ خودی خۆی نواندووه ، خود – بۆ – خۆ – نواندنیش پرۆسه ی به ره و خود به پیرۆز زانینیی به رهه مهێناوه ، که ئه مه ش دۆخێکه تاکو ئێسته له هۆشی مرۆڤی کورددا جێگیره و ، سه رباری بێناسنامه یی و بێقه واره یی و بێکه سێتی دیاری نه ته وه یی خۆ به پیرۆزو مه زن و لێهاتوو ده زانێت !. ئه م باری چه قبه ستنه له جێگای خۆداو نه توانینی ئه نجامدانی هیچ جوله یه ك کاریگه ری له سه رخودی بکه ری شیعرکه دیارکردووه و پرۆسه ی ده رك کردنی لا دروستکردووه ، که ئێستا هه سته کات مانه وه له و سنووره داخراوه دا کردوویه تییه عیبره تێك که ده شێ مایه ی سه رزه نشت و گاڵته پێکردن بێت له لایه کی تریشه وه هۆکاری به ئاگاهێنانه وه ی که سانی تربێت ، تا به و جۆره له رووی دنیا نه بنه مایه ی شه رمه زاری ئێستا ( من ) په ریزاد ده دوێنێ و داوای گوێگرتنی لێده کات و ئاگاداری ده کات ، که ئه م ده گه ڕێته وه نێو ده نگی « ئاناباز » و به سواری ئه سپه که ی ئه و ده گه ڕێته وه بۆ نێوپانتایی مێژوی ته مومژاوی ، بۆ نێومێژوییه ك که دوو رووی هه یه ، یه که میان : هاتنی ( گه زنه فون ) ، که ساته وه ختی تێکشکاندن و تراژیدیای هه ره سه ، به گوێره ی پانتایی جوگرافیای بکه ری شیعره که ، کاتێ گه زنه فۆن و له شکره که ی بێهیچ دوودڵی و گومانێك ، بێئه وه ی گوێ به وه بدات که ئه و پانتاییه جوگرافیه خاوه نی خۆی هه یه دێته ناوی و پێیداتێپه رده بێت ، به واتا له رووی تێڕوانینی گه زنه فۆنه وه : ئێمه هیچ ئاماده بونێکمان نه بووه . گه زنه فۆن هه ڵگری خوێن و هه ره س و تراژیدیایه ، تراژیدیایه ك که مه یدانی پیاده کردنی پانتایی جوگرافیای ( من ) ی بکه ره .

رووی دووه می : لێکدانه وه ی رووداوه که ، وه ستانی ( من ) واته ( کورده ) له و ساته وه خته دا ، به رابه ر له شکری گه زنه فۆن ، که ئه مه ش پێزانه ی گیانی به ره نگاربونه وه به رجه سته ده کات ، دۆخێکه که ( من ) ده یه وێت ئاماده بوونی خۆی تێدا بسه لمێنێت و پراکتیکی به رامبه ر دروستبکات ، دیسان گه زنه فۆن به رهه می شارستانییه تێکه له به رهه مهێنانی ( هزرو بازو وخوێن و دوکه ڵدا ) داهێنه ربووه ، لێره دا دۆخێکی جووت جه مسه ری بۆخودی ( گه زنه فۆن ) به رجه سته بووه ، که سێتی یه کی شه ڕانی و

ویرانکار، بەرامبەر کەسێتییەکی پەیوەست بەشارستانی گریك، ئەمەش لە گەوهەردا پەیوەستە بەکەینونەی ئەو شارستانیەتەی کە لەلایەك هۆش و بیروزانیاری کاری تێدا کردووە و بەرهەمیهێناوە، لەلایەکی ترەوە هێز (بازو و خوێن) ی خوڵقاندووە.

راپەڕینی (من) ی بکەر کە جەفەنگە مێژووییەکەی خێڵەکانی کوردن وەك (هیرۆدۆت) دەڵێ، بەرابەر لەشکری گەزنەفۆن ئامادەبوونی کوردە لەو ساتە مێژووییەدا، ئەوە دەگەیەنێت لەوساتەدا کورد توانای خود پاراستنی هەبووە، ئەگەر تەنانەت ئەوخود پاراستنە بەکاریگەری زکماکی – غەریزە – خودپاراستنیش بووبێت نەك پاراستنی ناسنامەی نەتەوە، ئەوە گرنگی خۆی هەر دەپارێزێت. لەو ساتەی کە (من) وەکو بکەری شیعرەکە سپوتی کۆ دەداتە خۆی و دەبێتە (ئێمە) و بۆ کەسیدووەم (پەریزاد) دەدوێ، لەسەر جەمی ئەو فرمانانەی لەم بەشەی شیعرەکەدا بەکارهاتوون و ئەو راناوانەی بوونەتە بکەری سنیتاکسی، بۆمان دەردەکەوێت کە راناوەکان کەسییەکەمی کۆ (ئێمە) ن، ئەمەش تاکدۆخڕەوی لە (من) دەستێنێتەوە و سپوتی کۆیەتی زاڵدەبێت، پرۆسەکە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەیە کە (کۆ) رۆڵی تیادەبینێ نەك تاك، بەواتا نەتەوە، لێرەوە (من) گەرچی پێشتر وەکو تاك دەدوێ و رەنگە لە پشتی ئەو تاکڕەوییەوە بیرۆکەی خود دروستکردن وەکو (تاك) ئامادەبێت، بەڵام لێرەدا لەگەڵ (کۆ) تەماهی دەکاتەوە و بەپێی یاساو سیستەمی هۆشی دەستەجەمی دەجولێت، رەنگە پاڵنەری خود سپاردن بەهۆشی دەستەجەمی و خود رزگارکردن لە تاکدۆخڕەوی پەیوەستی ئەو بارە بێت کە (من) وەك تاك لەوساتەوەختە مێژووییەدا نەیتوانیوە خودی خۆی بپارێزێت، بەلکو یەکگرتنەوەی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا (ئەوان) و پێکهاتنی (ئێمە) پێکەوە جەخت لەسەرپاراستنی خود دەکات.

لە پرۆسەی رووداوەکانی نێوان (ئێمە – و لەشکری گەزنەفۆن) دا، (من) گەلێك پێزانەی شکست و بێتوانایی (ئێمە) پێشکەشدەکات، پەنا دەباتە بەر توخمە نادیارەکانی (غەیبانییەکانی) نێو پانتایی سیۆسیۆلۆژی ئێمە و بەو هیوایە لە وێرا ترووسکەی سەرکەوتن بدۆزێتەوە، ئەوەش لە بنەڕەتەوە نائامادەیی هۆش و زانیاری بنبەستدەکات، تا ئەو ئاستەی (من) لە رووی هۆشەوە بەراوردی ئێمە و بەرانە کێوییەکان دەکات و ئەنجام (ئێمەی مرۆڤ = ئێمەی کورد یەکساندەبین بەوانی ئاژەڵ)، ئەمەش لەو راونگەوە نیە کە بەرانە کێوییەکان گەشەیان کردبێ بۆ ئاستی ئێمەی مرۆڤ، بەلکو لەو روانگەیەوە کە هۆشی ئێمە ئەوەندە گەشەی نەکردووە لەوساتەوەختە مێژووییەدا لە هۆشی بەرانە کێوییەکان جیابکرێتەوە، ئەمەش بەرجەستەی ئەوە دەکات، کە لە رابردوودا ئێمە لەو ئاستەی گەشەکردندا بووین بۆیە زۆر بەئاسانی تێکشکێنراوین، ئەم پێزانانە لە رووی پرۆسەی ئیشکردنی نەستەوە فرێدراونەتە نێو پانتایی دەقەکە بۆیە روو یەکی راستی خوێندنەوەی کەسێتی ئێمەن لەو مێژووەدا.

لێرەدا (من) پرۆسەی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ئاژەڵ بەرجەستەدەکات، ئەمەش پێزانەکی پەیوەست بەباری دژوەستانی خێڵە کوردەکان بەرامبەر لەشکری گەزنەفۆن بەرهەمدێنێت، کە ئەوە دەگەیەنێت دژوەستانی ئێمە تەنها بەکاریگەری پاڵنەری زکماکیەتی خود پاراستن بووە، هەروەك چۆن (بەرانە کێویەکان) هەستی زکماکی خودپاراستنیان هەیە و کۆی کردوونەتەوە و کردوونی بەکۆمەڵێك (رانە بەرانێك).

(من) ی بکەری رێزمانی دەقەکە دۆخەیەکبەدوایەکەکانی ئەو شکستە دەگێڕێتەوە و، پێمان دەڵێ: گەزنەفۆن دوو (برای) گرتووە، دەشێ (برا) پێزانەی تری هەبێت ومەبەست لەو نەتەوانە بێت کە لە نەژاددا لە کورد نزیکن، گەزنەفۆن برابچکۆڵەکەیان لەبەرزاییەکەوە فرێدەداتە خوارێ، هەتا هەرەسی مینۆکی بەبرای ناوەنجی بهێنێت و خۆی بداتە دەستی رمەکان، پێزانەی ئەو دەستگیرکردنە لە نێوپانتایی مێژووی ئێمەدا بەرهەمدێت و (ئەو) ی دیلکراو دەبێتە گیانی زیندوبوونەوە، کە تاکو ساتەوەختی ئێستا پراکتیکی تەواوی نەکراوە، بەلکو لە بۆتەیەکی داخراو ماوەتەوە [دۆڵێك با نایگرێتەوە] ئەمەش ئەنجامی ناکاریگەری و نەتوانیی کارکردنی (من) بووە بەدرێژایی ئەو مێژووە، ئەم زەمەنە (وەستاو) ەش بەگوێرەی پراکتیك کردنی (من) پێزانی تەماهی کردن و رازی بون بەو بارە پێکدێنێ و (من) ی بکەر بەشێکی دی وێنەکانی بەرجەستەکردنی ئەزموونی شکست فرێ دەداتە نێوپانتایی دەقەکە، کە لە شێوەی دووانەی هاوشاندان [ئەوینی بەسام / مردنی شەرمنۆك، زستانی نەزۆك / ترسی دووروودرێژ] ئەویش سەرەتای گومان دروستکردنە بەرامبەر بەناسنامەی ئەو مێژووە، ئەمەش سەرەتای ئەو ئەزموونەیە کە شێرکۆ لە هەوڵی بنیادنانیدایە، لێرەدا

چیتر پێزانه ی نیاییکی (یه قین) ئاماده که خه سڵه تی (گوتاری مانه وه) یه هه ره س دێنێو دنیایه کی پڕتراژیدیا که ئه نجامی خه سڵه تی شکسته له رووی (من) دا ئاشکراده بێت .

(من) ی بکه ر دوای ئه وه ی به راوردی هۆشی (ئێمه و به رانه کێو یه کان) ده کات وئه نجامیش نه بوونی جیاوازییه ، له سه ر ئه م جۆره به راوردکردنه به رده وامده بێت [ چاوی ئێمه و چاوی گاشه به رده کان ، ده رونی ئێمه و ده روونی ئه شکه وته نسرمه کان یه ك بوون ] ئه مه ش ئه وه ده گه یێنێت له و مێژووه دا جیاوازی ئێمه و توخمه بێگیانه کانی وه کو (گاشه به رد و ئه شکه وت) نه بووه ، به واتایه کی دی ئێمه له دۆخی مرۆڤانه وه بۆ دۆخی بێگیان ده گوازێته وه ، به مه ش خه سڵه تی نا ئاماده بوونمان پێده برێت ، ئا له و ساته مێژوویه دا که ئاماده بوونی ئێمه له ئاستی ئاماده بوونی [ به رانه کێوییه کان و ئه شکه وت و گاشه به رده کان ] دا بوو (گه زنه فۆن) رێی وێڵ کردوو کوردستانی (پانتایی جوگرافی) ئێمه یدا له پێوه ، (ئێمه) ی نائاماده له رووی پراکتیك و ناسنامه وه مۆتیڤی زگماکی خۆپاراستن له رووی سوپاکه یدا وه ستاندینی .

لێره وه را جارێکی دی ئه و پێزانه به ر هه مدێته وه که (ئێمه) ی بکه ر که جێگره وه ی (من) ی بکه ره ، هه مان شێوه ی (به رانه کێویه کان) چۆن به رامبه ر دوژمن ده وه ستن ئاوا وه ستاوه . پێشتر به شێوه یه کی په یوه ست به جیهانبینی ده قه که ده رباره ی پێزانه ی (شه و) دواین که زه مه نیکه په یوه سته به هه موو دواندنێکی (من) ی بکه ر، یان سه رجه می دواندنه کانی له زه مه نی (شه و) دا یه .

پێزانه ی (شه و) مێژووی شێواو وناسنامه ی نائاشکرای (من) بکه ره ، له پانتایی ئه و شه وه دا (مێژو) هه ر شکستێکی (برین) من مۆمێکه و (چاوگێك)ی زیندوبوونه وه یه ،واته شکست و رابوونه وه ، رابوونه وه و شکست دۆخێکی دووانه یی پێکدێنن ، سڕینه وه ی هه ر یه که یان په یوه ست به خودی (من) بارێکی ناسروشتییه ، به ڵام له راستیداو له رووی تێڕوانینی لۆژیکانه وه بۆ ره وتی مێژو ، تێکشکاندنی ئه و (دووانه یه) که له جوله یدا شێوه ی بازنه کی داخراو وه رده گرێت ده بێ پراکتیك بکرێت و جه مسه ره کانی شکست بسڕێته وه ، هه تا رابوونه وه پانتایی ئه و مێژوه بگرێته وه .

(من) وای ده بینێ که چونه ده ره وه له و سنووره داخراوه کارینه کرده هه رگیز نا یه ته دی ، بۆ هه تا هه تایه ده بێ وه کو ئاماده بوویه کی فیزیکی بێگیان بمینێته وه ، لێره وه رووی ته ماهی کردنه وه ی (من) له گه ڵ کاریگه ری ئه و فاکته رانه ی که پرۆسه ی زیندوبوونه وه ده کوژن ده ر ده که وێت ، ئه م باره ش له گه ڵ که سێتی مرۆڤی کوردا هاوشانه ، که چۆن خۆیداوه ته ده ست فاکته ره تێکشێنه ره کانی مێژوو که سێتی نه ته وه یی ، که ده شێ (گه زنه فۆن) یه کێك له و فاکته رانه بێت و چۆن برای ناوه نجی له رۆژی فرێدانه خواره وه ی برا بچوکه که وه بوته مێژوی ملکه چی هه تا ئه مرۆی ئێمه .

به ڵام (من) دوای گێڕانه وه ی چه ندین دۆخ که سه رجه م پێزانی شکستی خۆی به رهه مده هێنن ، سێگۆشه یه کی په یوه ندی له نێوان خۆی و (من) که سێتی نه ته وه (تۆ) په ریزاد واته هیماو گیانی زیندوبوونه وه و (مه رگ) دا ، فۆرموله ده کات ، که سێ جه مسه ری لێکنه پچڕاون ، ئه گه ر من که سێتی نه ته وه بێت و له دۆخی تێکشکاندنی ئێستایدا (مه رگ) ئه نجامی پرۆسه ی به رده وامی ئه و تێکشکاندنه یه ، هه تا هۆکاره کانی دروستکردنی ئه و پرۆسه یه پوچ نه کرێته وه ، مه رگ دۆخێکی ئاماده ده بێت ، کاتێ (تۆ) په ریزاد گیان و هیمای زیندوبونه وه یه ، (به ئاکام گه یاندنی) پوچکردنه وه ی هۆکاره کانی تێشکاندن بواری پیاده کردنی زیندوبوونه وه ده کاته وه ، به واتا له روی راستییه وه ، زیندوبونه وه و شکست دوو دۆخی دژبه یه کن ، ئاماده بوونی یه کێکیان مانای نائاماده بوونی ئه وه ی تریان ، به ڵام کاتێ خودی بکه ر سێگۆشه ی په یوه ندی له نێوان دوودژی ( تێکشکاندن / زیندوبوونه وه ) دا فۆرموله ده کات ، دۆخه که له سه رئه و زه مینه یه بنبه ست ده بێت ، که (من) وه کو که سێتی نه ته وه له ساته وه ختی یه که م تێکشکاندنه وه تاکو ساته وه ختی له دایکبوونی ده قه که چه ندین دۆخی به ره و زیندوبوونه وه ی به خۆه بینیوه ، به ڵام هیچ کام له و دۆخانه نه بونه ته پرۆژه یه کی زیندوبوونه وه ، له م باره شدا له دوای هه ر یه که له و بارانه ی به ره و زیندوبوونه وه که ئاکامی ته واویان نه بووه خودێکی لاواز به جێماوه ، خودێك که تا سنورێ له چاو دۆخی ته واوی تێشکاندندا ئه م زیندوه ، به ڵام زیندویه کی پراکتیك لاواز وه کو ئێسته که به ئاشکرا له پانتایی جوگرافیای کوردستاندا ده بیندرێت ، که واته ئێستا په یوه ست به خودی (من) ی بکه ری شیعره که که نه ته وه یه ، نه ئه وه تا پرۆژه یه کی زیندوبوونه وه ی ئه وتۆ له ئارادابووبێت به ته واوی خۆی دروستکردبێته وه و توانای پراکتیکی ته واوی پێدابێت ، نه ئه وه تا به ته واوی هه ره سی

هێنابێت و ( مەرگ ) بوبێتە پراکتیك و ئەو خودە لاوازە لە ناوچوبێت ، بەواتا ئێستا خودی ( من ) خودێکی نیمچە مردوو یان نیمچە زیندوە ، بۆیە هەردوو دۆخی ( مەرگ و زیندوبوونەوە ) ی لە یەك کاتدا تێدا ئامادەن ، ئەوەش لەگەڵ باری نەتەوەی کوردا هاوشانە ، نە ئەوەتا تێکشکاندن بەتەواوی لە ناوی بردبێ و هیچ پاشماوەیەکی بەجێنەمابێت ، نە ئەوەتا زیندوبوونەوە بووبێتە دۆخێکی پراکتیك کراو کاریگەری و ماکی پرۆسەی تێکشکاندن سڕابێتەوە ، هەربۆیە ( مەرگ و زیندوبوونەوە ) لە کەسێتی ( من ) ی بکەردا پێکەوە دەژین و ئەو باری سێگۆشە پەیوەندییە یان فۆرموڵە کردووە .

بەڵام کاتێ گیانی زیندوبوونەوە ئامادەیەو کەچی توانای پراکتیك کردنی خۆی نییە ، هۆکارەکەی بەندە بەگەوهەری کەسێتی ( من ) خۆیەوە ، ( من ) وەکو بکەری شیعرەکەو کەسێتی نەتەوە لە پانتایی جوگرافیای نەتەوەدا لەگەڵ گیانی شکست تەماهی کرووەو جۆرێك لە قایل بوونی بۆ خۆی بەرهەمهێناوە ، خواستنی هیوای زیندوبوونەوە دەداتە دەست هیمایەك ، ئەم دۆخەش لە ئەزموونی شیعری شێرکۆدا شتێکی نوێ نییە ، بەڵام چۆنییەتی مامەڵە لەتەك کردن و ئەرك پێسپاردنەکەی بەپێی ئەزموونی پێشتری شێرکۆ جیاوازە ، لە ئەزموونی پێشتردا ( رزگارکەر ) پاڵەوانێکی لێهاتووە ( قارەمانێك لە مێژوی نەتەوەدا ، حیزبێك ، پێشمەرگە ) گیانی زیندوبوونەوە هەڵدەگرێ و بەڵێنی نیایی سەرکەوتن دەدات ، وەلێ ( پەریزاد ) هەمان شێوەی کەسێتی ( من ) ی بکەری شیعرەکە ( نەتەوە ) تێکشکاوە ، بەواتا ئێستا ئاواتی زیندوبوونەوە تەنها وەك هیمایەکی بێپراکتیك دەمێنێتەوە و ئاسۆو ئایندەی ( من ) ی بکەری ( نەتەوە ) دەکاتە هاوشانی مەرگ ( شکست ) ، لێرەدا فرمانی دەقەکەش بۆ بەرجەستە کردنی ئەم دۆخە رۆڵێکی دیار دەبینێت چونکە لە رووی تافەوە بە رێژەیەکی زۆر فرمانەکان رانەبردوون ، بەواتا کاریگەریان درێژدەبێتەوە بۆ پانتایی ئایندە ، هەروەها ئاوەڵفرمانی کاتیش لە رووی بەرجەستە کردنی ئایندەوە زیاتر بنبەستی ئەو دۆخە دەکات کە پێزانەی درێژبوون و کاریگەری تێکشکاندن بۆ داهاتووی ( من ) بەرهەمدێنێت .

لێرەوە بەتەواوی ئەزموونی شکست لای شێرکۆ بنبەستدەبێت و سەرباری پێزانەی ئاشکرای مێژویی کە جیهانبینی دەقەکە بەرجەستە دەکات ، بنیادی پچرپچروێنە بە دوای وێنەدا و، پێزانە بە دوای پێزانە و فرێدانی ژمارەیەکی نائاسایی لە ئاوەڵناوی کاریگەری نێگەتیف سەرجەم ئەزموونی شکست لەقەسیدەکەدا بەرجەستە دەکەن، کە بەگوێرەی خودی شاعیر ئەزموونێکی نوێیە ( من ) وەکو خودی بکەر لە زەمەنی ئێستادا ( شەو ) هەموو هەوڵێکی پراکتیك کردنی هیچ کاریگەریەك دیارناکات ، بەلکو هەموو جولەیەکی (من ) لە بواری پراکتیکدا تروسکەی نێو دنیای نامۆییە ، نامۆییش پێزانەی ونبونی لە پشتەوەیە ، ونبوون لە پانتایی دنیادا ، ونبوون لە ئەنجامی ناکردەیی و نائامادەبوون و نەبوونی ناسنامە ، ئەم دۆخی ونبوونە و ناکردەییە ( من ) لە بەردەم تێڕاماندا رادەگرێت ، تێڕامان لە ئایندە .

بەڵام ( من ) بە پێچەوانەی بکەری ئەزموونی پێشتری شیعری شێرکۆوە لە پانتایی زەمینەیەکی شکستەوە لە و ئایندە دەڕوانێت ، ئەنجامیش ناتوانێت پراکتیکی جیابوونەوەی خۆی ( لە هیوای نا ئومێدو مژدەی رەشپۆش و بەهارە زەرد ) ەکان ئەنجامبدات ، کە تێکڕا ( هیوای نائومێد و مژدەی رەشپۆش و بەهاری زەرد ) پێزانەی هەرەس و تراژیدیا بەرهەمدەهێنن ، هەرەس و تراژیدیایەك کە لە قوڵایی مێژوی ئێمەدا ئامادەیەو کەسیەتی ( من ) ی بەرەو ئەو شکستە بەئاگاییە بردووەو بواری خۆبەسپاردنی بەنیایی ئامادەکراو ( پاڵەوانی رزگارکەر ) بۆ نەهێشتۆتەوە ، بەلکو لە قوڵایی رووداوەکانداو لە نێو ئەو شکستە مێژووییانەدا واخۆی دەبینێ کە جیابوونەوە لە مەرگ ( وڵاتی گریان ) و ( پەریزاد ) هیماو گیانی زیندوبوونەوە کاریگە شیانی پیادەکردن نییە ، چونکە ( من ) وای دەبینێ کە تێکشکاندن و هیوای زیندوبوونەوە بوونەتە بەشێك لە گەوهەری پێکهاتنی .

( من ) لە ریزکردنی وێنەی بەدوایەکیدا ، کەسەرجەم دۆخێك لە ئەزموونی تێکشکاندن بەرجەستە دەکەن ، یان پێزانەی ئەو شکستە بەرهەمدەهێنن ، دەکەوێتە وێنە فرێدانی خۆرسکانە ( عەفەوی ) ئەمەش راستەوخۆ بەکاریگەری مۆتیڤی کە پەنگ خواردنەوەی کاریگەری پرۆسەی تێکشکاندنە لە دنیای ناوەوە ( نەست ) ی ( من ) دا .

لەم بارەشدا کۆمەڵێك ئاوەڵناوی نێگەتیف دەخاتە پاڵ توخمە وەسف کراوەکان وەکو [ تەرو پاراوە مەراقم ، وشك و برنگە ئارامم ، تێنوە ئاوم ، ئاگر ساردو هەتاوم تەزیوو ] بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوانە لەگەڵ ئەم ناوە وەسف کراوانەدا یان راستەوخۆ مانایەکی نێگەتیف دەدات یان لە بارێکی قوڵتردا ئەو پێزانە هەڵدەگرێت کە تێکڕا رووی نێگەتیڤی توخمە وەسفکراوەکان پیشاندەدەن ،

به مه به ستی زێتر چرکردنه وه ی بـاری ناکرده یی و نـا ئـاماده بـوونی ( من ) به کارهێنراون .

( من ) وا خۆی پێشکه شده کات که له بنه ڕه ته وه ( ئه م ) وادروستبووه که گاڵته به مردن ( پرۆسه ی تێکشکاندن ) بکات ( قه بـر لـه گوێ سه رم بله رزی ) ، به ڵام کاتێ پرۆسه ی تێکشکاندن هه موو قه واره ی خودی ( من ) ده گرێته وه ، ئه وا پێچه وانه ی ئه و بۆچوونه ی ( من ) به رجه سته ده بێت ، دواجار بـه دوای ( سه ری خۆی دا راده کات ) ، سـه ر پێزانی نـاسـنامه هه ڵده گرێت ، ( من ) به رده وام له دوای گه یشتن به ( سـه ر ) دا وێڵه و نایگاتی ، لێره شدا سـه ر ده بێتـه ناسنامه ی نه ته وه و تاکو ساتـه وه ختی ئێستای له دایکبوونی ده قه که بـه ده ست هێنانی ئه و ناسنامه یه به ئاکام نه گه یشتوه ، پێزانه ی دووه می [ راکردن به دوای سه ر ] دا گه ڕان له دوای ( هزر ، هۆش ، زانیاری ) به رهه مدێنێت ، که راسته وخۆ ئـه مانه یش یه که مین هۆکاری سه لماندنی خودو ناسنامه پێبه خشینن ، چونکه ئه گه ر سه ر ( هزر ، هۆش ، زانیاری ) ئاماده بوو ئـه وا ( من ) توانای پراکتیکی ده بێت ، پـراکتیکیش ده یکاته خودێکی ئاماده .

( من ) له به رجه سته کردنی وێنه ی پێـزانه به خشی شکست و تێکشکاندن به رده وامه ، بۆ خودی خوێشی له هه وڵی ئه وه دایه بگاته ئاستی پراکتیك کردن ، به تایبه تی پـراکتیکه کانی رابردووی له ئێستادا ئاماده ده کاته وه تا بیسه لمێنێت ئه و ده مه خودێکی ئاماده بوو ، به واتا رابردوو لـه تێڕوانینی ( من ) ه وه مێژوویزێڕینه ، دوای تێکشکاندنی ئه سپه که ی [ ئـانـابـاز ] که پێزانه کی مێژوویی هه یه ، په یوه ست به ساته وه ختێکی مێژوویيه وه یه که رووبه رووبوونه وه ی له شکری گه زنه فۆنه ، تێشکاندنی ئه سپه که نه بووه هۆکاری کشانه وه ی من . لێره دا ئه گه رچی جه خت کردنی (من) له سه رگرنگی دانه به خودی ( ئاناباز ) ، به ڵام له رووپه کی تره وه ( ئه سپه کـه ) پێزانه ی هێزو هه ڵـه تی هێرش کـردن هـه ڵـده گرێت ، تێکشکاندنی ئه سپه که تێکشکاندنی ئه و هێزه یه که به شێکه له هێزی به ره نگاربوونه وه ی ئێمه دژی هێرشـی گه زنه فۆن ، واته بکه ری شکێنه ری که سێتی ئێمه وه ك نه ته وه ، بـه ڵام ( من ) دوای تێکشکاندنی ئه سپه که ی ( ئـانـابـاز ) ده یه وێت ئـه لته رناتیڤی تـر بدۆزێته وه ، جله وی چه ندین ئه سپی تر ده گرێت وه لێ هه ر ( غارێکی وه ستاوه ) ، به واتا تـوانای هیچ جوله یه کی نه بووه که بیگه یه نێتـه سنووری پراکتیك و ئاماده بوون ، ئـه مه له ساته وه ختی گـه زنـه فـۆن دا ، دوای گه زنه فۆنیش تاکو ساته وه ختی ئێستا [ گاشه به ردێکه ] به رده وام له تـلبوونه وه دایه ، [ گاشه به رد ] پـێزانه ی مردوویی و بێجوله یی به رهه مدێنێت ، کـاتـێ ( من ) ده بێته گاشه به رد به واتا له دۆخی مرۆڤییه وه ده گۆرێت به دۆخی نامرۆڤی ( شـتێتی ) که ئه وه ش گه وهه ری تێکشکاندن پیشانده دات ، ( تلبوونه وه ) پرۆسه جوله یه که ده بێ هێزێکی ده ره کی ( بـکه ری ده ره کـی ) ئه نجامیبدات ، ئه مه ش به پێی کـه سێتی نه ته وه یی ئێمه پێزانه یه کی ئاشکرای هه یه و رۆڵی فاکته ره ده ره کییه کان له مامه له پێوه کردنی و به کارهێنانی ئێمه به رجه سته ده کات .

لێره دا فرمانی رانه بردووی به رده وام ( لـه غارێکی وه ستاوم ، بێوچان تل ده بمه وه ) پانتایی زه مه نی ئاینده ش داگیرده کـات ، هه مان شێوه له رێگای هێنانی ئـاوه ڵناوه وه کـه سـه رجه م ناکرده یی و لاوازی و تێکشکاندن به رجه سته ده که ن بـه رده وام ده بێت .

[ جوانترین مێژووی وه رینم
خێراترین تیشکی ته مبه ڵیم
قۆزترین سواری چه قێنم ]

# ساڵی نوێتان پیرۆزبێت !

## به بۆنه ی ساڵی نوێ

## 1995

گه رمترین پیرۆزبایتان
پێشکه ش ده که ین
ئاواته خوازین، ساڵی نوێ
ساڵی خۆشی و ئاشتی و
سه رکه وتنی هه ر مرۆڤێك
بێت له سه رتاسه ری
جیهان که خێرخوایانه بۆ
به خته وه ری مرۆڤایه تی
تێده کۆشێ !

به رێوه به رایه تی
کۆمیته ی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان

حاجی مه مۆ

# بـــۆ مه رگی دایکم!

هەواڵنامەی کتێب

دوێنی ئێواره له گه ڵ غه ریبایه تی خۆمدا ده سوتام . . .

هه ر له و کاته دا هه واڵی مه رگی دایکمیان به به ر گوێدا دام .

هۆ دایکی شیرینم . . .

ئه وه سه ری چه ندان جاربوو ، هه رمن تۆم به جیٚ ده هێشت

هه نگاوی رووبه رووی کاروانیکی روو له قوله ی قافم گرتبوو . . .

به ڵام هه موو جاران تۆی ئازیز ، له زستانان دا ، له نـــاو چیاو چۆڵاندا منت به سه ر ده کرده وه ، که چی هه رکه به هارو هاوین ده هات ، به رۆژو نیوه شه وان ، هه میشه چاو له به ر ده رگا بووی ، ئـاخۆ که ی دیسانه وه لێتان ببمه وه میوان !!

هۆ دایکه شیرینه که م . . .

ده زانم به بازنه کانی ده سرازه ی ژیانی منداڵی من ، دوا هه ناسه ی ژیانت هه ڵشتوه . . .

ده زانم به دیداری بیره وه ری رۆژانی هه رزه کاری من ، ململانێت له گه ڵ کۆشی مه رگ کردوه . . .

ده زانم ئه وتاوه ی گه یشتیه سه ره مه رگیش ، تامه زرۆی دیـده نی من بوی !!

هۆ گیانه ئه مره که ی دایکم . . .

هه رچه نده له گه ڵ کاره ساتی مه رگی جه سته ی تۆدا نه بووم

خۆزگه ی هه ڵگری دارته رمه که شتم به جیٚ نه گه یاند . . .

به ڵام دڵنیابه هه تا ئه و کاته ی ، ئه مجاره ش ده گه ڕێمه وه خزمه ت دیداری شاره که م . . .

چۆڕایی فرمیسکی تامه زرۆم هه ر ته نیا بۆ خاکی سه ر گۆڕه که ته . . .

دایکه میهره بانه که م . . .

ده زانم ئه من بیلبیله ی چاوی تۆ بووم ، هه ر بۆیه ش لـه و رۆژه ی فاشسته کان ، مزیان به قورگی نوزه و تروسکایی موقـاوه مه تـی گه له که مان دا ده کرد . تۆ پۆسته به ری دابه شکردن و گواستنه وه ی ئه وی ساتی ( ١٩٧٦ – ١٩٨٠ ی ) کۆمه ڵه بووی ، بـه بـیٚ ئه وه ی سڵ له سزای درندانه ی دوژمن بکه یته وه . . .

ده زانم تۆش گه ل و وڵاته که ت خۆشده ویست ، لـه رێگای منیشه وه ئه و خۆشه ویستییه ت لیٚ ببوه پـه یامی پیـرۆز و سه روه ری ژیان . . .

هۆ شۆره ژنه که ی کورده واری . . . .

ئه م ده م و ساتانه ی جگه ر گۆشه که ت ، سه رقاڵی خـه باتی ژێرزه مینی شاره کان بوو ، تـۆ ره شماڵی حه شـاردان و سه نگه ری موقاوه مه ت و هه ڵگر و پارێزه ری نهێنی یـه کان بووی . . . .

دیداری هاورێیانی ئه مر . . . ئـــارام ، مامۆستا عه زیز ، جه ماله ره ش ، که ریم ره سول ، سه عدی خه لیل ، دلشاد موحه مه د ، مه لا غه فور ، حاجی ئه کره م و . . . ده یانی دیکه ش ئاوێنه ی رۆژانی ژیانی ئه و سه رده م و رۆژانت بوو ، هه ر چه ند یه کترمان ده دیته وه ، هه موو جاری یادی ئـــه وانـــه ت ده کرده وه و خۆشه ویستییه که ت بۆ سه روه ری یان دووپات ده بوه وه .

به لیٚ دایکی شیرینم . . .

ئه وه سه ری چه ندان جار بوو ، هه ر من تـۆم جیٚ ده هێلاو دوایش له سێبه ری ته مه ن درێژی هه ردوولامان ، یه کتـرمـــان ده دیته وه ، به ڵام ئه وه ئه مجاره یان تۆ بۆیه که م جـــارو دواجار منت بۆ ژیان به جێهێشت و چی تر یه کتری نابینینه وه !

وریا ئه حمه د

# ئامیری باڵه بان

## -1-

( باڵه بان ) ئامێرێكی مۆسیقای فووتێكردنه و له دوو به شی سه ره كی پێكدێت ، ده نگێكی مه یله و ئه ستووروقه به ی هه یه و ، ئامێرێكه هه موو چه شنه چینێكی ده نگی پێلێنادرێ .

### مانای وشه ی باڵه بان

١- له فه رهه نگی ( مه هاباد ) دا كــه ساڵی ١٩٦١ چاپكراوه ، ده ڵێ : باڵه بان – جۆره ته یریكه و جۆره ئامێرێكی مۆسیقایه / ل ، ٦١ .

٢ – له فه رهه نگی ( خال ) دا كه لــه ساڵی ١٩٦٠ چاپكراوه ، نوسراوه : باڵنده یـــه كی گۆشتخۆری خێرای راوكه ره ، له بازگه وره تره ، پارچه یه كه له پارچه كانی مۆسیقا / به شی یه كه م لاپه ره ١٠٤ .

٣ – له فه رهه نگی ( ئه ستێره گه شــه ) دا كه ساڵی ١٩٧٧ چاپكراوه ، نوسراوه : ( باڵه بان – صقر – نقارية – طبلة يستعملها الخيال ، طبل – واته مانای باڵنده یه كی جۆری ( صقر ) دێت و هه روه ها جۆره ده هۆڵێكیشه ) / ل ، ٤٤ .

٤ – له فه رهه نگی ( زمانی كوردی ، زه بیحی ) دا كه ساڵی ١٩٧٩ چاپكراوه ، لــه باره ی باڵه بانه وه نووسراوه : [ باڵه بان : بـاڵنده یه كی راوكه ره ، له باز بچوكتره و بـــاڵ و كلكی درێژن ، ده نگی گه وره یه ، پــه له ی ره ش و سپی تێدایه ، تیژباڵ و خێرایه بــه عه ره بی ( صقر )ی پێده ڵێن ، له ژێره وه ش نوسراوه [ باڵه بان – له زمانی روسی دا – بارابان – ی پێده ڵێن ، به مانای ( تــه پڵی گه وره یه ) و به پیاوی زه به لاح و ناقولاًو یاخود ئێستری زه لامیش دێ ] (١) .

### وشه ی ( باڵه بان ) چۆن بووه بــه ناوی ئه م ئامیره :-

جه مال شادان گوتی : جــارێكیان دكتۆر ( مارف خه زنه دار ) بۆی باس كردم و گوتی : ده ڵێن له سه رده می ساسانی یــه كاندا دووكه س مۆسیقایان بۆ پاشای ئه وكاته لێداوه یه كێكیان ناوی ( باڵه بان یـــاخود باره بان ) و ئه و دیش نـاوی ( دوورتوك ) بووه ، ئامێره كانی مۆسیقاشیان پێلێده دا ، خۆیان دروستیان كردبوون ، بۆیه له دوایدا هه ر به ناوی خۆشیانه وه ناونران .

مامۆستا كه ریم شاره زاش ، گوتی : دوورنیه ناوی ئه م ئامێره له ناوی باڵنده ی ( باڵه بان ) وه هاتبێ ، ره نگه ده نگی ئه م ئامێره له ده نگی ئه و مه له ی كردبێ .

پیره مێردی شاعیریش گوتویه تی :-

... ئـــــاوازی ( سه قر ) و ( باز ) و ( باڵه بان ) .... تاد . (٢).

### قه واره ی ئه م ئامیره :-

باڵه بان ئامێرێكی فۆلكلۆریه پێوه رێكی نــه گۆڕ یـا چه سپاوی نییه ، چه ند ئامێره كه كورت و بارێك بێت ، به رابه ر به وه ده نگه كه ی تـیژ یاخود به رزیان زیكتر ده بێت و چــه ندیش ئامێره كه ئه ستوورو درێژ بێت ، ئه وه ده نـگه كه ی نزم یاخود قه به یانیش گرتر ده بێت و به رای من سۆزیشی زیاتر ده بێت .

بۆنمونه پێوه ری دوو ئامێری باڵه بان ده نوسم :

یه كه میان : به شی A له وێنه كه دا ، پێیـده گوترێت قه میش و درێژی ١٢ سانتیمه تره ، پانی سه ره پانكراوه كه شی « ئی قه میشه كه » ٥ ر٢ سم ، به شی B له وێنه كه دا پێیده گوترێت « داری باڵه بان ، درێژی ٥ ر ٣١ سم ٥ ، حه فت كون له لای سه ره وه ی داره كه هه یه و ، ماوه ی میانی هه ر كونێك و ئه وی ته نیشتی نزیكه ی ٣ سم ٥ ، كونێكیش لــه دیوی بنه وه ی ئه و داره هه یه و ده كه وێته میانی كونی یه كه م و دووه م ، ئه وكونانه ش بۆ په نجه كانه .

به شی C هه ر لـه و وێنه دا پێیده گوتـرێت [ چه له مه – چۆڵه مه (٣) ] پانی ئـه مه شیان نزیكه ی ٣ سم ٥ ، وه ك ئه نگوستیله چــۆن ده كرێته پــه نـجه ، ئه وها ده كرێته ســه ر قه میشی باڵه بانه وه و هاتووچۆیشی پـێـده كرێت ، به مه به ستی كـۆك ( نصب ) كردنی ده نگی ئامێره كه تاراده یه ك .

به شی D یش ، دیسانه وه هه ندی له بـــاڵه بانژه نان هه ر ( چۆڵه مه ی ) پـێـــده ڵێن و تاقمێكی دی ( ده مبه ست )ی پێده ڵێن ، ئه مه یان وه ك ـ لــه واشه (٤) ده كرێته ده می ( قامیش باڵه بان ) له كاتی هه ڵگرتندا ، بــۆ پاراستنی ده می قه میشه كه .

پێوه ری باڵه بانی دووه م : درێژی قـه میشی ئه م ئامێره یان به شی A ٥ ر ١٠ سم ٥ ئه و



(وێنەی ژمارە (١٩) بەشەکانی ئامێری باڵەبان)

دروست دەکاتن . لە پێشەوە ( زەڵ ) (٩) دەخرێنە ناو ئاووگۆشتی کــــە لــەوپاچەی ( بەرخ یا کار )ی کوڵاو ، بۆماوەی نزیکەی جغارە خۆرێك ، هەر کە نەرم بوون ، جارێ لە پێشەوە کلۆرایی ناو قامیشەکە جوان پاك دەکرێتەوە ، ئــــەمجا ســــەرێکی بــــە ژێ دەخنکێندرێت ، واتە زۆر پوخت دەبەسترێت ، تــــا ئەو رادەی کونێکی بەقەد کونــی جغارەی کوردی تێدا بمینێ ، سەری دیکەی قامیشەکەش ، لەواشەی دەکرێتە ســەرو بۆ ئەوەی پان ببێتەوە ، هەرجارەی ( ١٠ تا ١٢ ) لە قامیش ئامادە دەکرێت ، دوای ئــەم

ئەو سەرەی قەمیشەکە کە ( تیر ←— ) م لادانــــاوە ، نـــــەختێ دەزووی نــــەرمی تێئاڵێندراوە ، بۆئەوەی کاتێك ئەم بــەشــە مان خستە سەر داری باڵەبانەوە ( بـڕوانە وێنەی ژمارە ٢١ ئەو سەرەی تیرم لاداناوە ) نەفەس نەکێشێت واتە بــا نەدزێت .

بەشی B ئەم باڵەبانەیان ( بـڕوانە وێنەی ١٩ درێژی ٥ ر ٣٤ سم ٥ ، چێوەی کونــی لای خوارەوەی ٨ ر١ سم ٥ ، دیارەحەفت کون لە رووی سەرەوە ، یەکێکیش لە رووی بنەوەی هەیە بۆ پەنجە خستنە سەریــان بـــەشی D,C هەر دووکیان ( کەلەمە ، چەڵەمە ) یان پێدەڵێن و درێژییان ٢ – ٣ سم ٥ ، ( وێنەی ژمارە ٢١ ) .

## باڵەبان چۆن دەگیرێ :ـ

زۆربەی باڵەبانژەنان ، یەکەمجار ســێ پەنجەی دەستی چەپیان ، بۆسێ کونەکەی بەشی سەرەوەی ، داری باڵەبان ، بەکار دێنن و پەنجەی گەورەی هەمان دەستیش دەخەنەسەر کونەکەی لای بنەوە . . . بۆ چوار کونەکەی دیکەی لای خوارەوەش ، هەر چوار پەنجەی دەستی راستیان ، بــە کار دێنن و پەنجەی گەورەی هـــەمان دەستیش دەکەوێتە رووی بنەوەی داری باڵەبانەوە بۆگرتنی ئامێرەکە بەکاردێ . هەرچەندە هەندێ لە بــاڵەبانژەنان ، بە پێچەوانەی دەستووری سەرەوە دەڕۆن ، واتـــە یەکەمجار پەنجەکانی دەســتی راست و ئەوجا ئی چەپیان دادەنێن . (٥)

## چۆنییەتی دروستکردنی :ـ

قسەی هەموو باڵەبانژەنان لەوەدا یەکدە گرێتەوە کە داری باڵەبان ( وێنەی ژمــارە ٢١ ، A ) دەبێ لە یەکێك لـــەو دارانــە دروستبکرێت : قەیسی ، عەنناب ، گوێـز ، کەوەت وئی دیکەش ، چونکە ئەو دارانە رەقن و تـــا ماوەیەکی دووروودرێــژیش هیچیان لێ نایە لەلایەك و دەنـگیشیان زوڵاڵ و بەسۆزە ، داری باڵەبان بڕبڕەی پشتی ئامێرەکەیە ، چونکە ( چ بەقەوارە یا درێژی ) لە هەموو بەشەکانی دی گەورە ترە ، دوای ئەوەی ( باڵەبانژەن ) دارەکە هەڵدەبژێرێ ، دەیباتە لای دارتاشێك کــە ئامێری ( خەرت ) ی هەبێت ، ( وەســتا تۆمەکان ئەو ئامێرەیان هەیە ) ، بــۆی


وێنەی ژمارە (٢٠) قەمیشی باڵەبان

هه نگاوانه و هه ڵده واسرێن ، تا وشك ده بنه وه ، ئه م كاره (٤ تا ٥) رۆژ ده خایه نی ، كه وشك بوونه وه ، ده بێ سه ره پانكراوه كان به چه قۆو « سمپاره - سمارته » لوس و لێك وته ن بكرێن ، بۆ ئه وه ی ده نگی خاسیان لێوه ده رچێت ، كه ته واویش بوون ، ئه وجا بۆ فرۆتن به باڵه بانژه نان ئاماده ن.

دروستكردنی یا خود خۆشكردنی (قامیشی باڵه بان له به شه كانی دیكه ی ئامیری باڵه بان ئاڵۆزتره ، چونكێ هه م شاره زایی و له سه ر خۆیی ، هه م چاپوك ده ستیشی گه ره كه ، هه موو كاره كه ش بۆ ئه وه یه قه میشه كه پان بكه ینه وه - ئه و سه ره ی ده چێته ناو ده م ، بێ ئه وه ی بیه ڵێن بشكێت .

هه ردوو (چه ڵه مه و ده مبه ست) یش ، له لقی دارمێو دروست ده كرێت دوای ئه وه ی لقی دارمێو ، لووس و لێك ده كرێت ، وێكی دێننه وه به داو شه ته كی ده ده ن ، (بروانه وێنه ی ژماره ٢١ ).

بۆ ئه وه ی زیاتر و چاكتر له (باڵه بان - كه یه كێكه له ئامیره ره سه نه كانی مۆسیقای كوردی بگه ین ، به پێویستی ده زانم له و باره نهختێ بدوێم :

شه وان گه ر بۆ ئێزگه ی (یه ریڤانی سۆڤیه ت - به شی كوردی) گوێشلكه ین ، مه به ست ئێستگه ی كوردی كۆماری ئه رمێنیایه ، ده بیستین زۆربه ی ئه و گۆرانیو لاوكانه ی له وێدا بلاوده كرێنه وه ، به یارمه تی ئامیری (باڵه بان) ه وه ن ، به واتایه كی دی (باڵه بان) له به رهه می مۆسیقای ئه وی شائامیره ، شانبه شانی ئامیره كانی دیكه ی وه ك (ده هۆڵ و زورنا) .

مامۆستای باڵه بانژه ن (جه مال شادان) ، ده رباره ی بوونی (باڵه بان له كوردستانی ئه ویدا ، گوتی :

دكتۆر مارف خه زنه دار كه له یه كێتی سۆڤیه ت گه رایه وه ، ئامیرێكی باڵه بانی له گه ڵ خۆیدا هێنابوو ، بۆ سلێمانی و دابووی به شاعیری ده نگخۆش (ساڵح دیلان) بۆ ئه وه ی ئه ویش به ده وری خۆی بیداته باڵه بانژه نێكی كورد ، ئه ویش بێدوودڵی دابووی به خوالێخۆشبوو (حه سه نی نه ی) ، چونكه ئه و كاته له سلێمانی ناوبراو هاوتای نه بوو ، دوای ماوه یه ك رۆژێكیان ، ئه و باڵه بانه ی نیشانی من دا ، جیاوازی له گه ڵ باڵه بانی ناوچه ی خۆمان ، یه كه م : داری ئه م باڵه بانه زۆر باریك بوو ، دووه م : قامیشه كه ی زۆر به وه ستایانه و شاره زایانه دروستكرابوو ، ورده كاری زۆریشی تێداكرابوو ، بۆیه وه ك نایلون (باغه) جوان ده هاته به رچاو .

## باڵه بانژه نانی به نێوبانگی كورده واری

مام نه سره دین ، به منداڵی له باوكییه وه فێری باڵه بانژه نی بووه ، ئه و پیشه هونه رییه ی له باوباپیرانییه وه بۆ ماوه ته وه ، به تایبه تی باوكی باڵه بانژه نێكی كه موێنه بووه ، مه قامه كانی وه ك ئه لاوه یسی و خورشیدی و خاوكه رو قه تارو راست و نیوه شه وو ده شتی و هه زارجۆره های به سته ی پێلێداوه . به لام ئێسته له به ر نه خۆشی خۆی وازی له باڵه بانژه نی هێناوه و خه ریكی دروستكردنیانه بۆ فرۆتن ، له پیاهه ڵدان به باڵه بانه كانی خۆیدا ده لێ ; هی وام هه بووه تفه نگێكی برنه وی هێناوه!

مام نه سره دین له كاتی خۆیدا له گه ڵ ئه حمه د داووده به یه كه وه لای شێخ تالیب بوون ، ئه ویش زۆر رێزی لێناون ، به لام داراغا كه سه ره ك هۆزی داووده كانه ، زۆری لێكردوون كه بچنه لای ئه و ، ناچار باریان كردوه بۆ لای داراغا ، دواتر ئه حمه د كه وتۆته شوێن گۆرانی گوتن ، عه لی كوڕی مام نه سره دین یش ، ئه ویش هه ر باڵه بان ژه نه و كوڕی گه وره شی هه روه ها .

حه سه نی نه ی ; له ئامیری باڵه بان زۆر سه ركه وتوو بووه ، له سه رقسه ی مامۆستای هونه رمه ند (ولیه م یۆحه نا) باڵه بانژه نی به ته كنیك و گۆرینی ده نگی ، هه ر له خۆی هاتووه ، ئه م هونه رمه نده دوو به رهه می تۆماركراوی له پاش به جێماوه ، ئه و به رهه مانه له كاتی خۆیدا له لایه ن تیپی مۆسیقای مه وله وی - ه وه تۆماركراون ، له ساڵانی په نجاكاندا له گه ڵ چاكترین (زه رب) لێده رو گۆرانیبێژ ئیشی كردووه ، كه ئه ویش (عه به ی سه ی زاده) بووه ، هه موو جۆره به زم و ره زمێكی هه ڵپه ركێ و مه قام و به سته یه كی زانیوه ، كاسێتێكی یه كاتژمێری ئه و دوو هونه رمه نده مه زنه له تۆمارگه كانی سلێمانی ده ستده كه ون ، حه سه نی خوالێخۆشبوو له ساڵی ١٩٣٢ وه له سلێمانی نیشته جێبوه و گوێی خه ڵكی ئه و شاره ی به ئاوازی ئه فسوناوی باڵه بانه كه ی ئاوداوه ، ژنیشی هه ر له وێ هێناوه ، ژنه كه ی له گه ڵ ژنی (عه به ی سه ی زاده) خوشك بوونه .

ئه مه ك داری خه ڵكی سلێمانی بۆ «حه سه نی نه ی » له وه دا ده رده كه وێ ، كه تا ئیمرۆش وێنه ی له ستۆدیۆكان و ناوبانگی لای پیروگه نجان و كاسێتی پرسۆزو ئاوازی ره سه نی له تۆمارگه كاندا هه ر ماون و هه ر ده شمێنن . . . حه سه ن . . . ده سترِه نگین بوو . . . بلیمه ت بوو . . . هه موساڵێك ئاهه نگه كانی نه ورۆزی سلێمانی به ئاوازو سۆزی (باڵه بان) لێدان ده رازانده وه .

ڕالف . س . سولیکی

# گۆرانـــی و هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری کـــوردی

گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی زاریسۆرانی - رەهبەر رەجەلال

**بەشی 2**

ئەو کوردانەی نیشتەجێن ، لە خانووی سەر گیراودا دەژین ، خانوەکانیان لە قورو بەرد دروستکراون ، نـمـــونەی خانوویەکی چینی هەرەدەستکورت و هەژاری گوندی تـەواو رووتاوەو بێپەنجەرەیە مادام جامی پەنجەرە « شوشە » گرانە ، لە خانووی جوتیارەکاندا « کا »و بـۆیـەو رەنـــگو چـــەرەگەش بەکاردێن ، خانووی گوندنشینەکان بەگشتی بەیەکەوەنوساو هەڵنراون لە سـەروچاوەیەکی ئاو نزیکن ، کێلگەکان دەورەیـــان داون .

ژورە سادەکان لە نێوان خێزان و ئاژەڵـــە کانیاندا دابەشکراون ، بەیەکەوە دەژین ، خواردن و پاشکەوتیش لـــە ژوری سـادەو ساکاردا ئـــەمارکراون ، ژوری دانیشـتـن بە شێوەیەکی دیار پـــاك و خاوێن رادە گیردرێت ، چینی لەوان هەورازترلە خانووی خۆشتر دەژین ، سەری گوند یاخود کێخوا خانوویەکی رازاوەو خۆشی بۆ خێزان ، هەروەها شوێنی تایبەتی ( دیوەخان ) بۆ مێوان و خزم و کەسانی هەیە ، لە خانووە سادەکاندا چرای کیرۆسین ( نـــەوت )ی پڕپووکەڵ هەڵدەکەن ، لەو ماڵانەی لـــە چینی ژوورترن چرای کیرۆسینی باشتر هەیە « لالە یـــا فانۆس » چینی هەرە ژووروتـــر چرای لۆکس هەڵدەکەن ، ئەوخێزانانەی لە گوندە گەورەکاندا دەژین لە کـــارەبا بێبەش نین ، لەگەڵ دروستکردنی چەندین بـــە نـــداوی جۆربەجـــۆر لـــەو بەشەی کوردستاندا بە خێرایی وزەی ئـــەلکتریـــك دەگاتە هەمووماڵێك ( نەك هـــەر وزەی ئەلەکتریك بەلکو گازی کیماوی و ناپاڵم پێش هەموو شتێك و بە خێراتر لەوزەی ئەلکتریك گەیشتە ئـــەو گوندە گەورەو بچوکانەی بەڕێز ڕالف ، س ، ســـــولیکی لێوەیان دەدوێ -و ) ، خواردنی جوتیارەکان ساکارە ، بەو بەرووبـــوومانە بـــە رێوە دەچن کە بەرهەمی مەڕو ماڵاتە ، یـــا لە زەویـــەکانیانـــدا شینـدەبن ،لە رۆژگاری رابردوودا کوردەکان لە راوشکاریـــشـــدا خۆراکیان مسۆگەر کردووە ، ئیمرۆ ئاژەڵی کێوی زۆر بـــە دەگمەن دەستگیردەبن ، بە رازیکێوی لەکاتی پێویستدا زۆرە چونکێ بەهۆی بنەماکانی ئیسلام خواردنی گۆشتی بەراز قەدەغەیە ، گـــورگ ، مـــامـــز ، بـــزنە کێوی و ورچ تەنیا ئاژەڵی کێوین لـــەو خاکەدا ماونەتەوە کە ئاشوریەکان بـــۆ وەرزش راوە شێریان لێدەکرد . خـــواردنی سەرەکی نانێکی تەنکە لە سەر سێڵێك و بەسەر ئاگردا دەی برژێنن « نانی تیری » پاروی ئەونـــانـــە لەگەڵ ماست و ئێستەکانە چـــایی گەرمی سەرئـــاگردان زۆربـــاوە ، بەرهەمی باڵداری ماڵی و پشـــکە گۆشتی مەڕو بزن بەتایبەتی لە بۆنەکاندا تەواوکەری ژەمی خواردنن ، دەگەڵ خـــواردنـــەوەی باوی وەك چاوشەکر ، لە زۆر شوێن چـــایی بە شەکر دەخۆنەوە ( مەبەستی دیشلەمەیە - و ) . جوتیاری کورد تەواو بـــەو بەشەی خۆی بەختیارە ( راستی ئـــەم قرساندنە تەواو جێگەی گومانە کەس نییـــە نـــەزانی جـــوتیاری کورد لـــە ژێر ستەمی سەختی ژیانیی بێڕاژەی کۆمەڵایەتی پشتی چەماوەتەوە دەستی دارزاوە -و ) .

جوتیاران لەبەرنەبوونی چەرخ و شـــەمچە ( شقارتە ) بەردەستێ و پارچە ئاسنێك بۆ ئاگرهەڵکردن شارەزایانە بەکار دێنن .

نێوماڵی جوتیاری کورد بەبەراورد لـــەگەڵ جوتیاری خۆرئاوا کەلوپەلیکی کەمی تێدایە ، چارپایە ( تەختەبەند ) مێز ، کورسی . . . هتد ، وەك لای ئێمە باوە لەوێ نین ، بـــە هاترین شت لەو ماڵانە ، مافور ( قـــاڵـــی ) بالیف ، سەماوەر ( گەر دانەیەك هـــەبێ ) ئێستکانی چایەو کەلوپەلی زیوی ، نێوماڵی کورد لە چاوچوقانیکدا ئامادەی بـــارکردنە ، ئەوەش پێداویستی گەشتوگەڕان دایســـە پاندووە ، لەبەر ئەوەی بارکردن و داگرتنیان زۆرە ، زۆربەی جوتیارەکان بـــە جۆرێـکـی تێکەڵاوی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بـــە ڕێـوە دەچن ، چەند کۆمەڵێکی کوردەکان تاوەکو ئیمرۆش دەستبەرداری ژیـانی کۆچـــەری نەبوون ، سنورە دەوڵەتییەکان دەبـــڕن و ماڵە زستانیەکانیان جێدێلن و بەدوای ئاژەڵە کانیاندا بەرەو زۆزان دەڕۆن و بەشـوێـن لەوەڕگەی بەهەڕمێن بۆ مەڕو بزن و مێگەل و ماڵاتەکانیان دەگەڕێن ، رەشـــماڵـــە

هەواڵنامەی کتێب

رەشەکانی چنراو لە مووی بزن بەرگەی گشت جۆرە تەشقیکی «ئاووهەوا» دەگرن ئەسپەکانیان نمونەی دەسەڵات و ڕێزلێنانن لە کاتێکدا کەر یا گوێدرێژ بە تایبەتی بۆ بارهەڵگرتن بە کاردێن، پلانە کشتوکاڵییەکان سادەن، گەنم، جۆ، لۆکە و توتن بە رهەمی سەرەکین لە تەک جۆرەها میوە و بەرەی رووەک، برنج لەو شوێنانە دەچێندرێت کە شین بێ لە لێژایی گردەکاندا کە دەتواندرێت ئاوبدرێت و گۆلی بۆ هەڵبەسترێت.

دەکرێ بگوترێ ئۆرگانی کۆمەڵایەتی کوردەکان دووڕەگە، بنەمای خزمایەتی رەسەن، هەروەها سیستەمی فیودال، لەسەر بنچینەی چینی خاوەن زەوی، هەردوو بنەما لێکدا لێکدا لە رووخانن.

چالاکی بە کۆمەڵ، هەڵپەڕکێ، تراپسیۆنی کوردەکانە، یا (دەبکە) (ئەم وشە عەرەبییە و نە بیستراوە کورد بە کاری بێنن-و) کە زۆر لە بەر دڵانە، هەڵپەڕکێ لە بۆنەکانی ئیسلام یا بۆنە گشتییەکاندا سازدەکرێت (هەرگیز نەمان دیوە لە بۆنە ئیسلامیەکاندا هەڵپەڕکێ بگەڕێ باڵەبان و زورناو زۆر ئامێری تری مۆسیقا لە بۆنە ئیسلامیەکاندا هەر بە تەواوی قەدەغە کراون -و) هەڵپەڕکێ بە گشتی لە دەرەوەی ماڵاندا سازدەکرێت، هێڵێک بە دوای سەرچۆپیکێشدا دەکشێ کە دەستەکانیان توند لێکدی گیرکردووە، بۆ دەنگی مۆسیقای فلوت «زورنا» دەهۆڵ یا گۆرانیبێژێک کە گۆرانی فۆلکلۆری دەچڕێ. هەڵپەڕکێ بزوتنەوەی هەنگاوهاویشتنی تێکرایە بە دەوری تیپی مۆسیقاوە، سەرچۆپیکێش دەسماڵێکی بە دەستەوەیە، بە هۆیەوە ریتمی هەڵپەڕکێ و گۆرانەکان بە هەڵپەڕکێکاران دەگەیێنێ، بەو شێوەی کە خۆی هەنگاو دەگۆڕێ، گەر گروپەکە بچوک بێ هەڵپەڕکێی دەچێتە سەر بارێکی گرانی بڵاوبوونەوە و هەنگاونان بە ئاواییەکی کارامە بازدان و گەڕانەوەی تێدەکەوێ، کاتێ ژنان دێنە نێو هەڵپەڕکێ و گۆڤەند ئیدی جمین بە ناز دەبێ (مەبەستی رەشبەڵەکە -و) وەک چۆن دانسێکی هێمن و لەسەرخۆ، هاوئاهەنگ و هاوکێش، رەنگە جلوبەرگ بدڕێ و یاخۆ پێڵاو وونبێ بەڵام بە هیچ شێوەیەک دەستیان لە یەکدی بەر نابێ و هیچ شتێ دەستیان لە هەڵپەڕکێ پێهەڵناگرێ کە نزیکەی چوارکاتژمێرێک بەردەوام دەبێ.

یەک... دوو گۆرانیبێژ یاخود تێکرا گۆرانی دەڵێن، گۆرانیوتن بە شێوەی ڤالیسیتۆ **Falsetto** «تۆنی بەرز» ئەدا دەکرێت، هەروەک دەنگێکی میلۆدی «دەنگ لە تۆنێکەوە بۆ یەکی بەرزتر - لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر -و» کە گۆرانییە فۆلکلۆریەکانی ئیسپانیان دێننەوە یاد، کاتی گۆرانیوتن زۆرجار دەستێراست دەخرێتە پەناگوێ، یا بە سەر لاڕوومەتدا دەکشێ.

لە نیشتمانی کوردەکاندا نۆژداری موسلمانییەتی لە کاردێت (لە ڕاستیدا نۆژداری لە نێو کوردەواریدا هەر باو بووە، نۆشداری خۆماڵی ئێستە لە گەورەترین و پێشکەوترین نەخۆشخانەکانی جیهانی بە کاردێن -و).

هەروەها رێگە کۆنەکانی چارەسەری خێڵەکی لە برەو باودان، رێگاوبەنەکان بە خێرایی لە رووی کوردستان دەگۆڕێن. حکومەتەکان بە رەی دوژمنایەتی کردنی کورد شلتر دەکەن و روو لە کاری سود بەخشن، فێرگە و نەخۆشخانەی پتر دەکرێنەوە، نوێنەرانی دانپیانراوی کورد لە خۆیان پتر رێگەیان پێدەدرێت، وەلێ پێویستە مرۆڤ ئەوەیشی لە یاد نەچێ: کە ئەم یارمەتیانە بە رادەیەکی فراوان جیاوازی لە نێو جەماوەری نەتەوەی کوردا دەنێنەوە.

ئەگەرچی کوردستان ئیمرۆ (سەرەتای پەنجاکان -و) نایلوێ وەک بەرەیەکی یەکگرتوو خۆی لە روی جیهاندا دەرخات، ئەمە ئەستەمە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر چۆنێبێ دەشێ بێپەردە و بە ڕونی بگوترێت: - کە جیهانی دەرەکی لە کەسایەتی کوردەکان تێدەگات. مژدەی گۆرانە، ئەم گۆرانیانەش لە ناوچەی دۆڵی شانیدەری سەرووی عیراق تۆمارکراون، کە بەم زوانە ژێراوی یەک لە بەنداوە هەرە بڵندەکانی جیهان دەبن!!

---

## با ساڵی نوێ سەرەتای پەندیکی نوێ بێ .

## لە جێی « ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار ! »

## هەموو تێکرا بڵێینەوە :

## « ساڵ بە ساڵ نەفرەت لە پار ، نەفرەت لە شەڕی براکوژی گڵاوی گەمار »

*لیژنەی سەرپەرشتی و بڵاوکردنەوە*

زاهیرعه بدولا

## چاوپێكه وتنێك لـه گه ڵ مامۆستای هونه رمه ند

# وریــــــــــا ئه حمه د

ئاماده كردنی بۆ دلانپار: هه رێم كاوه بـــارام *

كاك زاهیر :

مامۆستا وریا ئێوه خه ڵكی شاری كۆیه ی به ناوده نگ به هونه رو ئه ده بن ، كـاریگه ری هونه رمه ندانی ئه م شاره له سه ر ئێوه‌و به رهه می هونه ریتان چۆن دیار ده كه ن ؛ ئێمه ئاره زوده كه ین بزانین چونه نێو جیهانی هونه رتان چۆن بووكـــاریگه ری بـــاوكـــی خوالێخۆشبووتان له م بواره دا چۆنبووه ؟

هونه رمه ند وریا ئه حمه د:

سه ره تا سوپاستانده كه م له یه كه م به شی به رنامه كه تاندا ئێمه تان ده ستنیشانكرد ، ئه‌وه جێگه ی رێزه . سه ره تای هونه ریم دیاره له شاری كۆیه وه ده ستپێكرد ، لــه بـاوه شی باوكێكی ده نگخۆشی نیشتمانپه روه ر ، مرۆڤێكی هونه رمه ند ، ته نیا ئاوازدانه ریش بووه ، ئه وه ی ده یه وێ له وباره وه پتر تێبگات ده توانێ له گۆڤاری كاروان ژماره ۲ ی ســالّی ۱۹۹۲ باسێكی تیروته سه لم له سه ر باوكی ئه مرم له ویدا بلاوكراوه ته وه ، بـــاسه كه ش وه ئه بێ لـــه خۆمه وه دروستمكردبێ ، وتبێتم باوكمه و . . . . به پێچه وانه وه ، بـــه لكو هه مووی له سه ر كاسێت تۆماركراوه و لایخۆم هه ڵگرتوون ، گفتوگۆ له گه ڵ شاعیری ئه مر عه ونی ، له گه ڵ ( خوالێخۆشبووان) كاك عومه ری مام عه ولای ، مامه رووتــه ، حـه مه ره شیدی شێرزاد ، به ڵێ من له كۆیه په روه رده بووم كۆیه ش شاری سێوه‌و مه لا ئه سعه دی ئه مره ، پێش ئه‌وانه یش شاری ئه خته ری شاعیره كه شه‌وانه تـــا به یانی رۆژبۆته‌وه كۆڕی هونه ری له گه ڵ ده نگخۆش و شاعیران و ئه دیبان ، نوكته زانان هه بووه ، با یـــادی گۆرانیبێژانی پێش ئه وانه یش بكه ینه‌وه وه ك ( مه رپێنی قه شه شاوێل ) كۆیـــه ناوداربوو به ده نگخۆشی وه ك ( ئه شئه تی ره شید ئاغا ) و ( حه نـیـل ) و ( ره فیق چارچاو ) و ( حاجیه گه‌وره ) زۆری تر ، ئه حه ی ناسری له سلێمانیه‌وه هاتۆته كۆیه ، سـه عیدی مامڵێ باوكی حه مه ی مامڵێ لــه ســابـڵاغـه‌وه ( مه هاباد ) هاتیته كۆیه ، به راستی كۆیـــه ئه ڵێن خۆمان كۆینه ، شارێكه جگه له وه ی خاوه نی حاجی نــــه مر ، مه لای گـه‌وره ، محه مه د توفیق وردی و دڵدارو ده یان شاعیرو نوسه ری دی بووه مــه ڵبــه ندی هونه رو رۆشنبیری بووه ، دیاره كه سێك لـه‌و شـاره له دایكبێ ، مه به ستم جـــوانی شـاره كه‌و دیمه نی باواجی‌و هه یبه تسوڵتان‌و ره زوباغی كۆیه و هه‌واره كانی‌وه ك چناڕۆك . . . هه موو ئه مانه رۆڵی خۆیان ده بینن هه تـــا ده نگی مه ل‌و بولبول و جوانی دیمه نی بـــه هارانی به گشتی له گه شه كردن‌و پێشخستنی هونـه ر مه ند كاریگه ر ده بن ئه‌وه ی هونه رمه ندیش ئه بێ سه رنجی ده كشێ بۆ ئه‌و لایه نانه .

دوای ئه مه به راستی ده مه وێ سه ری نوازش بۆ مامۆستایانم دابنوێنم ، هونه ر مه ند زیـــاد قه ساب ، مامۆستاو برای خۆشه ویستم كاك سه ردار ئه حمه د كۆیی كه به راستی خـــۆم به قه رزارباری ده زانم ، هه روه ها مامۆستای عه ره ب هونه رمه ندی گه‌وره خوالێخۆشـــبوو جه میل سه لیم ، ئه‌وانــه هه موویـــان رۆڵـی باڵایان هه بوو له پێگه یاندن‌و گه شه كردنـی هونه ری مندا ( پارچه یه ك گۆرانی . . . . )

كاك زاهیر :

ئێوه لــه كوردستاندا له رێگه ی تیپی باواجی كۆیه‌وه ناسران ، تكایه ئه گه ر ده كرێ رۆڵی ئه‌و تیپه له بواری مۆسیقای كوردی له باشوری كوردستاندا ده ستنیشانبكه ن ؟

هونه رمه ند وریا ئه حمه د :

ده توانم بڵێم تیپی باواجی كۆیه یه كه م یـا دووه م تیپ بووه له كوردستان كه مۆڵه تـــی ره سمی له لایه ن وه زاره تی نـــاوه خۆی

* ئه م چاوپێكه وتنه له لایه ن كاك زاهیرعه بدولاوه ، له به رنامه ی ته له فزیۆنی كه لـــــی كوردستان ئه نجامدراوه ، برای هێژا كاك هـ.ك.بارام ، هێناویه ته سه ركاغه زو به گوێره ی پێویست داڕێـــژراوه ته وه ، ئێمه ش وه ك هه ڵوێستێكی هونه رمه ندانه و هه م بۆ ئه و هه موو زانیاریه گشتییـــه ی چاوپێكه وتنه كه له ئامێزی گرتووه كه سودی زۆری بۆ خوێنه ران هه یه به پێویستمان زانی لـه چه ند به شێكدا بڵاوبێته وه ، شایانی باسه له و ماوه یه دا چه ند چاوپێكه وتنی تر لــــه گه ڵ هونه رمه ندانی مۆسیقای كوردی كه یشتونه ته پۆستی دلانـــــــپار به دوایه كیدا بڵاوده بنه وه .

هەواڵنامەی کتێب

ئه‌وساكه‌ پێدرا، ئێمه‌ كۆمه‌ڵێك لاوبووین له‌ كۆیـه‌ ساڵی ١٩٦٩ به‌ ره‌و حه‌فتاكان به‌ تایبه‌تی ئه‌و چوارساڵه‌ی سه‌ره‌تای حه‌فتاكان، ئه‌و كاته‌ی گفتوگۆ له‌ گه‌ڵ رژێم هه‌بوو، هونه‌ری كوردی له‌و ماوه‌یه‌دا چاك گه‌شه‌ی كرد، به‌ تایبه‌تی له‌ شاری كۆیـه‌، باواجی رۆڵی له‌وه‌دیت كه‌ زۆر گۆرانی كۆنمان هه‌بوو خه‌ریك بوو له‌ بیر ده‌چونه‌وه‌، باواجی به‌ شێوه‌یه‌كی زۆر رێكوپێك وجوان به‌ مۆسیقایه‌كی خاوێنی ره‌سه‌ن پێشكه‌ش به‌ جه‌ماوه‌ری كوردستانی كردنه‌وه‌، تۆماری یه‌كه‌می باواجی ١٩٧٢ له‌ ته‌له‌فزیۆنی به‌غداو ده‌رهێنه‌ره‌كه‌ی حوسێن نه‌سراوی بوو، زۆربه‌ی گۆرانییه‌كان كـۆرس بوون وه‌ك (ده‌ی ده‌ی له‌و باڵابه‌رزه‌ ... له‌و بابه‌تانه‌ بوون، له‌ته‌ك چه‌ند پارچه‌ مۆسیقایه‌ك، ساڵی ١٩٧٣ كۆمه‌ڵه‌ گۆرانی دووه‌مان له‌ تۆمارگه‌ی ته‌له‌فزیۆنی كه‌ركوكدا تۆماركرد وه‌ك (یاره‌كه‌م ده‌ڵێ بوكه‌ جوانی شاری كه‌ركوكه‌، ئه‌و كۆمه‌ڵه‌ گۆرانییه‌ كه‌ (سه‌لاح پشده‌ری) و (ئومێد سادق) و ده‌سته‌یه‌ك گۆرانیبێژی نوێ بوون، گۆرانییه‌كانی جاری دووه‌ممان به‌ راستی سه‌رنجی جه‌ماوه‌ری كوردستانی به‌ره‌و باواجی كێشا، باواجی به‌ته‌واوی جێپێی خۆی كرده‌وه‌. له‌ ساڵی ١٩٧٣ باواجی پتر ئه‌سپی خۆی له‌ مه‌یدانی هونه‌ری كوردیدا تاودا به‌ تایبه‌تی به‌و كۆمه‌ڵه‌ گۆرانییه‌ی له‌ تۆمارگه‌ی ته‌له‌فزیۆنی به‌غدا تۆمارمان كرد كه‌ ده‌رهێنه‌ره‌كه‌ی ناسرحه‌سه‌ن بوو، ناودارترین گۆرانییه‌كانی (تۆ شه‌مع و من په‌روانه‌) بوو به‌ ده‌نگی گۆرانیبێژ (سابیر ئیبراهیم).

دوای ئه‌مانه‌ باواجی له‌ ساڵی ١٩٧٤ به‌شداری ڤێستڤاڵی هونه‌ری كوردی كرد، جێگه‌ی شانازییه‌و به‌ راستی مایه‌ی دڵخۆشییه‌ كه‌ تیپی باواجی توانی له‌ ناو هه‌موو تیپه‌كانی كوردستان یه‌كه‌م بێ یاخود میدالیای یه‌كه‌م به‌ده‌ستبێنێ، لیژنه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندن خوالێخۆشبوو هونه‌رمه‌ندی نه‌مر مامۆستا (عه‌لی مه‌ردان) بوو، هه‌روه‌ها هونه‌رمه‌ندی عه‌ره‌ب مامۆستا (جه‌میل سه‌لیم)، كه‌ به‌ راستی هونه‌رمه‌ندی به‌ توانابوون، مه‌به‌ست ئه‌وه‌ كه‌ به‌ لاداشكاندنی تێدانه‌ بوو داوه‌رییه‌كه‌یان له‌ سه‌ر بنه‌مایه‌كی زانستی و رێكوپێك بوو.

كاك زاهیر:

یه‌ك له‌وانه‌ی گۆرانیان وتوه‌ ئێوه‌ن حه‌ز ده‌كه‌ین كۆپله‌یه‌ك له‌و گۆرانییه‌ وه‌ك بیره‌وه‌ره‌ی، ئه‌گه‌ر له‌ بیرتان مابێ...

هونه‌رمه‌ند وریا:

هه‌رچه‌نده‌ من خۆم حه‌زم لێی نییه‌!

(له‌ گه‌ڵ ئامێری عود، ئه‌م پارچه‌یه‌ پێشكه‌شده‌كات)

شه‌وێ به‌ یادی ژینی رابردوو
به‌ یادی عومری گوڵی بابردوو
سه‌رێ بكێشه‌ هه‌وارگه‌ی وێران
كه‌ تاریك تره‌ له‌ دیده‌ی كوێران

كاك زاهیر:

وابزانم شیعری مامۆستا برایم ئه‌حمه‌ده‌؟

هونه‌رمه‌ند وریا:

به‌ڵێ هه‌ر شیعره‌كه‌ی (شیرین به‌هاره‌) یه‌، پارچه‌ی دووه‌م.

كاك زاهیر:

باری هونه‌ری ئێسته‌مان، به‌ تایبه‌تی ئه‌و دیارده‌ دزێوه‌ی دزینی گۆرانی دراوسێكانمان چۆن هه‌ڵده‌سه‌نگێنن؟

هونه‌رمه‌ند وریا:

برگه‌ی یه‌كه‌می پرسیاره‌كه‌تان، باری هونه‌ری كوردی، ئه‌ز زۆرجار له‌ رۆژنامه‌و له‌ چاوپێكه‌وتنه‌كاندا رای خۆم ده‌ربریوه‌، ئێسته‌ خه‌ڵكێكی زۆر هه‌ن به‌ تایبه‌تی ئه‌و گه‌نجانه‌ی له‌ سه‌ر رێگه‌یه‌كی زانستیانه‌ فێری مۆسیقا نه‌بوون كه‌یفیان به‌ من نایه‌، من هونه‌ری كوردی ئه‌گه‌ر هونه‌رێكی خاوێن بێ، هونه‌رمه‌ندێكی ره‌سه‌ن ببینم، هونه‌رێكی نوێ ببینم نوێخوازی تێدابێ، رێره‌ویكی تازه‌ی تێدابێت، با ئه‌وكه‌سه‌ كه‌ به‌رهه‌میهێناوه‌ دوژمنی بابه‌ كوشته‌م بێت ده‌یخه‌مه‌ سه‌رسه‌رم، پێیده‌گه‌شێمه‌وه‌ واده‌زانم بۆخۆم كردووه‌، ئه‌ز هونه‌رمه‌ندم كارم به‌سه‌ر ئه‌وه‌دا نییه‌ ئه‌و هونه‌ره‌ كێ به‌رهه‌میهێناوه‌، شتی چاك.. با هه‌زاری وه‌ك منیش بڵێ خراپه‌، بێسوده‌ جێگه‌ی خۆی هه‌رده‌كاته‌وه‌ خۆی ده‌چه‌سپێنێ، شتێك گه‌ر له‌ سه‌ر بنه‌مایه‌كی زانستی بێت، گه‌ر له‌ رێوره‌سمی كورده‌واری لانه‌دا هه‌زاری وه‌ك منیش بڵێ جێگه‌ی خۆی هه‌رده‌كاته‌وه‌.

به‌ڵام ئێمرۆ به‌ داخه‌وه‌ دیارده‌یه‌كی ناشیرین هه‌یه‌، هه‌ندێ كه‌س كه‌ نامه‌وێ ناویان بێنم، دیاره‌ هه‌موویان نا له‌ نێوان ئه‌وانه‌شدا هه‌نه‌ دیارن و جیاده‌كرێنه‌وه‌ كه‌ هونه‌رمه‌ندن، تێیاندا ئێسته‌ ئه‌ندامی تیپه‌كه‌ی خۆمه‌، به‌ڵام زۆربه‌یان پێكه‌وه‌ رێكه‌وتینه‌و (ئۆرگ)(؟) یامه‌ها) یه‌كیان كریوه‌، ئه‌و ئامێره‌ خۆی ریتم و كۆردو جۆره‌ها ده‌نگی ئامێره‌كانی مۆسیقای تێدایه‌، دیاره‌ ئه‌وه‌ی هونه‌رمه‌ندیش نه‌بێ گه‌ر گوێی مۆسیقی هه‌بێ به‌ دووسێ مانگ ده‌توانێ شتی پێلێبدات، خه‌ڵكه‌كه‌ش هۆشیاری هونه‌ری نزمه‌... من چه‌ند گله‌ییم له‌و كه‌سانه‌یه‌ بارته‌قای ئه‌وه‌ش گله‌ییم له‌و خه‌ڵكه‌یه‌ كه‌ ئه‌وانه‌ داوه‌تی ئاهه‌نگێران ده‌كه‌ن، ئه‌گه‌ر هه‌رسورن باشه‌ تیپێك

به ن كه شتی پێیه ،وه ك وتم لـه نێوان ئه وانه دا هه ن شتی باش پێشكه شبكه ن باناونه هێنم نه وه ك بڵێن پروپاگه نده بۆیه ك له و گروپانه ده كات ، ده بێ له و لایه نه زۆر ئاگامان له خۆبێ، ئـه ز هه رگیز وه ك هێندێك باسیانكردووه دژی گه نجه كان نیم !؟

كاك زاهیر :

گه نجه كان هێندێك گله یان هه یه . .

هونه رمه ندوریا :

گه ر من دژیان بم ، هه ر له و فێستڤاڵه ی خۆمان كه ته له فزیۆنی ده نگی كوردستان پیكیهێنا ، له تیپی مۆسیقای ( زیـروبـه م ) سه رنجه ی ده بینی بۆ نمونه ( حه سـه ن گه رمیانی ) برای خۆشه ویستم ، برای ئازیزم ( خه لیل وه ندی ) و زۆر هونه رمه ندی تـر وه ك ( سه باح فه یزی ) كه له مێژه به راستی گۆرانیان بۆ نه كراوه و پێویستیان بـه وه یـه خه ڵك بیانبینێ و گوێی لێیان بێ، من گۆرانیم بۆ ئه وان نه كرد ، به لكو گۆرانیم بۆ ( شێركۆ كه ركوكی ) كرد كه گه نجێكی نوێیه ، شێرزاد چاوشین ، ئه حمه د مه عروف ، هـاوژین ، یانی كۆمه ڵه گـه نجێكمان هێنایه پێشـێ ده توانم بڵێم هه موویان یه كه م جاریانــه ده رده كه ون ! جا گه ر من دژی گه نجان بم بۆئه و كاره به م شێوه یه پێشكه شده كه م ؟؟

به ڵێ من دژی ئه و گه نجانه م كه له راستیدا چ په یوه ندیان به هونه ره وه نییه ، ده نگیان خۆش نییه ، ده یانه وێ به زه بری هـێندی ئاكاری كه سێیه تی ، ئایا ده وڵه مه ندی یـا هه رشتێكی دی ، ده یانه وێ خۆیان ده رخه ن ، ئه وانه گه ر هونه رمه ند نه بن ناتوانن بڵێن هونه رمه ندین ، با به ملیۆنیش بده ن ، بۆچی له قسه ی راست ده تۆرێن ، برا ئه و كه سانه بۆ هونه ر دروستنه بوون ، خه ڵكانێك هــه ن وه رزشوان و هه ر كه ده بن له گۆرِه پانه كان خه ریكی یارین ، به لام هی وا هه یه پاره ش ده داو نابێته وه رزشوان ، ئـه مه شتێكه به هره یه ، خه ڵكانێك هه ن له بیركاری زیره كن ، هه یه له فیزیا ، هه شه له زمان فێربـوون بلیمه ته ، كه چی ئه وانه به جۆرێكی تر ئه م وشانه وه رده گرن . . . . زۆرێ ده بن نـابن كه یفی خۆیانه ، رای من ئه مه یه و شانازی پێوه ده كه م : من بێده نگ نابم كه ده بینم هه ستی گوێگرتنی منداڵانی نـه ته وه كه م ده شێوێندرێت ، له سه رئه وه هه رگیز لێیان بێده نگ نابم و گه ر دوژمنداریه تیشم بكه ن، هه تا گه ر نیازیان بێ لێشم بده ن ، ئـه ز هونه رمه ندم و راستی ده بێژم با لـه سه ر خۆێشم به زۆر بكه وێت .

كاك زاهیر :

ئه و شتانه كه ئێوه باسی . . .

هونه رمه ندوریا :

كاك زاهیر بروابكه ن من ره خنه م له دلشاد گرتووه ( تیپی دهۆك ) كه ده تـوانم بڵێم بلیمه تێكه له نێو كوردا ، بـه لام كه ته ماشـا ده كه ی منداڵه كی ده سالان قسه ی بـۆ ده كا گوێی لێده گرێ،سود له ره خنه كانی وه رده گرێ ، هونه رمه ندی گه وره ئه وهایه ، ده بێ گوێ له هه موو ره خنه یه ك بگرێت ، خۆی چاكتر بكات ، خۆی رێكبخات ، به رێكو پێكترین شێوه بێته به رچاوی خه ڵك ، ده بێ به ره خنه بگه شێته وه نه خه ڵك خۆشی ده وێ بۆیه ره خنه ت لێده گرێ ، دیاره ئه وه یشی هونه رمه ند نه بێ بچوكترین ره خنـه ی لێبگره ، ده چی قسه ی ناشیرین یـا زۆر گه وره ت پێده لێ ، پروپاگه نده ی سـه یرو سه مه ره ت بۆ هه ڵده به ستێ .

وه لێ وته یه كی كوردی هه یه ده ڵــێ : راستبه و له رێی شێری بـرۆ ، دوارۆژیش ده یسه لمێنێ كه ئێمه له و كاره مه به ستمان چییه ! خۆیشیان ده گه نه ئه و نیاییه . برگه ی دووه می پرسیاره كه تان ، دزینی گۆرانی ، له راستیدا من نووسی نوسینم هه یه ده سـاڵ پێش ئه مرۆ له سه ر ئیبراهیم تاتڵی سـازم نوسیوه . له بیرمه ئه و كاته ی تـۆمارگه ی دڵدارم هه بوو له هه ولێر ، شوفێری ترێله كان له توركیاوه ده هاتن ، كورد بوون ، كاسێتیان دێناو ده برد ، جارێكیان له قسه دا پێم وتن : ئایشه شان له ئیبراهیم مێرتره ! سـه رسام بوون ! پرسیان : چما وا ده لێی ؟؟ وتـم : چونكێ ئایشیشان ژنه و هێنده ك گۆرانـی به كوردی گوتییه ، ئه گه ر چی زۆریشی بــه توركی گوتیه ، به لام نیوه ی گۆرانییه كانی كوردین و ئیسپاتی كردووه كورده !

ئافه ریم ئیبراهیم بیست كاسێتی پتر هه یه ، به لام له و دوادوایه نه بێ یه ك دوو لاوكی گوتووه ده نا ئێمه ته نیا ده مان بیست كـه كورده ، له گه ڵ ئه وه شدا تـاوانیكی زۆر گه وره ی ده رهه ق به هونـه ری كوردی و نه ته وه ی كورد كردووه ، به وه ی كه گۆرانی فۆلكلۆری كوردی به وشه ی توركی داده رێژێ ، دیاره تورك ده وڵه تی هه یه ئه و گۆرانیانه ده كرێنه نۆته ، وه ك به ڵگه نامه تۆمارده بێت و له ئێزگه كاندا هه ڵده گیردرێت ، سبه یرۆژێ ئێمه بشڵێن كوردیه ، ئه وان ده ڵێن نه خێر ئێمه تۆمارمان هه یه و ئه وانه توركین ، ئه و جا ئه و تاوانه بۆ چی و بۆ كێ ده كات ؟ له و دواییه ش له كوردستانی نوێ – شدا شتێكم بلاوكرده وه ، له وێدا نوسیومه : ئه وه ی كـه ئێمه نه فره تمان لێده كرد ئیبراهیم ده یكات ئێسته خۆمان ده یكه ین !!؟

كۆمه ڵه گه نجێك په یدا بوونه ، دێن گۆرانی ئیبراهیم یا بلند ئارسو ، بڵێن گۆرانی توركی به بێده ستكاری ، هه ر ئه وه یه شیعره كه ی به كوردیه تۆمارده كه ن و بلاویده كه نه وه ،

هه واڵنامه ی كتێب

ئه م جۆره كاره راژه ی هونـه ری كوردی ناكات ، نه وه كانی دوای ئێمه نـازانن كامه گۆرانی كوردی ره سه نه و كامه یان كوردی نیه ،كامه توركیه یا فارسیه یا عه ره بی یه ، ئه وه ش تاوانه ، بۆ ده بێ گۆرانـی كوردی بشێوێندرێت ، باشه هه ر نه بێ بلێ ئــــه و گۆرانیه توركیه م به ده ستكاریه وه ئـامـاده كردووه ، ئه وه ش نالێن ، هێندێ لـــه وانه ئاوازه كه ش به هی خۆیان له قه لـه مده ده ن ، ئه مه شتێكی زۆرخراپه كاریگه ری نه ری له هونه ری كوردی ده كات ، له هه ر لایه كه وه بێ هه ر دزییه . من كه پێم ناخۆشه ئیبراهیم گۆرانی كوردی ده كاته توركی ، ئـه وانیش توركه كان پێیان ناخۆشه گۆرانی تــوركی بكرێته كوردی . . .

كاك زاهیر :

من له و براویه دام كه ئێوه وه ك هونه رمه ندێك رقتان له تورك نابێته وه ، رقتان لــه و كاره ده بێته وه ، ئه وه ش به رگریكردنه له هونه ری كوردی . . .

هونه رمه ندوریا :

به لێ ئێمه به رگری له هونه ری ره سـه نـی كوردی ده كه ین ، ئه وه ش مافی خۆمانه ، هه روه ك ئه وانی دیش مافی خۆیانه به رگری له هونه ری ره سه نی خۆیان بكه ن ، وه ك نه ته وه . . . . .

(گۆارنیه كی توركی وه ك نموونه پێشانده درێت)

كاك زاهیر :

دوای ئه وه ی له گه ل تیپی باواجی له شاری كۆیه كۆمه لێك به رهه متان پێشكه شكرد ، گواستانه وه هه ولێر ، بابێینه سه رباسی رۆلی هونه رمه ند وریا ئه حمه د له ته ك براده رانی تری له شاری هه ولێر ، تاوه كو پێش راپه رین ، ئه و كاره هونه ریانه چیبون ، ئه و تیپانه ش كامانه ن له گه لیاندا به شداریتان بــووه ؟

هونه رمه ندوریا :

راستی پێش ئه وه له بیرم چوو باسی ئه و روداوه ی فێستڤالی ده یه می لاوان له بـه رلین بــكه م ، سالی ١٩٧٢ ئێمه كۆمه لێـك هونه رمه ندی كورد به شداری ئه و فێستڤاله مان كرد ، دیاره هونه رمه ندی عیراقیشی تێدا بوو ، ئێمه وه ك كورد به شداریمان كردبوو ، توانیمان رۆلێكی باشیش بنوێنین ، بۆ نمونه ئێمه كه پێنج هونه رمه ند بوین ، لــه گه ل كۆرسێك كه حه فت كچ بوون لــــه گه ل هونه رمه ند جه لال عه زیز ، تیپی عه ره بی كه سێچاره گ ماوه یان بــوو بـــاشترین مۆسیقاژه نانی وه ك ( مه حمود حـه مه د ، حه مید به سری ) وهی تریان له گه لدابوو كه مۆسیقاژه نی زۆر رێكوپێكن ، خه لــكی ئه وێ زۆر به پیریانه وه نه ده چوون ، به شتی تره وه خه ریكده بوون ، چونكێ ریتمه كانیان خاو بوون ، كه چی كاتێ ئێمه ده هــاتینه سه ر شانۆ بــه هه مووی دوانــزده خوله ك ماوه مان هه بوو ، هه رگیز له بیر ناكرێ له یه كێ له و گۆره پانانه كه ( ئێلێكسینده ر پلاتس ) ی پێده لێن یه ك ملیۆن كه سی تێدا بوو ، كه ئێمه ده ستمانپێده كرد ئـــه وان هه موو هه لده په رین ، ئێسته ش له بیرمه ( ئـه ی مینه عـه مرم مینـه ) به و ریتمه كوردییه ره سه نه فرته نه ی ده ناوه ، ئێمه ش له خۆشیانا خه ریك ده بوو بالبگرین ، ئه وان له گه ل هونه ری نه ته وه یی ئێمه ده گونجان هونه رمه ند ئه نوه ر قه ره داغی بوو ، زاهیر موحه مه د كۆیی بوو، برای خۆشه ویستمان كاك قادر عه لی مه ردان بوو ( ریتمی ده گرت ) جه لال عه زیز گۆرانی له گه ل ده گوتین ، زورناژه نیكی بادینی هه بوو له هه ره باشه كان بوو، كچه كانی كۆرس بوون ، ســاكار و هه لاله ، شیرین . . . . . به وه نده كه ســه كاریگمان ده كرد نه بێته وه ، كـــه كاتمان ته واو ده بوو له شانۆ ده هاتینه خـــوارێ به ده یان كه س به فۆتۆگرافه وه ده هاتن تا بۆیان پربكه ینه وه وه ك یادگارهه لیگرن ، ده یان پرسی خه لكی كێن ، له كێنده رێـوه هاتوون ؟ ئێمه ش ده مان گوت له كوردستان هاتووین ، به راستی شتێكی زۆر دلخـۆش كاربوو بۆ ئه وان و هه م بۆ ئێمه ش .

ئه وجا بێمه سه روه لامی پرسیاره كه تان ، هاتنمان بۆ هه ولێر ، دوای شكستی شۆرش؛

[چاوه رێی به شی دووه م بن لـه ژماره ی داهـــاتـــــوودا . . . . . . . . . . . . . ]

بـــۆ هه موو
كوردێك
بـــۆ گشت
پارتێك
بۆ ته واوی
رێكخراوه كان
« ســال به سال نـه فره ت
له پار ! نه فره ت له شـه ری
براكوژی گلاوی گه مار »
په ندیكی نوێیه
سه ره تای ١٩٩٥ . كۆتایی ١٩٩٤
گۆڤاری دلانـــــــپار

# ب . کرۆتشه

# جوانـــاسی

گۆڕینی له فارسییه وه بۆ کوردی زاریسۆرانی

**سه ربه ست خه سروعارف** *

تیۆره کانی کرۆتشه ده رباره ی هونه رو جوانناسی ئه گه رچی گرنگی زۆریان پـه یداکردووه و لایه نگرانیان که م نین ، له گه ڵ ئه وه شدا سه رپێچکارانیشی هه ن ، ئه و به شانه ی لـــه باوه ڕه کانی کرۆتشه جێگه ی سه رنجن و ره خنه یان ئاراسته کراوه ، گه رکه سێك بێلایه نانه دادوه ریان بکات ، ده بێت باوه ڕ بهێنێت که ئه و ره خنانه بێسوودنین ، هه رچه نده ش لـــه به های گشتی فه لسه فه ی کرۆتشه که م ناکه نه وه .

هه رچه نده تۆژینه وه ی ره خنه گرانه لـــه ده وروبه ری تیۆره کانی کرۆتشــه دا لـــه م پێشه کییه دا جێگه یان نابێته وه ، به ڵام گه ر سه رنجێکی کورت بـــه و رایانه ی سه باره ت به و تیۆرانه دا له کایه ن بخشێنین له هیچ باشتره ، ئه ویش به رویه کی گشتی ئه مه یه ، کرۆتشــه ده ڵێت : جوانی بریتییه له بینین یاخود وه روخستن یان دیده یه کی سروشتی « الهام » ، واته ئه خشبه ستنی ته واوی ئه ندێشه له بیرو ویژدانی مرۆڤدا ، چ به رابه ر به هه ستپێکراوه کان ، چ به کاریگه ری وێناندنی زه ینی یان به بێهیچ جۆره نێوانداریه کی هۆش و په ییبردن و جۆره ها تێگه ی دی .

هه رچی ره خنه گرانی ئه م رایه شن ده ڵێن : گه ر وه هابێت که واته ئێمه له هه ر ساتێکی ئاگایدا ، بگره له خه ونیشدا کــــه چه ندان نه خش له ئه ندیشه ماندا یـه کله دوایه ك به بیرمان دادێن ، روبه روی جوانی ده بینه وه . . . ئه وه ش ئاشکرایه که شتی وه ها بوونی نییه و له راستییه وه دووره .

سه رنجێکی دی سه باره ت به و رایانه ئه مه یه که کرۆتشه وه روخستن و به یان بـه شتێك له قه ڵه م ده دات ، به دووشتی یه کسانیان دانانێت ، به لکو به باوه ڕی ئه و چییـــه تی « ماهیه » هه ردووکیان له بنه چه دا شتێکه یاخود یه کن ، واته مرۆڤ وه روخستن به دی ناهێنێت بێی ـ به یان ـ و ـ به یانیش به بێوه روخستن نایه ته دی .

به رامبه ر به مه ره خنه گرانیش ده ڵێن : ئه م رایه له راستیدا نکوڵی کردنه له گرنگی و هـۆی داهێنانی هونه ری که هه ڵبه ته به شی جیابوونه وه ی هونه ر ده بێت ، چونکه هونه رمه ندان به هه ندێك هۆ یان که لوپه ل وه روخستنه کانیان له بواری هونه ر دا چاکتر به یان ده که ن تا به که لوپه لی دی ، زۆرجار رێـکه وتووه بۆنمونه : مۆسیقادانه رێك ماوه یه ك له دڵه راوکێ دا بووه تاوه کو بزانێت ئه و ئاوازه ی که پێشتر وه روخستووه به یاریده ی یان به هۆی کامه ئامیره وه بووه ! لێـره شدا پێش ده ستپێکردن به و وه رووخستنه و له دوایشدا به یان دیاری ده دات .

خاڵێکی دی . . . ئه ویشیان ئه مه یه هــه ر چه نده هه ر وه رووخستنێك یان بینینێکی هونه ری به یانی پێویسته ، به ڵام نه ك هه ر به یانێك له پێش بینینی هونه رییه وه و گشت که سێکیش ده زانێت کــه زۆربه ی بابه تی به یان و وه روخستنی هه سته کان هیـــچ شونگه و سه رچاوه یه کی هونه ریان نییه ، وه ك پێشاندانی ترس و غـه م و پـه ژاره و شادی .

کرۆتشه له باسه کانی ئه م کتێبه دا ، وه ڵامی ئه م جۆره ره خنانه ی داوه ته وه و ئاماژه ی بـــۆکردوون ، چونکه مه به ستی کرۆتشـــه له به یان « به یانی هونه ری » یه و له نێوانی به یانی هونه ری و « پراکتیکی » دا جیاوازی داناوه .

وه لێ ره خنه ی دی که له هه مان زه مینه دا دوچاری تیۆره کانی کرۆتشه هاتووه تا ئه و جێگه ی ئاگاداربین وه ڵامی په ســندیان نه دراوه ته وه .

کرۆتشه له رێبازه کردنی هه مان بیر که بینین هه مان - به یانه - زمان که ئاشکرایه هۆی به یان پێکردنه به کاتیگۆری هونه رو جـوانی له قه ڵه م داوه و زمانه وانی **Linguistique** به جوانزانی **Esthetique** له قه ڵه م داوه ، یاخو به یه کیان ده زانێت .

ئه م تیۆره ش به توندی ره خنه ی ئـاراسته کراوه و به رگریشی لیکراوه ، له دژی ئه مه دا ره خنه گران ده ڵێن : بـابه تی زانستی

هەواڵنامەی کتێب

زمان و جوانزانی « ئیستیاتیکا » به گشتی دوو شتی ته واو جیاوازن ، زانستی زمانه وانی له یاسا و ده ستوری گه ردان و ریزمان و لیکه وتنه وه و گۆرانی زمانه کان ده تۆژیته وه . . . که واته چۆن ده توانین تۆژینه وه یه کی وه ها سنوروشك له گه ڵ تۆژینه وه ی گه لیك به ربلاو وسه راپایی به یه کشت له قه له م بده ین ، ئه گه ر راسته وخۆ به یان به وه ی (که کاری زمانه) به دیارده یه کی هونه ری بزانین ، که واته ده بیت منداڵیکیش که به یاریده ی وشه و ئاخاوتنه وه مه به ستی خۆی بگه یه نیت شاعیربی؟!

لیره شدا له وانه یه بتوانین له وته کانی کرۆتشه په رتوبیانو یه ك هه ڵگۆزین .

له به شی یه که می ئه م کتیبه دا، له جیگه یه کدا که باوه ری فه یله سوفان له گه ڵ باوه ری خه ڵکانی دی به راوردو کیشانه ده کات ده ڵیت : له لایه که وه خه ڵکی له فه یله سوفان زیاتریان پییه ، ئه وه یش ئه مه یه که هه ندیّ جار له گه وره ترین فه یله سوفانه وه روانگه یه ك ده بیستریت یاخو دیارده دات که به هیچ جۆریك هۆشی دروست یان ته واو ئه و روانگه یه په سه ند ناکات و زۆربه ی خه ڵکی به هه مان وشیاری ساده ی خۆیان که هه یانه ره تی ده که نه وه .

* تیبینی : داوای بوردن له خوینه رانی ئازیزو وه رگیری ئه و باسه ده که ین که له ژماره ی رابردوودا ناوی به هه ڵه تایپکرابوو ، ئه و به شه ش که ده بوایه له هه مان ژماره بیّ ، به ناچاری که وته ئه م ژماره وه، ئیسته هه روه ك له پیشه کی باسه کدا ئاماژه ی بۆکرابوو که فه رهه نگۆکی ئه و باسه له به شی دووه مه وه ده ستپیده که ین ، فه رموون نیوه و . . . .

# به شی - 2 -

# فه رهه نگۆکی زاراوه کان

## ALLEGORIE به یانی رووت و ره وا

به یانی رووت یان (خواستنه وه ، ئیستعاره) به ره وا ، شیوازی جۆره چیرۆکیکه که نوسه ر له سه رتاسه ریدا مه به سته کانی خۆی به جه فه نگ به یان کردبیت ، ئه م جۆره چیرۆکه روتییه کی زۆری پیوه دیاره ، جیاوازیشی له گه ڵ روتی ساده دا له دریژ بوونه وه لادانه ( به رابه ر کورت کردنه وه ی روتی و کینایه دا ) ، زۆرجار مه به ستی نوسه ر یاخود شاعیر ده رباره ی روتی له لیکچواندنیك که ریبازه ی کردووه دیار ده دات ، بۆنمونه ، کاتیك نالی ده ڵیت :

« عه جه ب ئه ستیره شه و هه ڵدیّ له تاوی خوسره وی خاوه ر

له روی تۆم دیده هه ڵنایه شه و و رۆژ گه رچی بیدارم »

لیره دا **Symbolic** له تیگه ی نالی دا به کار بردنی وشه یه که یا رسته یه که و مه به ست نه بوونی یان نه هیشتنی مانا راستییه که یه و له دلگرتنی مانایه کی دییه ، که په یوه ندی به مانا سه ره کییه که وه هه بیت به و مه رجه ی ریگه له مه به ستی مانا راستییه که نه گریت . . . وه ك له و دیره شیعره ی نالیدا ئاشکرایه . . . . که ( خوسره وی خاوه ر ـ کنایه یه له خۆر ) .

ئه م جۆره لیکچواندنه روون و ئاشکرایه بگره دیارکراویشه ، به ڵام له چیرۆکی رووتکراودا، روتکراوه ئاشکراو دیارنییه ، به لکو چیرۆکه که مانایه کی روکه شی هه یه که به خودی خۆی ته واوه و تیگه یشتن لیی پیویستی به رونکردنه وه نییه ، به ڵام له ژیر ئه و مانا روکه شه یدا مانایه کی ناوه کی شاراوه هه یه که مه به ستی نووسه ر به یانی ئه و مانایه بووه و درکاندنیشی به بی رونکردنه وه و شیکردنه وه ی رووی روکه شی ناشیت ، زۆر جار وا ریکده که ویت گرنگیدان به و جۆره مانا ناوه کییه بۆ نووسه ر باش نییه یا راست نییه ، به لکو بیریکه له دوایدا به دیهاتووه ، واته نووسه ر هه مان مانای دیاری وه روخستووه و رونکردنه وه ی دوای هه ڵسو که وتی که سانیك بووه که ئه و مانا روکه شییه ی په سه ندکردووه و نه یویستووه راسته وخۆ له به های گشتی شته بنچینه یه که که م کاته وه ، ئه م جۆره ش زیتر له بواری گیرانه وه باوه رپیه کاندا سه ریهه ڵداوه ، وه ك ئه وه ی رونکه ره وان یان شیکه ره وانی «ئینجیل» مانای ناوه کیان بۆ ئه و ده ربرینه به دیهیناوه ، که ده ڵین : شه یتان مه سیحی برده سه ر چیایه کی بڵند .

به کورتی به کاربردنی ته واوی **Allegorie** « ره وا » له جیگه یه کدا که باوه رپکریت نوسه ر مه به ستی په نهانی هه یه و درکاندنی نیازو مه به ستی ئه و به بیپیویستکردن به رونکردنه وه شیاو نه بیت و ئه م رونکردنه وه یه ش بریتی ده بیت له وه ی که مانایه کی زه ینی و به گشتی به ده ر له ده قه که به رووی ده ره کی شته که ده دات . . . وه ك بلین نوسه ر شتیکی ده ربریوه و به ڵام مه به ستی شتیکی دییه ، له م کتیبه دا کرۆتشه ده ڵیت : یه کیك له و ده ربرینانه ی که ده رباره ی هونه ر له کایه دایه ئه مه یه که کاری هونه ر هه مان خسته رووی راستییه به یاریده ی کینایه تی رووت وره وای شاراوه وه ، کرۆتشه نکۆڵی له م تیۆره ده کات و ره تی ده کاته وه .

**DECADENCE** داکەوتن ، دارمان

ئەم زراوەیە لە مێژودا بەسەر قۆناغێکدا دەسەپێندرێت کە هونەرمەندانێکی تیادا بەدیهات دەستورو بنەمای باوەڕپێکراوی ئەو سەردەمەیان ژێرپێناو رەوتێکی پێچەوانە بەوییان بەدڵخوازی خۆیان داهێنا. بەڵام ئەم وشەیە لە مانا تایبەتییەکەیدا ناوی راپەڕینێکی ئەدەبییە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە فەرەنسا سەریهەڵدا ، خرۆشانی ئەم داهێنەرانە پەرچەکردارێکی بەهێزبوو بەسەر پەیڕەوانی قوتابخانەی ئەدەبی پێشیندا واتە : Les Parnassiens پەرناسییەکان، کە ئامانجیان لاسایی کردنەوەو شوێن هەڵگرتنی سروشت بوو و شێوازیان پەیڕەو کردنی تەواوی یاساو بنەچەو هۆنینەوەو دارشتن بوو ، قوتابخانەیەک لە بەرابەر ئەو گروپە لە نوسەران پەیدابوون بە قوتابخانەی Symboliste ناسرا واتە جەفەنگییەکان کە مەبەستیان پێچەوانەی مەبەستەکانی ئەم گروپە بوو بە بەهێزکردنی پێناسی هەستی و سروشتی و نەنینی ئاگایی بە بەیانی هەستی تەواوەوە ، نۆخێکە کە شایەنی بەشکردن و پێناسە کردنی لۆژیکی نییە.

شێوازی جەفەنگییەکان لە جێی بەکار بردنی وشەو دەربڕینی رۆشن و هاوتا پشتبەستنە بە چمکە سنوردارو سەرنجدانە لە جەفەنگ و هێماو کینایەیەک کە بە یاریدەیانەوە هەوڵیان دەدا نۆخی دەروونی و ناویستی ( لا ارادی ) دەروون شیاوی دەربڕین و درکاندن بکەن.

شێوازو گۆڕانکاریەک کە ئەم نوسەرانە گرتویانە بەر زیتر لەسەر تێکشکاندنی یاسای وشك و شێوەی سەر بە لایەنی کێش « عەروز » و سەرواو گەردان و ڕێزمانبوو .

دارماوەکان : بەکەسانێك دەوترێت کە لەم کارەدا زیادە رۆیی دەکەن و یەکاویەك لەگشت رێورەسم و نەریتێکی باو لایانداوەو بەبەدیهێنانی هەستیاری نوێ و دەگمەن و دروستکراوی تێپەڕیوو بەسەرچوو ،وەك چۆن گرنگیەکی بەر بڵاویان بە خەون و ئەندێشەی نا ئاسایی و بیری ناتەواو و تێکەڵ بەرەشبینی داوە .

دیسا لە دانانی وشەو زاراوەی نوێشدا زیادە رۆییان کردووەو لە دوایشدا بە هەمان هۆ ئەم وریا بوونەوەیە لە قوتابخانەیەکی تەواوتردا **Symbolisme** چارەسەر کراو لە ناوچوو .

**DIALECTIQUE** رەنگدانەوەی راستی لە ئەنجامی لێکدانی دووهۆ یاخۆ دوو رای دژەك .

لە زمانی کوردیدا وشەیەکی هاوتای ئەم زاراوەیەمان نییە ، زۆرجار وەرگێڕان لە بەرابەر ئەم وشەیەدا وشەی « جەدەل - ی عەرەبی » یان وشەی « تێروانین » یاخود لێکچوی ئەم وشانە بەکاردەبەن ، بەڵام ئەم وشانە بەهیچ رویەك مانای دەقاودەقی « دیالیکتیك » ناگەیەنن ، وەلێ بەکاربردنیان تا رادەیەك راستە .

دیالیکتیك وەك زاراوە بۆ یەکەمجار لە لایەن فەیلوسوفانی یۆنانی بەکاربرداوە ، ( ئەرستۆ باوەڕی وایە داهێنەری ئەم زاراوەیە زینۆن **Zenon** بووە ، کە لە سەدەی پێنجەمی پێشزاینیدا ژیاوە) هەمان مانای وتووێژو جەدەلی هەیە ، بەڵام لەو سەرەتایەشدا تێگەی دیالیکتیك خودی وتوێژ و راوێژکردن یان ململانێی نێوان دوو را یاخود دوو روانگەی دژەك نەبووە ، بەڵکو « ئەنجامی » ململانێیەکە بووە ، واتە بەدیهاتنی راستی لە رێگەی دژایەتی نێوان دوو روانگەی جیاواز .

فەیلەسوفانی یۆنانی باوەڕیان وابوو کە مرۆڤ دەتوانێت بە یاریدەی هۆش بە راستییەکی جیهان پەیبەرێت ، لەبەر ئەمەش دەبوو لە پێناو رێکورەوان بەکاربردنی هۆشدا یاسایەك یان بنچینەیەك دابین بکەن و لەسەری برۆنە ڕێوە .

زاراوەی دیالیکتیك لای فەیلەسوفان مانای جیاوازی بەخشیوە ، بۆنمونە : لای سوکرات بە وەڕوخستنی راستی ناسراوە ، لە رێگەی وتوێژەوە بەدیدێت کە لە لایەکەوە سوکرات وتوێژەکانی خۆی بە نەزانانەو ناتوانا ناو دەبات ، لە لایەکی دیەوە بە روکەش یاخود بەدیاردەی بیری دەزانێت ، ئەم لایەنەی هونەری دیالیکتیك ناوێکی دیکەشی هەیە کە ئیرۆنی **Irone** پێدەگوترێت (لە بەشەکانی دوایدا ئەم زاراوەیەش شیدەکەینەوە ) ئەمەشیان لە ئەنجامی کەوتنەوەی بیری روکەش و نەپیوراو لە لایەك و توانایەکی هۆشی گەلێك بەهێزەوە لە لایەکی دیەوە، راستی وەڕودە خرێت .

ئەفلاتون دیالیکتیك بەدەربڕینێك دەزانێت لە روی پەیبردن و درکاندنی جیهانی ماقولات و نمونەیی « **Idees** » بێت لە رێگەی تێبینی کردنی هەسپێکراوەکانەوە ( دیالکتیکی بالاچوون ) یاخود بەدیهێنان یاخۆ تێگەیشتن یاخود هەڵگۆزینی هەسپێکراوەکان لە رێگەی ئاراستە بوون یان بە بەئاگا بوونیان لە ماقولات و نمونەدا ( دیالیکتیکی داکەوتن یا داچوو یاخۆ سەرەولێژ « نزولی » .

ئەرستۆ زاراوەی دیالکتیك بە یاسای گشتی بەڵگەداریتی « استدلال » دەردەبڕێت ، کە دەربارەی گشت زانستەکان راست بێت ،

واته له باریکدا که هه ر یه ك له زانسته کان سه ر به پیناسی بابه تی تاییه ت به خویان بن ،کاری دیالکتیك دیارکردنی مه رجیکه که گشت پیناسه کان پیویسته به و یه کسان و هاوتا بکرین ، هه لبه ته بـــه م مانایه ش دیالیکتیك له گه ل لوژیکدا یه کده گریت .

زاراوه ی دیالکتیك له فه لسه فه ی نـویـدا به تاییه تی لـــه فه لسه فه ی « هیگل » دا بریتییه له روبه روبونه وه ی دوو هوی دژه ك که له ئه نجامیاندا هوی سییه م کـه رووی گشتییه یان هوی هـــاوسه نگ کردن و ریکخه ری نیوان ئه و دووه ده بیت دیـــارو ئالوز به ئه نجامدیت .

هیگل دیالکتیك به روویه کی گشتی له ره وتی میژوی مروڤایه تی و گورانی کومـه لایـه تیدا به گشت ده کات و بوونی ئه وی لـــه بواری فه لسه فه دا بو ده وروبه ره « ماکی » یه کان ده گیرپته وه .

کروتشه – ش دیالکتیك بـــه هه مان مـانـا ده هینیته وه جگه له وه ی که له بری روبـــه روبوونه وه ی دژه کـــان پیکهاتـه ی هـــو جیاوازه کان به مه رج ده زانیت .

له روانگه ی کروتشه دا جیهان بـــوویـه کی راسته قینه و نه گورو بیجوله نییه ، بـــه لـــکو گوران و گه شه یه کی هه میشه ییه که لـــه بوته ی ئه و هوجیاوازانه دا به رده وام بـه یه کتری ده گه نه وه ،به لام بـه پیچه وانه ی روانگه ی هیگل وه ره نگدانه وه ی راستـی ته نها ئه نجامی کیشه ی نیوان دژه کان نییه، به لکو به رهه می هوی جیاواز یان جوره ها هویه ، بـــه جوریك که له پیکهاتـه یـه کدا **Synthese** هوی بینراو پاریزگاری بـه تایبه تییه تی خـویه وه ده کات و ئه م دیالیکتیکه یـــان گه شه یه ( بوون – **Devenir** ) و نه بوون **Etre** شتیك نین جگه له دیاردانی جوراوجوری یه ك راستی کـــه ئه ویش راستییه تی ره وانـه – روح **Esprit** ) ئـــه م خالّه ش به تاییه تی له م کتیبه دا والا کراوه له ئاستی رونکردنه وه ی ره نـــگدانه وه ی جیاوازی «ره وان » داچه ندین جار ئامـاژه ی ئه وه کراوه کـه ره وان خاوه نی جوره ها چالاکییه و ته نها جیاوازییه کیش که له نیوان ئه و چالاکیانه هه یه ، ئه مه یه که به شیك لـه وانه تیورین و به شیکی دییان پراکتیکین ، بـــونمـونـه : لـه بـــه شی تیوریدا کروتشه جیاوازی له نیوان چالاکی جوانـــاسی و چالاکی لوژیـکی یـــا هوشیدا به دی دینیت ، له به شی پراکتیکیش دا هه مان چالاکـی ئابوری له کاروبـاری ئاکاری جیا ده کاته وه ، بـــه لام هه موو ئه مانه بـــــه گشت جیـاوازیـیـه که وه به یه ك مه رج و شوین و پله وپایه ی کـــه هه یانه وه کیه کن . . . . . . چـونـکی گشتیان ره نـــگدانه وه ی « ره وان » ن .

م . به رزنجی

## هه ژانی ته نیایی شه وانی کریسمس

شه وی کریسمسه!
له ته نیایم،پرشنگی عیسا
ده رکه وت لیم!
وتی: باوانه که م
ئه وه بو ته نیای
وتم: ته نیا نیم
ئه ی نابینی هاوریی،
ئازاریکی نویم!!

دووه م شه وی کریسمسه

جگه ره که ی ده ستم
بوته موم و چرا
له به دبه ختی من ،
خوایه ك هه یه تیبگا ؟

***

شه وی سییه م

شه وی کریسمسه
ته له فزیون ،له به رنامه یه کا
باس له بیره ی
نایاب ده کا !

***

چواره م شه وی کریسمسه

من هه ر ته نیام
ته نیایم
غه میکه وه ك به فر داده کا
ئازاری کون به بـا ده دا
گورانی گریان ده چری و
خوی له هه موو که سی مات ده کا !!

***

شه وی پینجه م

شه وی کریسمسه
ئه وه ده بینم
کورپژگه یه کی
بالاکورت
له تاقی په نجه ره ی
پیشت سه رمه وه
ده ستی دریژ ده کا
نانه ره قیك ده با!

***

تکایه بو لاپه ری 47

# گیرۆمی ستۆلنیتز

# ره خنه ی هونه ری

گۆڕینی له عه ره بییه وه بۆکوردی زاریسۆرانی

**ره هـــبه رجــــه لال**

بیانوی سێیه م :

لێکۆڵینه وه ی جوانزانی زیانبه خشه ، چونکێ بایه خدانمان بــه هونــه ر ده وه ستێنێ ،و زینلویه تی و جوانکاریێ به رهه مه هونه ریه کان له ناوده بات . گیتز – ی شاعیر ده نوسی :

چما ڕاناکات هه موو ئه وه ی دڵگیره
به سویه کی رووتی فه لسه فه ی سارلوسر ؟ . .
په ریه کانیش باڵبه ست ده کات ، فه لسه فه
هه رچی نهێنییه به رهێل و راسته ی ده خات
با ی پڕ له ژیان و بنپیف ی پڕ له نه هێنی به تاڵ ده کا
که زی په لکه زێرینه ش هه ڵده وه شێنێ ته وه .

« Lamia لامیـــا »

لێره دا ( گیتز ) به زمانی گه لێك له وانه ی خاوه ن هه ستی راستگۆن و به هونه ره وه خه ریکن ده دوێت ، گه ر هونه ر شیکه ینه وه و له ورلودرشتی بپێچینه وه ، ده یکه ینه شتێکی کاڵ و کرچی بێگیان ، ئـه و شته ی لێنامینێته وه ژیان و ئه ندێشه وروژاندن و هـێـــزی هورروژاندنـی تـێدا ده دره وشێته وه ، به لکو ئێمه « ده ی کوژین تا ڕاڤه ی بکه ین » ، گــه ر وێسته یه ك بده ین و بیر له تاقیکردنه وه ی په یوه ست به چه شه ی هونه ریمان بـکه ینه وه ، هه وڵه ده ین له توخمه کانی پێکهاته ی تێبگه ین ، ئه وه خۆیله خۆیدا خنکاندنی ئه و ئه زمونه یه . که واته با واز له و شیکردنه وه یه بێنین ، با به ریگه یه کی خۆرسك ، تا دوا پله ی له توانامان دایه له هونه ر به رچه شبین و به س . جوانزانی ته نێ کراندنه وه یه که هه رچی نه هێنی باڵاو پڕبایه خ هه یه دایده ماڵێ . ئه گه ر به رهه ڵدای که ین « په ریه کانیش باڵبه ست ده کات » . گه ر ئه و په لپه ی ئاراسته ی تۆژینه وه ی جوانزانی ده کرێت راست بێت ، ئه وه شــا بیانوی گشت په لپه کانه : چونکێ له وه پڕخه وش تر نییه ئه وکه ماسییه ی ده درێته پاڵ چالاکییه ك ئه مه بێ که بایی مرۆڤایه تیان هورلوخاش ده کات . گه روایه جوانزانی چه شه ی هونـه ریمان ده شێوێنێ ، هونه ر والێده کات ئه و شته سه رنجڕاکیشه ره نه بێ چه شه ی لێوه ربــگرین ، ئه وه به هێزترین هۆکاره بۆ ده سته ڵگرتن له لێتۆژینه وه ی هونه ر . وه لێ به راست ئایا جوانزانی کاریگه ریه کی ئاوه هایی هه یـه ؟ ده شێ وابێ ، به ڵام گه ر به ڕوونی ده رکی ئه وه بکه ین کـــه پێوه ی خــه رکیـن ، هه ڵبه ته باره که واناکه وێته وه . مه تـــرسی هه ره گه وره که ده بێ خۆی لێبپاریـــزین ئه وه یه ئه زموونی راسته وخۆی به رچه شــه بوون و زانیاری تێشکێنراوه ی په یوه ند به هونه ر تێکه ڵ یه کدی نه که ین ، ئـه و دوو شته ی لـــه دانوستاندنی په ڵپی دووه مدا لیکمان هه ڵواردن . ئێمه کاتێك ده که وینه ئه و لێتێکچونه که به رهه می هونه ری لـــه تاقیکردنه وه ی باوه ڕێك یاخود تـیـۆرێکی دیارکراو ده رباره ی هونه ر که بۆ تۆژینه وه ی جوانزانی ئێمه بایه خداره به کاربێنین ، له بری ئه وه ی به رسیقی فرۆسماندن و کاریگه ری زاڵی بده ینه وه . بــه ره وپێره وه چـــوونی هونه ر به م جۆره بـایه خـپێدانه هۆشه کییه هه رگیز رێگه ی به رچه شه بوون نییه لێی . هه روه هاش گه ر هه وڵده ین ئــــه زمونی به رچه شه بوون شیکه ینه وه و بۆ ئـه وه ی لێوه یرا به تێگه یه ك بکه ین ، دیسا ناتوانین ئاگایمان لای بـابـه ته هونه ریه که وه بێ ، بـه لکو ئه م تاقیکردنه وه یه وه ك زۆربـه ی تاقیکردنه وه کانی ترمان ، کاتێ ده که وێتـه به رئه زموونی هۆشیاری هه ره س دێنێ یا شێوه گۆڕده بێ . له و ئه نجامه ش زیــــان ده که ین . چونکێ « په سه ندتر ، به رچه شه بوون له جوانی باشتره له وه ی لێی تێبگه ین » ( هارۆڵد . ن . لیێ : هه ستی ده رکردن و بایی جوانی Harold. N .Lee. : Perception & Aesthetic Value . p . 9 . Prentic-Hall, Englewood Cliffs , NJ هه روه ك مامۆستا Lee وتویه تی ، ئه مه ته نی بڕیارێکی راست نییه به لکو بۆ جه غدکردنی پێویسته لـه سه ر مان وشه ی « په سندتر » ی لێده رهاوێژین .

هه‌واڵنامه‌ی کتێب

ئه م برِیاره به ڕاست ده گه ڕێ سه ره ڕای هه موو ئه وه ش که ده شێ گرفته کانی جوانزانی له خودی خۆیاندا برِێکی زۆر له خۆشنودی و وروژاندنیان ببێ.

له گه ڵ ئه وه شدا پرۆسه ی رونکردنه وه ی باوه ڕو ڕه وادانه وه یان به ته واوی له به ر چه شه بوونی هونه ریمان دانه براوه ، هه ر وه ك له وه وپێش وتمان ، گرنگی سه ره کی باوه ڕه کانمان له وه وه یه که ئێمه له به ر روناکییاندا هه ڵده سوڕێن ، باوه ڕه کانمان له باره ی هونه رو ئه وه ی بایی پێده دات به رده سه ڵاتی بۆچونمانه له مه ڕ به رهه می هونه ری و له وه ی که ده مانه وێ لێوه ی « هه ڵیگۆزین » . وه ك چۆن جیاوازییه کی گه وره هه یه له نێوان باوه ڕبوون به وه ی که هونه ر باییداره چونکێ چه شه له دیتن و بیستنی وه رده گرین و ، باوه ڕبوون به وه ی که ئه رکی هونه ر ئه وه یه هوروژاندنێکی كڵوکه فی بئافرێنێ ، هه روه ها له نێوان ئه مانه هه ربووکیان و باوه ڕبوون به وه ی که ئه وه ی پێویسته له به رهه می هونه ریدا به دوایدا بگه ڕێن که سایه تی خودی هونه رمه نده . ده با بۆ تاوێك واگریمان بکه ین هه ریه ك له و باوه ڕانه یا هه موویان تێکرا به تاڵن ، با ئه وه ش گریمان که ین که بوونی هونه ر ئه مه نییه که ئه و باوه ڕانه ده یڵێنه وه ، ئه و کاته هه ڵگرانی ئه م باوه ڕانه کرده کی به رخورداری بایی راسته قینه ی هونه ر نابن ، یا به لایکه مه وه برِیکی زۆر له و بایی - یانه یان له کیسچووه . به ڵام به رئه زموونی ره خنه گرانه ی باوه ڕه کانیان و ، تۆژینه وه له باوه ڕی ئه وانه ی دی ، ده شێ بمانگه ێنێته بۆچونیکی ساغ تر له به رابه ر هونه ر دا ، ئه مه ش تاقیکردنه وه هونه رییه کانیان پتر زیندوو ئاره زوخواز ده کات ، شیکردنه وه ی هونه ر که بیانوی سێیه م ته گه ره ی داوێته پێش ، ده شێ له هونه ردا ببێته هۆی نۆژینه وه ی بایی نوێ و بواری نوێی بایه خپێدان ، کاتێ ئه مه رووده دا - بووه و زۆر رویداوه - ده بێته هۆی به دروخستنه وه ی ئه و په ڵپه . چاکترین به ڵگه بۆ سه لماندنی ئه وه ی که جوانزانی نابێته هۆی روشاندنی هه ستمان به رابه ر به هونه ر ئه وه یه که زۆربه ی کات به رچه شمان ناسکترو ئاره زووخواز تر ده کات .

په ڵپی سێیه م ته نیا ئاراسته ی جوانزانی نه کراوه ، به لکو دژی هه موو جۆره لێداوانیکی سه ربه هونه ره « توێکاری کردنی - راڤه کردنی » . ئه م جۆره ی دواییان گشت ئه و برِیاره فێرگه ییانه و وانه وتنه وه ی هونه ری و « به رچه شه بوونی هونه ری » ده گرێته وه . له راستیشدا برِیاره فێرگه ییه کان که په یوه ند به « به رچه شه ی هونه رن » زۆربه یکات ته واوێك له په ره پێدانی گرنگیدان به هونه ر به دوورن . زۆرجار ده بنه هۆدامرکاندنه وه ی ئه و بایه خپێدانه ی قوتابی له سه ره تادا هه یه تی ، بۆیه ئێسته زۆرانیوا هه ن کاتێ له « به رچه شه بوونی هونه ری » ده دوێن له ته ماشاکردنیاندا بێزاری و په ستی ده دیترێت . به ڕای من هۆی سه ره کی که وادە کات برِیاره فێرگه ییه کان له زۆربه ی کاتدا تا ئه و سنوره زیانبه خشبن ، ئه وه یه که جیاوازی نێوان به رچه شه بوون و دوان ده رباره ی هونه ر پێشێلده که ن . به ڵام کاتێ له و جیاوازیه ده گه ین ، ده توانین له بواری فێرکردنی « به رچه شه بوون له هونه ر » به کاری بێنین . ئه و کاته فێرکردن به و ئاواییه ده توانێ خۆی له و هه ڵه سه ره کیانه ده ربازکات که له رابردوودا زۆرترین زیانیان پێگه یاندووه . به م شێوه یه ئه م بواره ، وه ك چۆن بواری ده رونزانی و ره خنه ی هونه ری ، ده توانی سود له گشت ده مه ته قێیه کی وه ك ئه وه ی ئێسته مان وه رگرێت .

* * * * *

بیانوی چواره م :

تۆژینه وه ی جوانزانی نه زۆکه چونکێ به رهه می هونه ری ته واو تاکوته رایه ، به جۆرێك هه رگیز ناتوانین هیچ شتێ ببینینه وه که به شێوه یه کی گشتی پرِبه باڵای هونه ر به ڕاستبگه ڕێ ، جوانزانی « به شێوه یه کی گشتی » له سروشت و بایی هونه ر ده تۆژێته وه ، به و گوێره ی عه وداڵی ده ست نیشانکردنی شته هاوبه شه کانی نێوان به رهه می هونه رییه ، وه لێ به رهه مه هونه ریه کان به ده گمه ن شتی هاوبه شیان هه ن ، یاخود هه ر به ته واوی هیچ شتی هاوبه شیان نییه ، به لکو هه ر به رهه مێکی هونه ری له شێوه دابێهاوتایه ، به هیچ شتێکی تر ناچی ، با له چامه یه کی وردزۆرس ، ئۆپرایه کی ڤاگنه رو که ڤالێکی بیکاسۆ وردبینه وه . ئێمه به هه ر هه موویان ده ڵێن « به رهه می هونه ری » ، به ڵام جیاوازی نێوانیان چه ندێ مه زنه ! له زۆر رووی رونوئاشکرای دیارکراو لێکدی جیان - یه کێکیان له وشه پێکهاتووه ، ئه وه ی دیان له ره نگی رۆنی به سه ر کانڤاسه وه ..... هتد . له هه موو ئه وانه یش گرنگتر ئه و تاقیکردنه وه ی هه ر یه ك له وانه له ئێمه دا ده یوروژێنێ هه رگیز به وروژاندنی ئه وه ی تریان ناچێت ، ئه و بێهاوتاییه ئه وه یه که له به رهه می هونه ریدا شانازی پێوه ده که ین، . به ر هه مه هونه رییه که هه ر ئه وه وخۆیه تی

لە خۆی نە بێ لە گشت شتیکی تری ئە م جیهانە جیاوازە . گە ر بێت و هە وڵدە یت بە کە سیکی ئەویندار بلێیت ، بابە تی دڵداریە کە ی ئەو « لە هی هیچ مرۆڤیکی تر جیاواز نییە –ئە و یش وە ك هە رئاژە لیکی شیردە ر دووقاچ و کۆئە ندامیکی ئاڵۆزی مێشکی هە یە » تە واو لێت زویر دە بێ ، مافی خۆشێتی ، لە گە ڵ وە ی ئە مە ی کە دە یلێت راستە ، وە لێ تۆ ئادگارە تایبە تییە کانی دولبە رە کە ی لە بیر دە کە یت ، کە تە نێ خودی ئە فسوناوی ئەو هە یە تی و بە وە یشە وە لە نێو گشت مرۆڤدا تاکوتە رایە ، وە ك ئە وە ش بۆ هونە ر بە راستدە گە رێت . گە ر بیر لە کارێك بکە یتە وە کە بە شێوە یە کی تایبە تی هە ستی سە رسامیت دە بزووێنێ . با رۆمانێك یا ئاوازێك بێت ، دە بینی بۆیە هێندە بە دڵتە چونکێ ئادگاری تایبە تی هە یە ، کە هوروژانی تایبە تی چیرۆکە کە یا کێشی ئاوازە کە یە ، بە رهە می هونە ری وە ك دە رزی و کاغە ز و ئۆتۆمۆبێل نییە لە کارگە یە ك دە رچێت ، لە یە کدی بچێت هە مووش لە چاکیدا چۆن یە کبن ، بە م شێوە یە ئەو پە لپە دە گاتە ئە وە ی کە هە وڵدان بۆ گە یشتنە جارڕان لە « هونە ر » دا وە ك چۆن ئە وە ی جوانزانی دە یە وێ پێبگات کاریکی ئە زۆکە .

ئە م پە لپە تا رادە یە کی زۆر هێزی بە بە رە وە یە ، پێویستە بە چاکی بیری لێبکە ینە وە . ئێمە تا رادە یە کی تە واو شتە کان بە هۆی ئادگا رو تایبە تییە کان کە دە گە ڵ جۆرە ها شتی دیدا هاوبە شن دە ناسینە وە ، با لە زانیاریە کی ساکار وردبینە وە . وە ك « ئەو مێزە کە سکە » ، زانینی ئە وە ی کە ئە م شتە مێزە ، کورسی یا پشیلە نییە ، وا پێویستدە کات کە تایبە تییە دیارکراوە کانی لە مێزی تریشدا بە دیدە کرێن – وە ك : قاچی هە یە ، خوانێکە بۆ دانانی ژە مە خواردن بە کاردێت ، لە کۆگە ی کە لوپە لی نێومالدا دە فرۆشترێت ..... هتد ، هە روە ك چۆن کە وتمان « کە سکە » وا گریمان دە کات رە نگە کە ی بە لێکچواندن لە گە ڵ رە نگی شتی تر بناسینە وە وە ك – رە نگی گیاوگۆر ، ئە و ئاڵاو جلوبە رگانە ی لە جە ژنی باتریکی پیرۆز دا دە دیترێن « جە ژنی مە زنی پیرۆزی ئیرلە ندا ، لە حە قدە ی ئاداری هە موو ساڵێك ، بە پۆشینی جلوبە رگ و سە رپۆشی کە سك یاددە کرێتە وە » . ئە گە ر شتە کان لە لایە نی دیارکراوە وە لێکدی نە چووبان ئە مان دە توانی بیان ناسین و ریزبە ندیان بکە ین ، گە ر لە ناکاو شتێکی تە واو لە گشت روویە کە وە جیاواز لە هە ر شتێ کە لە مە وبە ر پێناشنا ین لە بە ردە ممان قیت بێتە وە ، لە بە رابە ریدا واقمان ورڕدە مێنێ ، هە روە ك مرۆڤیکی هۆڤی کە یە کمجاری بێ فرۆکە ببینێ ، بە لام هە تا مرۆڤی هۆڤیش هە وڵدە دات لە رێگە ی ئادگارە کردنی ئەو شتە نامۆیە لە سە ربنچینە ی ئە وە ی تا وە کو ئەو کاتە دیتیە تی بە سە ر ئە زانینی خۆیدا زاڵبێ – ناوی دە نێ « باڵندە کی زە بە لاح » . دە شێ لە بارترین نمونە ی تاکوتە رایی بیری خودا بێت ، کە کە لە پوری مە سیحی چە ند کە رەت جە غدی ئە وە دە کات ، کە ئێمە ناتوانین خودا ناو بنێن یا ئادگاری دیاربکە ین ، چونکێ لە هە رشتیکی دی جیاوازە ، بێگومان دیارە ئێمە ئە و زاراوانە لە کاردێنین کە لە سە ر بنە مای تاقیکردنە وە ی تایبە تین ، هە روە ك وا دە بێ دە ڵێن ؛ خودا یانی خۆشە ویستی یاخود دادپە روە ری ، وە لێ ئە مانە تە نیا نزیك بوونە وە ی هە رە لاوازن لە پە یوە ندی لە گە ڵ بنە چە دا ، چونکێ سروشتی « باڵا » خوا لە هیچ شتێ ناکات کە دیومانە یا ناسیومانە .

ئێستە ، بابێن ئە م رێبازە لە پێزانە ی هونە ردا بە کاربێنین – هە روە ك دە ڵێن بابە تێکی دیارکراو مێزە کانن ، هە روە ها دە ڵێن هێندێك بابە ت هە ن بە رهە می هونە رین . واوێدە چێ لە دوتۆی ئە مە دا بلێین ؛ بە کردە یی تایبە تی هاوبە ش لە نێوان ئە م بابە تانە دا هە ن ، وایان کردووە لە یە کدی بچن . بە لای جوانزانییە وە پرسیارە کە ئە مە یە « چین ئەو ئادگارانە ی کە شتێك دە کە نە بە رهە می هونە ری ؟ »

وە لێ ئە وانە ی لە سە ر پە لپی چوارە م هە ڵدە دە نێ ، نکوڵی لە بوونی هە رتایبە تیە کی ئاوە هایی دە کە ن ، چونکێ کارە هونە رییە کان ، بە گوتە ی وان ، تاکوتە ران ، لە گە ڵ ئە وە ش ئە و رایە پشگیری لە و پە لپە یان ناکات ، چونکێ هە ر شتێك لە لایە نیکی دایارکراوە وە تاکوتە رایە . ئە م مێزە لە مێزە کانی دی دە چێ ، بۆیە لە تواناماندایە بیناسین و ئادگاری دیاربکە ین وە ك کە ئە مە مێزە ، لە گە ڵ ئە وە شدا ئە م مێزە تاکوتە رایە ، لە بە ر هیچ نە بێ چونکێ لە م ژورە دایە ، لە بازنە ی خرۆکییە کە یدا شێوە یە کی نامۆی هە ڵکە ندراو هە یە ، میراتە و خیزانە کە خۆیانی پێوە بادە دە ن . کە واتە هە ر شتێك لە لایە نیکی دیارکراو دا بێهاوتایە ، لە لایە نی تریشدا لە شتی تر دە چێت ، هە ر مرۆڤێك ئادگاری لە ش و دە رونی دیارکراوی خۆی هە یە ، بە لام ئە وە رێگە ی ئە وە مان لێناگرێت دان بە بوونی ئە و تایبە تییە هاوبە شانە بنێین کە لە نێوان هە مووان دا هە یە . تاکوتە رایی و بێهاوتایی شتێك لە چە ند لایە نیکی دیارکراودا نابێتە

چه په ر له نێوان ئێمه و ناسینه وه ی « زانینی » ئه و شته . ده شێ له بواری توژینه وه دا بوّمان ده رکه وێ که رووی جیاوازی نێوان به رهه مه هونه رییه کان له روولێکچوه کانیان گه لێك گرنگترن ، واش ده بێ ده بینین رووه لێکچوه کانی نێوان به رهه مه هونه ره یه کان پوچن ، ده شبێ ئه و ئادگاره هاوبه شانه راڤه ی ئه و بابه ی که له هونه ردا ده یدۆزینه وه نه که ن ، هه روه ك ئه و ئادگاره روکه شه ی که له وه و پێش خواستمانه وه بابی دوابه ر راڤه نه کات . جا گه روابێ ، چێتره وازبێنین و چیدی به گشتی باسی « هونه ر » نه که ین ، کاته که مان ته رخانی هونه ره تایبه تییه کان بکه ین – وه ك شیعرو موزیك و بیناسازی – هتد ، و به رهه می هونه ری تایبه تی . به لاّم چۆن گه ره کمانه بریارێکی ئاوایی بده ین ، جارێ هێشتا له رێگه ی تاقیکردنه وه ی به رهه می هونه ری و توژینه وه له تیۆره سه ره کیه کانی هونه ر به وردی له سروشتی هونه رمان نه کۆڵیوه ته وه ؟ به ده ربرینێکی تر تاکرێگه یێ که بتوانین لێوه ی بوونی رووه لێکچوه گرنگه کانی نێوان به رهه می هونه ری بدۆزینه وه لێکۆڵینه وه ی جوانزانییه . وادیاره په لّپی چواره م به ئاسانی ده رگا ده خاته سه رپشت ، چونکێ هه ر له سه ره تاوه رێگه ی لێکۆڵینه وه ده گرێت ، وه لێ چ به لگه یه ك بۆ ئه م هه لوێسته ی ناهێنێته وه ، ناش توانی ئه مه بکات تاوه کو ئێمه له لێکۆڵینه وه ده ستهه لّنه گرین ، گه ر وه ك ئه وه ش بلێین : ده سنیشانکردنی جارێ گرنگ له هونه ردا هه رگیز کاری نه کرده ، سه پاندنی ئه م رایه هه ر له ده سپێکه وه ، له که له ره قی به ولاوه شتێکی تر نییه .

له گه ل ئه مه شدا ئه م په لّپه سودی خۆی هه یه هه رچه نده که دابرێش نییه چونکێ پالّنه ره بۆ به یاد هێنانه وه ی هه بوونی جیاوازی نێوان به رهه می هونه ری ، ئه مه ش ده مان پارێزێ له خلیسکان بۆ جاردانی به په له ده رباره ی « هونه ر » له و کاته ی هێشتا ئێمه به رهه می هونه ری دیارکراومان به سه رنه کردۆته وه ، له هونه ردا پێویسته لێکدانه وه بۆ جۆری جیاوازی هۆیه کان بکه ین – وه ك وێژه ، وێنه کیشان ، سه ما و سینه ما ، هی تریش ، هه روه هاش جیاوازی چاخه کان « و – شێوازه کان » . ته نیا به م شێوه یه ده توانین رێژه یێ باوه ردار بین ، که ئێمه جیاوازییه زه قه کانی نێوان به رهه مه هونه ریه کانمان پشتگوێ نه خستوه و لێیان بێئاگا نه بوین ، ئه مه ش کارێکه ناتوانین لێی لاته ریك بین ، گه ر بمانه وێ باوه رمان له مه ر هونه ر ته واو ده گه ل خودی رووده ی هونه ر یه کبێته وه ، سه ره رای ئه وه گه ر ئێمه بشگه ینه هێندێ جاردان له باره ی هونه ر ، ده بێ له یادمان بێ که به رهه می هونه ری وه ك هه رشتێکی دیکه ، ئادگاری جیاوازی هه یه هه روه ك چۆن ئادگاری لێکچوی هه ن ، پێویسته نه هێلین ته م به ری چاومان بگرێت ، له به رهه می هونه ری ته نێ ئه و ئادگاره هاوبه شانه ی نێوانیان تێبخوێنینه وه و ببینین و ، ده رکی ئادگاره تایبه تییه کان نه که ین ، زیانی ئه م کاره له بواری به رچه شه بوونی هونه ری که متر نییه له وه ی له بواری دلّداریدایه .

---

شه شه م شه و

شه وی کریسمسه
گوێم له ده نگی
گالێسکه که ی
بابانۆئێله
له ناکاو خۆی کرد به ژورا
له باتی جه ژنانه
ووتی : ها ئه م ئازاره نوێیه
دیاری منه ،
تایبه ت به تۆیه !!

***

حه وته م شه وی

کریسمسه !
له کوردستان
له سایه ی دوو پارتی زلا
برسێتی باوه
ئه میان ده لێ
کاکه!
ئه وه ی تریان
ده لێ مامه م ناوه !!

***

...... شه و

شه وی کریسمسه
ته نیا بیره وه ریم
کچێکه ناوی Karina
چاوه کانی
هه نگوینه
قژی زه ردی زێرینه
وه لێ چیبکه م و سه ر بۆ کێ به رم
له و شاره گه وره
ئه ویشم
لێ
و
نه !!

* * * *

ئە نوە ری رە شی عە وڵا

# داشقــــــە !

«دە بوو نـان بۆمرۆڤ بێتە سـە رچۆك ؛ نە ك مرۆ... ......»

لە مە لابانگدانەوە بە م کارە یەوە دە جە رێ ، هە ر بە و کۆڵانانە ی وە کو ماری سر پبوو خۆیان پێچاوە ملی رێ دە گرێ .

دە گاتە شارو یە کسە ر مە یدانی سە وزە فرۆشە کان هاتم .

قوتدان و هاتنە دە رەوە ی لە بازارە کە دا هێندە ی ناوێ . . . بە خۆیی و داشقە شە ق و شرپ سە وزە و میوە جاتەوە دێتە سە رشە قام .

دوای تە ی کردنی هە ناوی کۆڵانە کان ، لەو جێیە دا دە گیرسێتەوە کە شارەوانی بـۆی داناون ، دە نا جوڵە یە ك بکات داشقە کە ی دە گرن و پۆلیس بە دە ردی عە رە بانە کـە ی کابرای کە وکە وفرۆش بۆی دە شکێنن .

مامە قالە بە ر لە رۆیشتنە وە ی پیشە ی ئێوارانێتی پشتی ملی داشـقە کـە ی دە گرێ و بە رەو بازاڕی سە وزە فرۆشە کان دە کە وێتە وە رێ ، عە رە بـــانە کـە ی بـە زنجیـر بە عە مودێکە وە دە بە ستێتە وە .

دە چێتە وە بە رەو ئە و وێرانە یە ی ئۆردگای « گردە چاڵی » پێدە ڵێن . . .

کێ دە توانی سە جە رە ی بخوێنێتە وە . . . . ؟

هە ر ماڵە ی لە بنارو دە شت و سارایە کە وە بە توێژی خزێندراوە تە ئێرە ، هە موو خــە ڵکی ئە م خاکە سارییە خۆشی نە دیدە ، یە ك ناسنامە یان هە یە . . . یە ك غە می خـۆڵە مێشیش بە یە کیانە وە کۆدە کاتە وە ، ماڵ وێرانی . . غوربە ت . . . ئـــاوارە یی . . . برسێتی و رووت و رە جاڵی و بێزاری و ، سك . . . . .

ئە م خە ڵکە بونە تە فە رهە نگی غە م و کلۆلی !

ئە وە ی بووە ش بوبێت رووی کردۆتە شارستان .

هە موو مامە قالە ئاسا سیخناخ بووی ژێـر یە ك تاوڵە و دە واری رە شتاڵە ی گـە ورە و گرانی بە ڵاو نە هامە تی و دە ردە ســە رین .

رە شماڵە کە ی جاران نە بێت ئـــــارامی و ئە شئە ی دە دا بە گیان .

هۆبە بە هۆبە لای هە وارگە یە ك لایان دە دا دڵ بیگرتایە و لە ناویدا زە ردە خە نە چرۆی بکردایە .

وە لی رە شماڵە کانی ئێرە رە شمارن . . .

دە رزی ئاژنی رۆحن و بە لە قە و زۆرە ملێ ئە ستوندە کی لێدراوە .

دە ستێك دێت و سنوری ئۆردگا کـــە شیان پێدە برێ و لە گە ڵ کرێکارانی شـــاردا بـــە یە کیان ئاشنا دە کات .

لە وێوە لە غە م و حە سرە ت و دادا و فیغانی رۆژانە و هە مە ساتە ی یە کدی دە پرسن ؛ ئە و دە ستە ش « نانە » .

بـــە رکە ماڵ گریـّـی دڵ بـــۆ یـــە کدی دە کە نە وە . . . . . ؛

« ئێوە لە دێیـە کـــە ی جارانی خۆتـــان سە پانـیـــتـان . . . . . ؟ »

ئە مانیش دوان و سێیان بێت تاك تاك روی دە میان تێدە کە ن . . . . .

« ئێوە ئە م خانووە بە رزانە تان . . . . ؟ »

« ئێستە چۆنە و هە قتان نـــــا . . . . ؟ »

ئێمە شارە زای شارستان نین و کـــــە چی کۆمە ڵێکمان گە وییونە تە بە غداو بە سرە ش !

نـــــان لـــــە گـــــە روی . . . . . !؟

هە موو رێگا راست و پێچاوپێچە کـــــان دە گە نە وە یە ك دووریان . . .

« هە موو مازووکە ری کوندە کۆشین ! »

ئە و جێیە بووە تە دە مە زە رد کردنـــــە وە ی شتە رابردووە کان .

هە م خۆناساندنێکە بە یە کتری ، تـــــە رزە سوکناییە کیشە .

حەواڵنامەی کتێب

کریکارەکان شارەزاو بەلەدترن . . . سەریان لە زۆرشت دەردەچێ. ڕێنماییان دەکەن . . . . چاوساغیانن . . . . فروفێڵ و پەلپی خاوەنکاریشان بۆ دەخەنەڕوو ! سروشتی قسەوباس و خواستیان سروشتی ئەو شوێنەو گوزەرانیانە .

هەر لە بەتاڵی بێشومار. فڕینی کرێی ماشێن بێئاو وکارەبایی ئۆردگا وگەڕەك . گرانی شتومەك و خۆراك و خانوو ، نە خۆشی دەروون و عیلەتەکانی تر .

سەگبابێ ڕژێم وبەلێندەرو خاوەنکار تا دەگاتە . . . .

« ئاخۆ کەی دەگەڕێنەوە . . . ؟ »

تۆبلێی پاشەڕۆژ هەموو شت بۆ خۆمان بێت ، سەگی ڕەش بڕوات سەگی سپی بێت . . . ؟ »

دەبینین مرۆڤ لەسەر چۆکە بۆ نان ، نەك نان . . . .

ئەم نارەزایی و ناشکوریانە بونەتە گرەوی ڕۆژگار.

لەنێوان کێشمەکێشی جەمسەرە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکاندایە .

بەریەك بکەون چی ڕوودەدات . . . . ؟

– نان و مرۆڤ تەبا دەبن !

داشقەکەی مامەقالەش لەگەڕان دەکەوێ ، گەر نەشوەستێ بابە نۆئیلی جیهانەو ئۆخەی دەبەخشێتەوە بەسەر ماڵانا .

« ئـــــای . . . . . »

لەو منالانەی چلورەو نانیهەورامی و گوڵە بەڕۆژەو پاکەت و ئاوفرۆشن و بۆیاخچێتی دەکەن چەندەتامی ئەو ئۆخەیە دەکەن !؟

مامەقالەی ریش چەرموو لەنێو چنگی حەشاماتەکەدایە . . . ئاوی پێی داهاتووە ، ئاسمانی شاریش بووەتە زەرەبین و دەلێی بەئەنقەست پەنگرو پشکۆکانی خۆرەتاوی لەسەر پشتی ملی ئەو گرد کردۆتەوە . ئارامی لەبەرهەڵگیراوە لە بێپەنایی و ماندوێتیدا تف لەناوچەوانی ئەو هەتاوو ئاسمانە ملۆزماویەش دەکات !

– دەبێ ئەدیبە ڕۆمانسیە رۆح سڕبووەکان چۆنی بۆ ڕاڤەبکەن . . . . ؟ ئەمەلە مامەقالەی خۆشی نەدیوو قبوڵ دەکەن . . . ؟ بەفیزیکەوە نابێژن . . . « قالەگەلحۆیەو لەمانای خۆر تێناگا ؟ »

لەوکاتەدا سەوزەکانیش وەکو دەموچاوە چرچ ولۆچ بووەکەی سیس و دەم و سمێڵە گەورە زەردبووەکەی بەلوکەلی جگەرە زەرد هەڵگەڕاون . تەماتەکانیش وەکوورگی بڵ و بەچەشنی جەستەی هێز لێبڕاوی تەپیون . تروزیەکانیش دەلێی چاویان لەپشتە کۆماوەکەی کردووە بۆیە هەموویان چەمیونەتەوە . گیانی شەلاڵی ئارەق و بەرگەکەی بۆتە چەرم .

هێندە داشقەی شەق و شڕی گێڕاوە خۆیشی شەق و شڕ بووە . خەریکە جومگەکانی شانی لەیەك دەترازێن .

لاقەکانیشی دووکۆڵەکەی لەرزۆکی باڵەخانەن و لەشەکفت و دارزاوەکەی مامەقالەی باڵابەرزیان لەنەڕەی شانیان ناوە !

لەگۆڕەپانی بازاڕدا یەك وردبوونەوەو تێڕامان هەیە.

فرۆشیارە دەستگیرەکان بە ڕەنگ هەڵبزرکاوییەوە چاویان بڕیوەتە دەستەکانی ناوگیرفان . بگرەو بەردەو هەلاهەلای خەلکیش دەلێی هێرشی ڕەشبگیرانەی شارە زەردەواڵەن بۆ هەنجیرە شیرینەکان .

میوەی جوان و ئاودار ، سەوزەی تەڕو تازە لەکوێ بێت ، بێیە کوهوو هێرشەکە بۆ ئەوێیە .

لەو گۆڕەپانەدا ؛ گەر چاوی فرۆشیارو دەستی کڕیار بەیەك بگەن چەنان قالە لەو دەمەو ئێوارەیەدا ئاهێکیان پێدا دێت . بەلام هەیهات ئەو ئێوارە وەختەیەش ئەمەببێت برینەکانی مامەقالە سارێژنابن و لەپەسا خوێنیان لێدەتکێ .

ئەو ئێوارەیە خۆر لەماسییەکی پولەکە ئاڵتونی دەکرد کەلەناو دەریایەکی بە خوێن سوور بووی زەردەپەڕدا لەنگەری گرتبێت .

ئەم جوانییە پڕ لەغوربەت و سیحراویەش وەکو هەموو جوانیەکانی دی چەند گەلایەکی هەتیوکەوتون و قەدەرێکی دی گێژەلوکەی شەو دەیانوەرێنێ .

مامەقالەی هەناو براوو غەریبیش رۆحیانەتی ماسییەکەیەو لەگەردەلولی بێبازاڕیدا هێندەی نەماوە پۆلەکەلای خەونەسەوزو جوانەکانی بوەرن .

مامەقالە هەناسەی بۆئەوە هەڵدەکێشاو شاگەشکە دەبوو ، خۆی سەوزات بوایە دەیزانی خۆی دەکرد بەچ کونج و ماڵ و دەڤەرێکدا ، چەند نێرگزەجاڕی چاوی ماندوی دەگەشاندەوە ، چەند زارۆڵەو مێرمنداڵی لەبرساگریاوی دەهێنایە پێکەنین.

مامەقالە سەوزە بوایە ؛ بیابانی هەموو دڵ و خاکەسارێکی دەکردە زۆزان .

ئیدی پێویستی بەداشقە نەبوو ، شەقام بەشەقام و کۆڵان بەکۆڵان بەبەردەمی هەموو کەسێکدا بیگێڕێ و روویان زەرد بکات .

بەمەنەدەنگی خاوەنەکەی دەنوساو . نەهاوارو گەرو دەرهاتنەکەشی قالەی لەخەوی سەوز رادەچلەکاند ، خۆیشی

به سه روه تی هه موو دنیا نه ده گۆڕییه وه !
سامانی ئه و ته نیا که ده پرکردن و خۆشنودی خه ڵك بوو !

مامه قاله ی بێگه ردو رۆح پــه پوله که ده ی به پایته خت و ئه ندام و خانه کانیشی به شارو گوندو ماڵ و کوچه ی له ش ده زانی . هــه ر به و گیانه شه وه پایته ختی پــــر ده کرد له هه واڵ و خۆراکی مزرو ترش و شیرین . . . تاخانه کان له سه ره مه رگ نزیك نه که ونه وه لای وابوو برسێتی ره گی هاری پێوه یه و له سه ر دارتێل و ئه شکه وتی هــزرو هۆشدا پاسارییه کان جێیان لێژ ده بێ و شه مشه مه و په پۆو واشه ده نیشنه وه .

ئه مێستا قاله ده بینی سه وزه نییه و ئــه و ئاهو خۆزگانه سه راب و خه یاڵ بوون !!
به لکه زیوانێکه له گۆڕستانی داشقه که یدا به دیار چه ندان ته رمی سه وزه وه داماوه له خۆی ده پرسێ :
« هه واڵی ئه م ته رمانه بۆ کوێ به رم . . ؟!»
کوانوی چاوه روانی ساردوسڕی وردیله کانم چۆن به ته رم و هه واڵی ته زێنه ر کـــه رم ده بنه وه . . . . چـــــۆن . . . . ؟ ؟

؟

تێبینی : ئازیز مرده یی چۆن گه لێك ئه سته مه بۆ ئینسان ، کۆستی ئه ده بیش هه ر ئێشێکی ئاوهای هه یه بۆ رۆح . . . ئــه مێستا من ئه و کۆست که وتوه م .

٢٧ چیرۆکم کومناوبوون تـــیاچون ،

چۆن چۆنی . . ؟ داستانه که ی دوورودرێژه ئه وه نه بێت دووهـــاورێـــی خۆشه ویستم ( کاك پشتیوان و کاك کوێستان ) کـــه له هۆڵه ندا گیرساونه ته وه ، ئه م چیرۆکه ی به رده ستی ئێوه یان لای خۆیـــــان پاراستبوو . . جا تکاخوازم هه ر دۆستێك هه ر به ره هه مێکی منی لاچنگ ده که وێت که چیرۆك بێت به ناونیشانی „کۆڤـــاری دلانـــــپاره‌دا بۆمی بنێرێته وه ، کـــه لێك ستایش و نه وازشی ده که م ، نـــــاوی هێندێکیانم له بیرماوه ( ماچی عــه شـقـه نه مردووه کان – ده سته به ره ی ئازارێکی بێکه نار – مه رگــه سات ئێشی زۆره – قه باعه ت – جاڵجاڵۆکه کان – به نـــاوی « ب . سۆلین » وه ئیمزاکراون ، لــه گه ڵ خۆشه ویستیما !

دیسانه وه سوپاس
ئه نـوه ری ره شی عــه وڵا

---

مناڵه ئازیزو خۆشه ویسته کان !

ساڵی نوێتان پیرۆز !

ئاواته خوازین ساڵی نوێتان رۆژگارێکی پــڕ له شادی و کامه رانی بێ .
ئازیزان ! ئه م ژماره یه دوا ژماره ی ئــه م ساڵه ، لــه گه ڵ ئه وه ی که لیژنه ی سه رپه رشتی و بڵاوکردنه وه وای بریار بوو کــه ئیدی گۆشه ی تایبه ت به ئێوه رابگرێت ، به هیوایه وه له ساڵی نوێ وه به شێوه یه کی سه ربه خۆ له نامیلکه ی تایبه تیدا چیرۆك و بابه تی تــایبه ت بــه ئــێــوه ی خۆشه ویست بڵاوبکرێته وه .
له گه ڵ ئه وه شدا دڵمان به رایی نه دا بـه بێ دیاری ماڵئاوایتان لێبکه ین ، داوه رن بـه یــه که وه ئه م هونراوه یه بخوێنینه وه :

# فێرگه ی جوان

به یانی سه ر له زوو
ده ست ده کا به هاتوچوو
میترۆ ، میترۆ ، میترۆیه
خێرایه زۆر خۆشرۆیه
له میترۆ هه تا پاسه
ده رۆین هه ر به پیاسه
یه ك و دوو ، سێیه م وێستگه
ده گه ینه به رده م فــێرگه
ده چینه لای ماموستا
ده ڵێن به یانییاش ئه ی هێژا
فێرگه مان زۆر جوانه
پــڕ له یاری مناڵانه
حندرحۆ و جــۆلانێ
خشخۆکه و دیلانێ
که گه ڕاینه وه کوردستان
دروست ده که ین فێرگه ی
جوان
بۆخوشکان و برایان ، پربێ
له یاری جوان ، حند رحۆو
جۆلانێ ، خشخۆکه و دیلانێ

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket/Kurdish Library
Stockholm/Sweden

# چرپە !

نەخێر من لە بیرم نەچووە !

هێشتا منالْ بووم ،سەرکردەکانی دامودەزگای حکومەتی نیشتمانی ! کەهەر لەخەلاتی ئۆتۆنۆمی عوتورلی ئەندازیار نەبوونە ، بگرە لە حەپس کردنو کۆنترۆلکردنی کەر ، جاشکۆکەو ولاغی بەرزەش حەکەمێکی بێهاوتابوونە ، خەلکی ناوچەکانی خوارووی باشوری کودستان یش چاکیان لەبیرە هەتا ئەو نەخشە قەشەنگەی رژێم نەهاتبووە ئاراوە ، رۆژانە بەپشتی ولاغەکانیان بە قەرتالە میوەو بەبار بەرهەمەکانیان دەگەیاندە شارو لەم سەریشەوە کە دەگەرانەوە ، ئازوقەی رۆژانەی ژیانی خێزانەکانیان لێ باردەکردن بەرەو گوندەکانیان دەبوونەوە .

بەلام پیاوماقولانی ئەوێ رۆژێ و ئەمرۆی ولات ، میری نیشتمانی یان ! لەوە ئاگادارکردبوەوە : کورِی بابم چی تێدایە ؟ هەمو کەس هەولدەدات ! بۆخۆی کاسبی بکات کاسبی ! پارەو پول پێکەوە بنێ ، ئەگەر حکومەت ولاغەکانی کوردستان کۆنترۆل بکات ، لەهاتنو چونە دەرەوەی شاردا ، ئەوە ئەو کەسانەی لەشاخەکاندا یاخی بوونە بەرباد دەبن ! ؟ ئەوەبوو رۆژانە دەیان کەرو ولاغ دەگیرانو چەتەولەکان بەرەو حەپسخانەیان دەبردن ، ببورن بۆ تەویلەی بەرچاوی موتەسەریفیان رادەپێچان ، بە جۆرێك وای لێهاتبوو ، بازاری تەویلەی جامبازەکان کەوتبوە کزی ، ناچار تێکرا سکالانامەیەکیان بۆ حکومەت رەش کردەوە ، بەلکو لەکاتی زیندانی کردنی ولاغی خەلك سود لەتەویلەکانیان وەربگرن !

ئەو دەمەش کە خەلك ولاغی دەگیرا ، دەبوو رۆژانە خۆی ئالیك بۆ ولاغەکەی بەکۆلێ دابداو بچێ لەبەردەمی زیندان نۆبەتی ئالیکدانی ولاغەکەی بگرێ ، ئەمجارەش ببورن مۆلەتی چوونەلای ولاغەکەی بەرکەوێ .

بەلێ سەوداسەری ئەوێ رۆژێی خەلكو گەمەی ئەمرۆی سیاسەت بازی بارکراوی سەرپشتی هەمان خەلك کە گوایە خەبات بۆ رزگارکردنیان دەکرێت ، راستو رەوان تێك دەکەنەوە ، جلۆ بۆئەوەی پەیڤەکانمان لەدەسرازەی بیرەکەی خۆیان نەترازێن ، واباشە لێرەوە ئاگامان لەخۆمان بێت !

ئەو بەیانییە لەمالەوەمان چەقۆیەکی کول هەبوو ، بەدەستەوەم گرتبوو ،لەم خەوەدا بە پانایی شەقامەکانی شارەکەی خۆماندا بەرەو لای کۆلانی چەقۆفرۆشان هەلدەکشام ، ماوەیەکیش بوو لەبیری ئەوەدابووم . گەر ئەمجارە پارەیەکم بێتەدەست ، منیش مەکینەیەکی چەقۆتیژکردنەوە دەکرم ، بۆ ئەوەی ئێمەش بۆخۆمان ئەو شتانە دەمزەردکەینەوە ،بەلام چی بکەم ، ئەمشەو خەونم پێوە دیت و دەبێ بیگێرمەوە .

دیتم کابرایەکی ورگن بەخۆیو دەمانچەیەکی رووت زۆر بەتورەیی رووبەرووم دێت ، لەشێوەی هەوری بەهاران بەسەر خەلکی شاردا دەیقیژاند ! ببورن بەسەرمندا دەی نەراند !! وەرن ! . . . وەرە ! . . . . . وەرە باپێکەوە باسی دیموکراتییەت بکەین . بزانین کاممان چاکتر لە دیمکراتییەت گەیشتوین ، من یاخود ئێوە . . . . یان تۆ !؟

کاکە باس



# DLANPAR
- Cultural magazine publish In Sorany (south-kurdish)

BY- Kurdistan National Peace & Solidarity Committee

Editoral board - R.Mamash. R.Muhedin. A.Mustafa. H.Akram.

Address - KNPSC. P.O.BOX 533 . 00101 HELSINKI . FINLAND
Bank No- PSP-800024-12855719 Helsinki.Finland

1.Cover - Foto 0f Layla Zana, Kurdish MP arrested in Turky.
2. Cover- Layla Casim . hanged in 9174 by the Iraqi regime . The tow bronzo colorato ( Suonatori di Flauto . Solidaritá - 1991 ) by Fuaad Ali